سبەی دانیشتنی ئاسایی پەرلەمانی کوردستان ئەنجامدەدرێت

خەبات کارنامەی دانیشتنی خولی بەهارەی ساڵی یەکەم بڵاودەکاتەوە

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

خەبات

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە

ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5704) پێنج شەممە 28ی شوبات 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار



سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان لە بانگهێشتنامەیەکدا داوا لە پەرلەمانتارانی کوردستان دەکات کە سبەی هەینی 2019/3/1 لە باڵەخانەی پەرلەمانی کوردستان ئاماده بن بۆ دانیشتنی ژمارە 1ی ئاسایی ساڵی یەکەم لە خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان، ئەمەش دوای ئەوە دێت کە ڕۆژی سێشەمەی ڕابردوو پەرلەمانی کوردستان کۆبوونەوەیەکی نائاسایی ئەنجامدا و لێژنەی یاسایی پەرلەمانی پێکهێنا.

لە بەشێکی بانگهێشتنامەکەی پەرلەمانی کوردستان، هاتووە، بەپێی حوکمی بڕگەی سێیەمی ماددە 18 لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان-عێراق، بڕیارماندا بانگهێشتی گشت ئەندامە بەڕێزەکانی پەرلەمان بکەین بۆ دانیشتنی ژمارە 1ی ئاسایی، ساڵی یەکەم لە خولی هەڵبژاردنی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان- عێراق، لە کاتژمێر 10ی بەیانی ڕۆژی هەینی ڕێککەوتی 2019/3/1دا، تکایە لە کاتی دیاریکراودا ئاماده بن.

سەبارەت بە کارنامەی دانیشتنەکە چاوەڕوانکراوەکەی ڕۆژی هەینی، مالپەڕی پەرلەمانی کوردستان کارنامەکەی بڵاوکردەوە، کە بەپێی حوکمی بڕگەی یەکەم لە ماددە 7 بڕگە یەکەم و دووەم و سێیەم لە ماددەی 16 و بڕگەی سێیەم لە ماددەی 18 و ماددەکانی 47 و 48 لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان-عێراق، دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە 1ی ئاسایی خولی بەهارەی ساڵی یەکەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کات 10ی بەیانیی ڕۆژی هەینی ڕێککەوتی 2019/3/1 بەمشێوەیە بێت: یەکەم: یەک دەقیقە بێدەنگ وەستان بۆ ڕێزلێنان لە گیانی شەهیدانی کوردستان و عێراق لەگەڵ مارشی نەتەوەیی. دووەم: کردنەوەی خولی بەهارەی ساڵی یەکەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردن لە لایەن سەرۆکی پەرلەمان بەپێی حوکمی بڕگەی سێیەم لە ماددە 18ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان. سێیەم: وتاری سەرۆکی پەرلەمان بە بۆنەی کردنەوەی خولی بەهارەی ساڵی یەکەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان- عێراق.

د.ڕۆژ نوری شاوەیس: کاتی ئەوە هاتووە شاندی یەکێتی سەردانی ئێمە بکات



پارتی هەموو لەمپەرەکان لەبەردەم پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتدا لادەدات

دکتۆر ڕۆژ نووری شاوەیس، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، کە کاتی ئەوە هاتووە شاندی باڵای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان سەردانی پارتی بکات.

د. ڕۆژ نوری شاوەیس، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەنووسان، لەنێویشیاندا پەیامنێری خەبات ئاماده‌بوو، ڕایگەیاند: یەکێتی خۆی داوای کۆبوونەوەی کرد، بەڵام بەهۆی ئەوەی بەشێک لە هەڤاڵانمان لێرە نەبوون، داوای کاتێکی دیکەمان بۆ کۆبوونەوەکە کرد.

بۆ ئەو هەڤاڵەی یەکێتی و هاوبیرەکانی...!

هەرگیز لەوە شووره‌ییتر نییە تۆ لە ڕۆژنامەیەکی کوردی، پڕۆژەیەکی سیاسی و نەتەوەیی و دیموکراسی وەک ریفراندۆمی گەلێکی ستەمدیدە و تینوو بۆ ئازادی و جیابوونەوە لە عێراقێکی ستەمکار، بە سیناریۆ بزانیت!

بەڕێسی لقی پارتی لە بەغدا: بەمزووانە زۆربەی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا چارەسەر دەکرێن



بابەکر زێباری: بەبێ پێشمەرگە ناوچە کوردستانییەکان سەقامگیر نابن



گرژیی نێوان هیندستان و پاکستان پێینایە قۆناغێکی نوێوە



بە ڕاوێژ لەگەڵ سەرجەم فراکسیۆنەکان چاکسازی لەناو پەرلەمانی کوردستان دەستی پێکرد

هێمن هەورامی: ڕێگا نادەین لە بودجەی گشتی هاوکاریی بێ بنەما بە بیانووی جۆراوجۆر بۆ پەرلەمانتار خەرج بکرێت





دیلۆیت پێنجەمین ڕاپۆرتی سەبارەت بە وردبینیی کەرتی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان بڵاوکردەوە

لە چوارچێوەی پڕۆژەی وردبینی سەربەخۆی کەرتی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان، ڕاپۆرتی پێنجەمی وردبینی و پشتڕاستکردنەوەی زانیارییەکان لە لایەن کۆمپانیای جیهانی دیلۆیت بۆ وردبینی و ڕاوێژکاری تایبەت بە داتا و زانیاریی نوێ دەربارەی هەناردەکردن، بەکاربردن و خەرجی و داهاتەکانی نەوت لە 1ی تەمموزی 2018 تا 30ی ئەیلولی 2018 بڵاوکرایەوە.

ئەنجوومەنی هەرێمی بۆ کاروباری نەوت و گاز بەردەوام دەبێت لەسەر کارکردن بۆ بڕەودان و دەوڵەمەندکردنی ڕاپۆرتەکانی وردبینی و پێداچوونەوە بە پشتبەستن بە سەرنج و فیدباکی لایەنە پەیوەندیدارەکان لەناویشیاندا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، حکوومەتی هەرێمی کوردستان دووپاتی پابەندبوونی خۆی دەکاتەوە لە بەرامبەر هاوواڵاتییانی هەرێمی کوردستان کە هەردوو گەورە کۆمپانیای جیهانی (Deloitte) و (Ernst & Young) بەردەوام دەبن لەسەر وردبینی و پێداچوونەوەی سەربەخۆ بۆ سێکتەری نەوت و گاز بە هەموو پرۆسە و بەشەکانییەوە. لە ڕێگەی ئەم لینکەی مالپەڕی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە دەقی ڕاپۆرتەکە بخوێنەوە:

http://cabinet.gov.kr)

فازڵ میرانی پێشوازیی لە کونسوڵی گشتیی تورکیا کرد

فازڵ میرانی: پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و تورکیا سەرکەوتوو بووە

کونسوڵی تورکیا: هیوادارین پەیوەندییەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستان زیاتر پەرەبسەنێت



فازڵ میرانی، سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان، دوێنێ چوارشەممە 2019/2/27 پێشوازیی لە هاکان کاراچای، کونسوڵی گشتیی تورکیا لە هەولێر کرد. لە دانیشتنێکدا کە زەعیم عەلی، مەحمود محەمەد، جەعفەر ئیبراهیم، ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی پارتی ئامادەی بووون. فازڵ میرانی، سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی، وێڕای بەخێرهاتنی میوانان، هاوکات پوختەیەکیشی لەسەر ڕەوشی ئەمڕۆی کوردستان و عێراقی خستەڕوو و ئاماژەی بە هەنگاوەکانی هێزە سیاسییەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان دا بۆ پێکهێنانی حکوومەتی کوردستان و تورکیا پەیوەندی و سەرکەوتوو بووە لە خزمەتی هاوواڵتییانی کوردستان و تورکیا و خۆشگوزەرانیان، هەروەها لەم دیدارەدا باس لە بابەتە هاوبەشەکان کرا. لە لای خۆیەوە کونسوڵی گشتیی تورکیا لە هەولێر، هاکان کاراچای سوپاسی مەکتەبی سیاسیی پارتی کرد بۆ ڕەخساندنی ئەم دیدارە و ئاماژەی بەوەشدا کە دەرگای سەرکردایەتیی سیاسیی پارتی والآیە بۆ ئەنجامدانی دیاردەکان، هەروەها هیوای خواست کە پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و تورکیا هەرێمی کوردستان و تورکیا لە گەشەسەندا بێت بۆ خزمەتکردنی زیاتری هاوواڵتیانی هەرێمی کوردستان و تورکیا.

یەکێتی پێشوازیی لە پەیامەکەی سەرۆک بارزانی کردووە



بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان لەنێو پەرلەمانی کوردستانەوە بە ڕۆژنامەنووسانی ڕاگەیاند: هەرچەندە یەکێتی پێشوازی لە پەیامەکەی سەرۆک بارزانی کردووە و ئامادەیی بۆ کۆبوونەوە نیشاندواوە، بەڵام هێشتا هەڵوێستی حزبەکە لەسەر کەرکووک ڕوون نییە. هۆشیار سیوەیلی ئاماژەی بەوەشکرد: یەکێتی پێشوازی لە پەیامەکەی سەرۆک بارزانی کردووە و لە وەڵامەکەی خۆیدا کۆسپەت ڕەسوڵ کە بۆ سەرۆک بارزانی ناردووە، ئامادەییان دەرپڕیوە لە هەر کۆبێەک پارتی بییەوێت، ئەوان دادەنیشن.

لەبارەی کاندیدکردنی کەسێک بۆ پۆستی پارێزگاری کەرکووک، سیوەیلی ڕایگەیاند: یەکێتی لەوانەیە باسی چوار کاندیدیان کردبێت، لە دوا قسەیاندا هاتنەوە و باسی ناوێکیان کرد. هێشتا هەڵوێستی یەکێتی لەمەڕ کێشەکەی کەرکووک ڕوون نییە. دووپاتیشی کردەوە: ناکرێ کەسێک یان کەسانێک کە لە خیانەتی 16ی کتۆبەر بەرپرسیار بووبن، ناکرێ بچنەوە کەرکووک و کاربەدەست بن. هەروەها ناکرێ کەرکووک کە لە لایەن حەشد داگیر کرابێت و ئیدارەی فیعلی لە دەست حەشد بێت، تۆ پارێزگارێکی کورد بۆ کەرکووک دابنێیت.

هۆشیار سیوەیلی: ناکرێت بەشداربووانی 16ی ئۆکتۆبەر ببنە کاربەدەستی کەرکووک

بەمزووانە زۆربەی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا چارەسەر دەکرێن

بەرپرسی لقی پارتی لە بەغدا: پارتی لەسەر بنەمای پاراستنی دەستکەوتەکانی کوردستان لەگەڵ لایەنە عێراقییەکان دانوستان دەکات



بەرپرسی لقی 5ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەغدا ڕایدەگەیەنێت کە پارتی دەمێکە پلانی هەیە بۆ ئەوەی کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا بەشێوەیەکی یاسایی و دەستووری چارەسەر بکرێت، هەروەها گوتیشی: پارتی هەموو هەوڵێکی خستووەتەگەڕ بۆ ئەوەی مافەکانی خەڵکی کوردستان بەدەست بهێنێت.

شوان محەمەد تەها، بەرپرسی لقی پێنجی پارتی لە بەغدا سەبارەت بە هەوڵی پارتی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا لە لێدوانێکیدا بۆ مالپەڕی پارتی ڕایگەیاندووە: پارتی دەمێکە پلانی هەیە کێشەکانی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی دروست و یاسایی و بەپێی دەستوور لەگەڵ بەغدا چارەسەر بکات، گوتیشیەتی: پارتی لەسەر دوو خاڵ کار دەکات، یەکەم دەستکەوتەکانی هەرێمی کوردستان بپارێزێت، دووەم پارتی هەموو هەوڵێکی خستووەتەگەڕ بۆ ئەوەی مافەکانی خەڵکی کوردستان بەدەست بێنێت، ئەوە سیاسەت و پلانی ڕوونی پارتیمانە و هەر لەسەر ئەو بنەمایەش دانوستان لەگەڵ تەواوی هێز و لایەنە عێراقییەکان بەردەوامە.

هەروەها بەرپرسی لقی بەغدا، گوتیشی: کێشەی هەڵواسراوەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا زۆرن، بەڵام بەپێی پلانی پارتی بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە، پێشبینی دەکەین لە مانگی داهاتوودا زۆربەی ئەو کێشانە یەکلا بکرێنەوە و چارەسەر بکرێن.

جێی ئاماژەیە، دوای سەردانی سەرۆک بارزانی بۆ بەغدا و کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی ئێستای عێراق، هەنگاوی جیددی نراون بە ئاڕاستەی چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان و هەرێم بەغدا.

بەڕلین..پارتی دیموکراتی کوردستان و شاندێکی پاک کۆبوونەوە

ڕەوشی سیاسیی کوردستان و گرنگیی پێکهێنانی حکوومەت تاوتوێکران

ساسان دەروێش- ئەڵمانیا

شاندێکی پارتی نازادیی کوردستان-ڕۆژهەڵات بە سەرۆکایەتیی ئەفشار ئەقدەسی بەرپرسی نوێنەرایەتیی ئەوروپای پارتی ئازادیی کوردستانژیاک بە یاوەری بێژەن بەرپرسی کۆمیتەی ئەڵمانیا و شاندی یاوەری، سەردانی لقی شەشی ئەوروپای پارتی دیموکراتی کوردستانیان لە شاری بەرلین کرد و لە لایەن هەڤاڵ فەوزی ئەسعەد بەرپرسی لقی 6ی ئەوروپا پێشوازی لێکرا.

لە دانیشتنێکدا کە بەهجەت مەسیفی ئەندامی لق و سیپان ئامێدی بەرپرسی ڕێکخراوی بەرلین و سروە عارف بەرپرسی ڕێکخراوی ئافرەتانی ڕۆژهەڵاتی ئەڵمانیا بەشداری دانیشتنەکە بوون، لە گفتوگۆیەکی چڕوپڕ سەبارەت بە ڕەوشی ئەمڕۆی کوردستان و ناوچەکە بەتایبەتی پێگەی کورد لە هاوکێشە نێودەوڵەتییەکان و بەرەوپێشچوونی دۆزی ڕەوای گەلی کورد و هەنگاوەکانی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان تاوتوێکران. لە میانەی گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوە، جەختیان لە تەبایی و یەکڕیزی گەلی کورد و ڕێزگرتن لە دۆستایەتی و پەیوەندی زیاتری یەکتر کردەوە، هاوکات شاندی ناوبراو خۆشحاڵی خۆیان بۆ ئەو پێشوازییە و گفتوگۆگیانەی نێوان دەربڕی.

نەدا مێرگەسۆری: ڕێککەوتنی پارتی و گۆڕان لە کاتی خۆیدا ئەنجامدرا

پارتی لە پێناو سەقامگیریی کوردستان ئامادەی ڕێککەوتنە لەگەڵ لایەنە سیاسییەکاندا



دوای ڕێککەوتنی پارتی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێم، پرۆسەی سیاسی بەرەو سەقامگیری هەنگاو دەنێت و هەردوولاش کار بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکە دەکەن، هاوکات ئەندامێکی پێشووی پەرلەمانی عێراقیش ڕایدەگەیەنێت: ڕەوشی هەرێمی کوردستان چیتر بەرگەی قەیرانی سیاسی ناگرێت و پێویستە لایەنە سیاسییەکان بگەنە ڕێککەوتن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و بەڕێوەبردنی هەرێمی کوردستان.

نەدا مێرگەسۆری، پەرلەمانتاری پێشووی پارتی لە بەغدا بۆ مالپەڕی پارتی لەمبارەیەوە، گوتی: ڕەوشی هەرێمی کوردستان چیتر بەرگەی قەیرانی سیاسی ناگرێت و پێویستە لایەنە سیاسییەکان بگەنە ڕێککەوتن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و بەڕێوەبردنی هەرێمی کوردستان، ڕێککەوتنی نێوان هەموو لایەنە سیاسییەکاندا، ئێستاش سەرەتای قۆناغێکی نوێ دەستپێکردووە، بزووتنەوەی گۆڕانیش دوای تێپەڕاندنی قۆناغی ئۆپۆزسیۆنبوون دەیەوێ بەشدار بێت لە حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا، بێگومان ئێمەیش وەک پارتی بە پارتی و گۆڕانیش لە کاتی خۆیدا ئەنجامدرا و قۆناغەکە ئەوە دەخوازێت بگەنە ڕێککەوتن، ئەگەر بمانەوێ ڕەوشی هەرێمی کوردستان بەرەو پێشتر بەرین، دەبێت ڕێککەوتنی دیکەش بکرێت لە نێوان هەموو لایەنە هێزێکی گرنگی دەزانین.

نەدا مێرگەسۆری سەبارەت بە پلانی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ دوای حکوومەتی داهاتوو، گوتی: پارتی دیموکراتی کوردستان پلانی ئەوەی هەیە حکوومەتێکی بەهێز پێک بێت، بۆ ئەو مەبەستەش هەنگاوی جیددی و کردەیی ناوە، پارتی هەم درکی بەوە کردووە ڕەوشی عێراق و ناوچەکە ناسکە و هەمیش بۆ زیاتر سەقامگیری ئامادەی ڕێککەوتنە لەگەڵ لایەنە سیاسییەکاندا، بینیمان لە ئێستا و ڕابردووشدا پارتی بۆ ئەوەی بگەنە ئەنجامێک لە بەرژەوەندیی گشتی خەڵکی کوردستاندا، بەشی خۆیشی بە لایەنەکان بەخشیوە.

کەرکووک..داعش هێرشێکردە سەر گێڵگەیەکی کۆمپانیای نەوتی باکوور

پۆلیسێکی کۆمپانیاکە گیانیلەدەستدا



تیرۆریستانی داعش هێرشیانکردە سەر یەکێک لە گێڵگە نەوتییەکانی کۆمپانیای نەوتی باکوور و لە ئەنجامدا پۆلیسێکی کۆمپانیای نەوتی باکوور گیانیلەدەستدا. بەپێی ڕاگەیاندراوێکی بەشی ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی کۆمپانیای نەوتی باکوور کە وێنەیەکیشی دراوەتە خەبات، تێیدا هاتووە تیرۆریستان هێرشیانکردە سەر گێڵگەی نەوتی عەلاسی سەر بە کۆمپانیای نەوتی باکوور و لە ئەنجامدا پۆلیسێکی کۆمپانیای نەوتی باکوور گیانیلەدەستداوە.

شایانی باسە گێڵگەی نەوتی عەلاس دەکەوێتە سەر زنجیرە چیای حەمرین و ناو بە ناو تیرۆریستانی داعش هێرشێکردە سەر ئەو گێڵگەیە و ئەمجارەشیان ئەو تیرۆریستانە بە مەبەستی دەستبەسەرداگرتنی ئەو گێڵگە نەوتییە هێرشیانکردووە، بەڵام پۆلیسی کۆمپانیای نەوتی باکوور ڕووبەڕوویان بوونەتەوە.

بە ڕاوێژ لەگەڵ سەرجەم فراکسیۆنەکان چاکسازی لەناو پەرلەمانی کوردستان دەستی پێکرد

هێمن هەورامی: رێگا نادەین لە بودجەی گشتی هاوکاریی بێ بنەما بە بیانووی جۆراوجۆر بۆ پەرلەمانتار خەرج بکرێت



هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان رایگەیاند: دوا ئەوەی لە دانیشتنی رۆژی 18ی شوبات وەک دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان لە لایەن زۆرینەی پەرلەمانتارە بەرێزەکانی کوردستان متمانەمان پێدرا، لەگەڵ بەرێزان سەرۆک و سکرتێری پەرلەمانی کوردستان دەستمان بە گرتنەبەری ڕێوشوێنی ئیداری پێویست کرد بۆ شەفافیەتی زیاتری کاری پەرلەمان و هەرچی زیاتر باشتر ڕێکخستنەوەی کارووباری ئیداری پەرلەمان و چەسپاندنی دادپەروەری و شەفافیەتی زیاتر و نەهێشتنی بەهەدەردانی سامانی گشتی و ڕێکخستنەوەی خەرجییەکان.

هێمن هەورامی گوتیشی: وەک دەستەی سەرۆکایەتی ئێستای پەرلەمان، لە خۆمانەوە دەستمان پێکرد و ئەو کراوەییەی لەدەسەلاتی سەرفی دارایی و هاوکارییەی کە دەستەی سەرۆکایەتی هەیبووە نەمانهێشتووە، بۆ ئەم مەبەستەش لە ڕۆژانی ڕابردوو لەگەڵ سەرجەم ڕاوێژکارەکان و بەڕێوەبەرەکانی ناو پەرلەمان کۆبوونەتەوە ئەم سیاسەت و شێوەی کارەمان بۆ ڕوونکردوونەتەوە، کە بەرزکردنەوەی پلە بە میزاج و نایاسایی بە تەواوەتی ڕەتدەکەینەوە و دیاردەی واستەو واستەکاری و بە هەدەردانی بودجەو میزاجیەت لە هاوکاری و ئیمتیازات بە تەواوەتی ڕەتدەکەینەوە.

جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لە درێژەی قسەکانیدا گوتی: لە کۆبوونەوەی ڕۆژی 2019/2/17 لەگەڵ سەرجەم سەرۆک فراکسیۆنە بەڕێزەکانی پەرلەمانی کوردستان، پێمانڕاگەیاندن کە بە بێ هیچ جیاوازییەک، بۆ کاری پەرلەمانتاری پەرنسیپی دادپەروەری بەرامبەر سەرجەم پەرلەمانتارە بەڕێزەکان دەگرینەبەر. پێمانراگەیاندن بە پێچەوانەی خولەکانی دیکە ڕێگا نادەین لە بودجەی گشتی هاوکاری بێ بنەما بە بیانوی جۆراوجۆر بۆ پەرلەمانتار خەرج بکرێت، ڕێگا نادەین لە سامانی گشتی بابەتی ئۆتۆمبیل کڕین ڕووبدات. لە بری ئەوەش پێشنیارمان بۆ کردوون کە شەفافانەو مانگانە بڕی 2%ی مووچەکانیان بخرێتە سندوقێک و پەرلەمانی کوردستانیش بە هەمان بڕ، هاوکاری ئەو سندوقە بێت بۆ حالەتی تەندروستی و حالەتی لە ناکاو و پێویستیان، ئەوەش بۆ بنبڕکردنی بە هەدەردان و بڕیاری میزاجیانە.

هێمن هەورامی لە کۆتاییدا دەڵێت: بۆ کاروباری گواستنەوەو کاری ڕۆژانەی پەرلەمانتاران و هاتوچۆی شارو شارۆچکەکان و بەسەرکردنەوەی هاوواڵتیان، پێمانراگەیاندن کە چاوەڕێی ئەوە نەبن لە بودجەی پەرلەمان ئۆتۆمبێل دابەش بکرێت، لە بری ئەوەش چەند پێشنیارێکیان پێدراوە، کە بە قیستی مانگانە لە مووچەکانیان و بە زەمانەتی پەرلەمان ئۆتۆمبێل بۆ خۆیان دابەش بکەن، شێوازی کاری ئیمە شەفافانە بەردەوامە بۆ ئەوەی پەرلەمانێکی بەهێز و کراوەمان هەبێت، پرس و ڕاوێژ بە فراکسیۆنە بەڕێزەکان بۆ کاروباری پەرلەمان و ئیدارەدانی نەهجی ئێمەیە.



پەرلەمانی کوردستان دەستمان بە گرتنەبەری ڕێوشوێنی ئیداری پێویست کرد بۆ شەفافیەتی زیاتری کاری پەرلەمان و هەرچی زیاتر باشتر ڕێکخستنەوەی کارووباری ئیداری پەرلەمان و چەسپاندنی دادپەروەری و شەفافیەتی زیاتر و نەهێشتنی بەهەدەردانی سامانی گشتی و ڕێکخستنەوەی خەرجییەکان.

هێمن هەورامی گوتیشی: وەک دەستەی سەرۆکایەتی ئێستای پەرلەمان، لە خۆمانەوە دەستمان پێکرد و ئەو کراوەییەی لەدەسەلاتی سەرفی دارایی و هاوکارییەی کە دەستەی سەرۆکایەتی هەیبووە نەمانهێشتووە، بۆ ئەم مەبەستەش لە ڕۆژانی ڕابردوو لەگەڵ سەرجەم ڕاوێژکارەکان و بەڕێوەبەرەکانی ناو پەرلەمان کۆبوونەتەوە ئەم سیاسەت و شێوەی کارەمان بۆ ڕوونکردوونەتەوە، کە بەرزکردنەوەی پلە بە میزاج و نایاسایی بە تەواوەتی ڕەتدەکەینەوە و دیاردەی

بەرزکردنەوەی پلە بە میزاج و نایاسایی، دیاردەی واستەو واستەکاری، بە هەدەردانی بودجەو میزاجیەت لە هاوکاری و ئیمتیازات بە تەواوەتی ڕەتدەکەینەوە

د.ڕۆژ نوری شاوەیس: کاتی ئەوە هاتووە شاندی یەکێتی سەردانی ئێمە بکات

پارتی هەموو لەمپەرەکان لەبەردەم پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتدا لادەدات



هەر لایەنێک بیەوێت مین لەبەردەم پارتی دابنێت پارتی مینەکان پووچەڵ دەکاتەوە

دکتۆر ڕۆژ نووری شاوەیس، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دێموکراتی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، کە کاتی ئەوە هاتووە شاندی باڵای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان سەردانی پارتی بکات.

د. ڕۆژ نوری شاوەیس، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەنووسان، لەنێویشیاندا پەیامنێری خەبات ئامادەبوو، ڕایگەیاند: یەکێتی خۆی داوای کۆبوونەوەی کرد، بەڵام بەهۆی ئەوەی بەشێک لە هەڤاڵانمان لێرە نەبوون، داوای کاتێکی دیکەمان بۆ کۆبوونەوەکە کرد. د. ڕۆژ هەروەها ڕایگەیاند: پارتی و یەکێتی دوو بۆچوونی جیاوازیان لەبارەی کەرکووک هەیە، ئەوان پێیانوایە ئەگەر پاریزگار دابندرێت، ڕەوشی کەرکووک ئاسایی دەبێتەوە، ئێمە پێمانوایە ئەگەر کورد حکوومەتی هەبێت و یەک بێت و بە یەکەوە گوشار لەسەر بەغدا دروستبکات، ئەوا پاریزگارێک دادەندرێت کە دەسەلاتی هەبێت و ڕەوشی شارەکە ئاسایی دەبێتەوە. د.ڕۆژ نووری شاوەیس، ڕاشیگەیاند: پارتی هەموو لەمپەرەکان لەبەردەم پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەت لادەدات و هەر لایەنێک بیەوێت مین لەبەردەم پارتی دابنێت، ئەوا پارتی مینەکان پووچەڵ دەکاتەوە. ئاماژەی بەوەشکرد، کە شاندی باڵای پارتی سێبجار سەردانی سلێمانی کردووە و لەگەڵ یەکێتی، گۆڕان و لایەنەکانی دیکە کۆبوونەتەوە و کاتی ئەوە هاتووە ئەوانیش سەردانی ئێمە بکەن، بارەگاکانی ئێمە بارەگای ئەوانیشە.

ئێران..ڕۆژنامەی بەناوبانگی (قانون) بەهۆی ڕەخنەگرتن لە سەردانەکەی ئەسەد بۆ تاران داخرا

ئێران بەهۆی ڕەخنەگرتن لە سەردانی بەشار ئەسەد بۆ تاران، ڕۆژنامەی بەناوبانگی قانونی داخست، کە نزیکە لە ریفۆرمیستەکانی ئێران. ڕۆژنامەی قانون کە نزیکە لە ریفۆرمیستەکانی ئێران، بەهۆی مانشێتیەکییەوە کە تێیدا ڕەخنەی لە سەردانی بەشار ئەسەد گرتووە بۆ تاران، داخرا. ئاژانسی هەواڵی خوێندکارانی ئێران ناسراو بە ئیسنا ڕایگەیاند کە دادگای ڕۆشنبیری و میدیا، ڕۆژنامەی قانونی نزیک لە ریفۆرمیستەکان بۆ ماوەیەکی کاتی داخستووە. لە هەواڵەکەدا هاتووە کە بڕیاری داخستنەکە پەیوەندی بە مانشێتێکی ڕۆژنامەکەوە هەیە و بەڵام ئاشکرای نەکردووە تاکەی ڕۆژنامەکە بە داخراوی دەمێنێتەوە. ڕۆژنامەی قانون لە ژمارەی دوێنێی سەبارەت بە سەردانەکەی ئەسەد بۆ تاران وێنەیەکی لەباوەشکردنی ڕابەری ئێران ئایەتوڵا عەلی خامنەیی و ئەسەدی بڵاو کردبوویەوە و تێیدا بە مانشێتێک نوسیبووی، میوانی ناوەخت.

بۆ ئەو هەڤاڵەی یەکێتی و هاوبیرەکانی...!

هەرگیز لەوە شوورەییتر نییە تۆ لە ڕۆژنامەیەکی کوردی، پڕۆژەیەکی سیاسی و نەتەوەیی و دیموکراسی وەک ڕیفراندۆمی گەلێکی ستەمدیدە و تینوو بۆ ئازادی و جیابوونەوە لە عێراقێکی ستەمکار، بە سیناریۆ بزانیت!



شاخەوان برایم عەبدوڵڵا

یەکێتی بەهۆی کێشەی ناوخۆی و ململانێی سەرکردەکانی، نەیتوانی کاندیدێک بۆ پۆستی سەرۆکی پەرلەمان دەستنیشان بکات و خواستی زیاد لە قەبارەی خۆی و ڕێزنەگرتنیش لە بنەماکانی دیموکراسی لە پرسی پێکهێنانی حکوومەتدا، جارێکی دیکە یەکێتی دووچاری هەڵچوونی سیاسی و میدیایی کردەوە لە دوای 18ی شوباتیشەوە ماکینەیەکی میدیایی و ڕێکخستنەکانی ئەو حزبە لە دژی هەرێمی کوردستان و بە دیاریکراویش پارتی دەستی بە جولە کردووەتەوە، لە کاتێکدا هاوواڵتیانی کوردستان چاوەڕێی چارەسەری کێشەکانن.

لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، کە زمانحاڵی یەکێتییە بانگەشەگەلێک لە دژی پێگەی هەرێم دەکرێت بەشێوەیەک کە بەغدا و نەیارانی کوردیش هەمان ئەو داوایەی کادیرە میدیاییەکانی یەکێتییان هەیە، بە ئاشکرا کادیرانی ئەو حزبە لە ڕێگەی میدیای فەرمیی یەکێتییەوە بە خواستی نەیارانی کورد داوای دوو ئیدارەیی دەکەن، لە کاتێکدا ئەوە خودی باڵەکانی ناو یەکێتین نەیانتوانی خۆیان یەکلایی بکەنەوە لە دیاریکردنی کاندیدێک بۆ سەرۆکایەتیی پەرلەمان و دابەشکردنی پۆستە بەرکەوتەکانی دیکەیان بەسەر باڵەکانیان، کەچی ئەو کێشەیە کراوەتە بیانوو و قوربانیشکراوەتەوە بۆ ناو پرۆسەی سیاسیی کوردستان بە گشتی و بەتایبەتی پارتی پێ تۆمەتبار دەکەن گوایە ڕێککەوتن ناکات!

لە ژمارەی 7799ی ڕۆژی دووشەممە 2019/2/25 لە کوردستانی نوێ، کە پێویستە بەوپەڕی بەرپرسیارێتییەوە هەڵسوکەوت لە تەک ڕووداو و پێشهاتە سیاسییەکاندا بکات، وەک چۆن ئێمە لە خەبات هەمیشە ئەو بەرپرسیارێتییە میدیاییەمان پاراستووە، ئەگینا دەتوانین بە زمانی ئەوان و توندترین وەڵام بدەینەوە! لەو ژمارەیەی کوردستانی نوێ وتارێک بڵاوکراوەتەوە بێ هیچ سڵەمینەوەیەک لە قوربانییەکانی گەلی کورد و خواستی میللەت بۆ هەرێمکی بەهێزی کوردستانی، هانی دوو ئیدارەیی دەدات، بەو ئامانجەی بازاڕی ئەو بێسەروبەرییەی کە لە سنووری سلێمانیدا لە سایەی گرووپەکاندا دەگوزەرێت، زیاتر گەرم بکەن و بە ئارەزووی خۆیانیش هەرچی بیانەوێت لە پێناو بەرژەوەندیی حزب و گرووپەکانیان بیکەن، تەنانەت ئامادەن ئەو بەشە ئازیزەی کوردستانیش واتە سلێمانی هاوشێوەی کەرکووک لە هەرێمی کوردستان دابڕان و بە خۆڕایی پێشکەشی بەغدا و هێزە میلیشیاکانی نزیک لە ئێرانی بکەن.

کوردستانی نوێ، بۆ لێدان لە پارتی و بێبایەخکردنی کەیسی نەوت، کە ئێستا شادەماری پێشکەوتن و ئابووری کوردستانە و هەولێریش قوربانی زۆری لەو بوارە داوە تا بەرژەوەندیی وڵاتانی جیهان و ناوچەیی هێنایە کوردستانەوە، کەچی نووسەری ئەو ڕۆژنامەیە، بێباک و دوور لە هەرچی بەرپرسیارێتی میدیایی و سیاسی، دەڵێت، هاتین نەوتمان لەگەڵ بەغدا جیاکردەوە و ڕێککەوتنی پەنجا ساڵەمان لەگەڵ مافیایەکی وەک تورکیا بەستە!

ئەمجۆرە دەربڕینە وێڕای نابەرپرسیارێتی، هاوکات ئەوپەڕی دووفاقی سیاسییە، هەر دوێنێ بوو، شاگەشکەبوون بەوەی بەرهەمی سالح سەردانی تورکیای کردووە! ئاخر دەبوو کوردستانی نوێ ئەوەشی لە بیر بووایە کە لەسەر خواستی تورکیا و بە فەرمانی سەرکردەکانی یەکێتی، هەرچی بارەگەی لایەنگرانی تەڤگەری ئازادی هەبوون لە سلێمانی داخران و ئەندامانیان دەستگیرکران! ئەگەریش تورکیا مافیایە، ئەی خێرە لەسەر داوای ئەو مافیایە بارەگەی هاوپەیمانەکانی زوویان دادەخەن؟ خێرە سەردانی سەرکردەکانیان بۆ تورکیا وەک دەستکەوت دەزانن و لە هەمان کاتیشدا بۆ لێدان لە پارتی تورکیا بە مافیا دەزانن!

ئەو جۆرە بۆچوونە پێش ئەوەی ڕەخنەگرتن لە تورکیا و لە دڵسۆزی بێت بۆ کوردانی باکوور، ڕقێکی میژوویی لە پارتی و بەردەوامیشی دەبێت. دەی باسی پەیوەندیی تورکیا و پارتی دەکات، بەڵام بە یەک وشەش باسی ئەو پاشکۆیەتییەی یەکێتی بۆ ئێران ناکات، وەک ئەوەی پاسدارانی ئێران هەرگیز بە ئۆتۆمبێلی سەربازییەوە لە سلێمانی و ناوچە سنووربییەکانیان نەسووڕابنەوە!

پارتی هەرگیز پەیوەندیی نێوان هەولێر و ئەنقەرەی نەشاردووەتەوە، ئەمە جگە لەوەی بە ئاشکرا بووە، هاوکات بەرهەمی ئەو پەیوەندییەش هەر هیچ نەبێت، فرۆشتنی نەوت بووە لە ڕێگەی تورکیا و دابینکردنی پارە بووە بۆ مووچە و بووژانەوەی کوردستان، ئەمە بەڵای پارتییەوە گرنگ بووە، چونکە پارتی هەم بڕێوبەری خەڵک و هەمیش سەقامگیریی هەرێمی کوردستانی بەلاوە گرنگە، ئامادەشە لە پێناو بەرژەوەندیی گەلی کوردا درێژە بەو پەیوەندییەی لەگەڵ ئەنقەرە بدات و هاوکات هەمیشە سەرکردایەتیی سیاسیی پارتی و هەرێمی کوردستان بە تورکیایان گوتووە دەبێ کێشەی کورد بە دیالۆگ چارەسەر بکات نەک ئەوەی ئێستا دەگوزەرێت کە پارتی لێی نیگەرانە و داوای چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە باکوور بە ڕێگەی دیالۆگ دەکات وەکچۆن لە عێراقیشدا هەمان داوای هەیە.

هەرگیز لەوە شوورەیی تر نییە تۆ لە ڕۆژنامەیەکی کوردی، پڕۆژەیەکی سیاسی و نەتەوەیی و دیموکراسی وەک ریفراندۆمی گەلێکی ستەمدیدە و تینوو بۆ ئازادی و جیابوونەوە لە عێراقێکی ستەمکار، بە سیناریۆ بزانیت! بەڕاستی ئەوەی پڕۆژەیەکی گرنگ و ستراتیژیی وەک ریفراندۆم بە سیناریۆ بزانێت، سڵیش لەوە ناکاتەوە داوای دوو ئیدارەیی بکات! لە کاتێکدا لە دوای ئۆکتۆبەری 2017 ئۆڤەری زۆریان پێشکەشی حەیدەر عەبادی سەرۆکوەزیرانی ئەوکاتی عێراق کرد تاکو سلێمانی بخرێتە ژێر هەیمەنەی بەغدا دروستتر ئێران، بەڵام عەبادی بەو لووتبەرزی و تووندڕەوییەی خۆیەوە، درکی بەوە کرد کە ئەوەی بڕیار لەسەر کوردستان دەدات، پارتییە نەک یەکێتی! بۆیەش هەرێمی کوردستان مایەوە و ئێستاش هەڤاڵانی یەکێتی بەردەوامن لە داواکردنەوەی کەرکووک و حەشدیش پێکەنینی بەو داوایە دێت! ئاخر ئەوان کەرکووکییان بە ئاسانی چنگ کەوت و هەرگیز بەو ئاسانییەش نایدەنەوە، ئەمە واقیعە نەک وەهم! ئێستاش کە پارتی باسی کەرکووک دەکات دەزانێت باس لە کێشەیەکی گەورە و ستراتیژیی دەکات، نەک بەو شێتوویەی هەڤاڵانی یەکێتی بە سادەیی لەو پرسە هەستیارە گەیشتوون، بە تایبەتی دوای پێشکەشکردنی شارەکە بە حەشد و میلیشیاکان کێشەکە یەکجار گەورەتر بووە.

خەونی ئەو هەڤاڵەی یەکێتی و هاوبیرەکانی بۆ دوو ئیدارەیی، هەموویی لە ناردنی پارە لە بەغداوە چڕبووەتەوە، دەی ئەمەش یەکێکی دیکەیە لەو بۆچوونە نەڕێنییانەی کە پێویستە بە ئەنتی ڤایرۆس سڕ بکرێت، لەبەر ئەوەی کێشەی کورد لەگەڵ بەغدا، نەتەوەیی و سیاسییە، داواکردنی خاک و ئازادییە، نەک بە تەنیا پارە بێت! دروستە پارە گرنگە، بەڵام مادام ئێمە هێشتا لە تەک عێراقدا ماوینەتەوە، ناردنی شایستەی دارایی مافی خۆمانە و کەس خێرمان پێ ناکات. بەڵام کارەساتەکە ئەوەیە ئەگەر ئێمە خۆمان نەو ئیدارە کوردییەی هەمانە، لەپێناوی پارەدا هەڵوەشاندەوە، ئەوکات شەرمەزارییەکی مێژوویی دەبێت، بەتایبەتی بۆ ئەوانەی ئەو شەرمەزارییە بە گرنگ دەزانن!

لەو هەڤاڵانەی یەکێتی دەپرسم، ئەوانەی هانی یەکێتی دەدەن بۆ دوو ئیدارەیی و دابڕینی سلێمانی لە هەولێر، چۆن وەڵامی کەسوکاری شەهیدان دەدەنەوە؟ بۆ نموونە، چۆن ڕووتان دێت سەیری گۆڕی شەهید سەربەستەکان و شەهید شێرکۆکان بکەن؟ کە لە پێناو خاکی کوردستاندا خوێنیان تێکەڵ بە خاکی کوردستان بوو! ئێستا کە ناوی ئەو شەهیدانە دەهێنم، پەنجەکانم لەسەر کیبۆرد دەلەرزن، چونکە شەهیدان بۆ ئازادی، سەربەخۆیی کوردستان، خوێنی خۆیان بەخشی و مندالەکانیان ئەمانەتی ئێمەن، کە لە دوای ئەواندا لە ژیاندا ماوینەتەوە!

هەموو هەولێکی هەرێمی کوردستان ئەوەیە هەولێر و سلێمانی، دهۆک و سلێمانی یەکهێز بن بۆ بەگژداچوونەوەی هەر ئەگەرێک، بەڵام ئەوەتا ئەو هەڤاڵانی یەکێتی، تەنیا لەبەر ئەوەی لە ناو خۆیاندا لەسەر کاندیدێک ڕێکنەکەوتوون، حەز بە دوو ئیدارەیی دەکەن، لە کاتێکدا عێراق ئەگەر بۆی بچێتە سەر، پارەش بۆ ئەوە خەرج دەکات، کەچی عێراق بەو هەموو ستەمکارییەی خۆیەوە، لەو ڕاستییە گەیشتووە ئەوە زەحمەتە، بەڵام ئەو گرووپە کوردییە لە پێناو ئەو خواستەی بەغدا و تاران بانگەشەی دوو ئیدارەیی و پارچە پارچەکردنی هەرێم دەکەن، وەک دوو یەکەی بچووک و لە ژێر هەیمەنەی بەغدا بێت، ئەوە شوورەیی سیاسی و میدیاییە و پێویستە بە تۆندی وەڵامی ئەو گوتارە بدرێتەوە کە هانی دوو ئیدارەیی دەدات بە مەبەستی بچووککردنەوەی پێگەی هەرێمی کوردستان.

ئەگەری ئەوە هەیە ڕێککەوتنی سیاسی لەگەڵ ژمارەیەک حزبی دیکەدا ئەنجام بدات

پارتی لە هەوڵی پتەوکردنی پەیوەندییەکانیەتی لەگەڵ سەرجەم پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان



ئەندامێکی سەرکردایەتیی پارتی:

پارتی ئارامیی نێو ماڵی کورد و ڕێککەوتنی حزبەکانی زۆر بەلاوە گرنگە

خەبات- بڕیار کۆیی

لە چەند هەفتەی ڕابردوودا ڕێککەوتنێکی سیاسیی لەنێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕاندا ئەنجامدرا و ئێستاش مەکتەبی سیاسیی پارتی سەرقاڵی گفتوگۆ و کۆبوونەوەیە لەگەڵ بەرپرسانی باڵای یەکێتیی نیشتمانی کوردستان بەمەبەستی گەیشتن بە ڕێککەوتنێک سەبارەت بە پرۆسەی سیاسی و پێکهێنانی کابینەی تازەی حکوومەت، جگە لەوە بەپێی زانیارییەکان پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەوڵی ئەوەدایە پەیوەندییەکانی لەگەڵ زۆرینەی پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان پتەوتر بکات و ڕێککەوتنی سیاسی ئەنجام بدات و چەند ڕۆژێکیشە باس لە نزیکبوونەوەی زیاتری نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ هەرێک لە بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان و حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان دەکرێت.

عەلی عەونی ئەندامی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان، سەبارەت بە پەیوەندییەکانی پارتی لەگەڵ لایەنە سیاسییەکان بۆ(خەبات)گوتی: "لەڕووی مەبدەئییەوە پارتی دیموکراتی کوردستان کە حکوومداریی دەکات لەهەرێمی کوردستان بگەینە نێشتمانی کوردستان بگەینە ڕێککەوتنێک و هەرچی زووە کابینەی تازەی حکوومەت پێکبهێنددرێت لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕانیش بەهەمان شێوە، هەتا پێمانخۆش نەبووە کە یەکگرتووی ئیسلامی هەر زوو ئۆپۆزسیۆن بوونی خۆی هەڵگرین".

گوتەبێژی بزووتنەوەی ئیسلامی:

ئێمە بە گرنگییەوە دەڕوانینە پەیوەندییەکانمان لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان



سەبارەت بە پەیوەندییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ هەریەک لە بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان و حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان، ئەو دەنگۆیانەی کە باس لە ئەنجامدانی ڕێککەوتنی سیاسیی نێوان پارتی و ئەو دوو حزبە دەکرێت، ئەو ئەندامەی لەم خولەی پەرلەمان ڕاگەیاند".

گوتیشی: " پارتی سینگی فراوانە و دەرگاشی کراوەیە و داواش دەکات کە لەگەڵ هەموو هێز و لایەنەکان تەبا و یەکبین و پێکەوە ئەو بارە قورسە هەڵگرین".

سەبارەت بە پەیوەندییەکانیان لە دەرەوەی پەرلەمان ئەکتەبی سیاسی ئێمە دەستکراوەیە بۆ ئەوەی کە دۆخی ئارام بهێنرێتە کایەوە".

عەبدوڵلا وەرتی، گوتەبێژی بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان، لە لێدوانێکیدا بۆ(خەبات) سەبارەت بە پەیوەندییەکانیش گوتی: "لەدوای ڕاپەڕینەوە تاوەکو ئێستا بگرە لە شاخیش پەیوەندییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی ئیسلامی پەیوەندیی تەندروست بوونە و کێشەیەکی وەهامان نەبووە ئاواش دەمێنێتەوە، جگە لە پارتی دیموکراتی کوردستان، ئێمە لەگەڵ لایەنەکانی دیکەش هەوڵی نزیکبوونەوە دەدەین".

سەبارەت بە ئەگەری ئەنجامدانی ڕێککەوتنێکی سیاسی لەنێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان، وەرتی گوتی: "لەدوای هەڵژاردنی پەرلەمانی کوردستان چەند جارێک کۆبوونەوەمان لەگەڵ بەرپرسانی باڵای پارتی دیموکراتی کوردستان ئەنجام داوە، بەهۆی ئەوەی هەموو لە هەرێمی کوردستان بەشداریین لە پرۆسەی سیاسی، پێویستە لەنێوان حزبەکان ئاگالێبوون هەبێ و ئێمە بە گرنگییەوە دەڕوانینە پەیوەندییەکانی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان".

بەمەبەستی زانینی ئاستی پەیوەندییەکانی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان و ئەگەری ئەنجامدانی ڕێککەوتنی سیاسیی نێوانیان (خەبات) پەیوەندی بە بەختیار کەریم، گوتەبێژی حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستانەوە کرد بەڵام ناوبراو پەیوەندییەکەی بەردەست نەبوو.



خۆپیشاندەرانی ڤەنزوێلا

ڤەنزوێلا

بەرەو دارمانێکی گەورەی سیاسی و ئەمنی هەنگاو دەنێ

ئەمەریکاو ڕووسیا ململانێکانیان لەسەر خاکی ڤەنزوێلا توندتر دەکەن

خەبات: زانکۆ محەمەد

لەوتەی ڕۆژی 23ی کانوونی دووەمی ئەمساڵەوە تەنگژەیەکی گەورە ڕووی لە ڤەنزوێلا کردووە، ئەمەش دوای ئەوەی خوان گوایدۆ خۆی وەک سەرۆکی کاتی ڤەنزوێلا سەپاند، لە کاتێکدا بەگوێرەی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ڕابردوو، دەبوایە نیکۆلاس مادۆرۆ بێتە سەرۆکی وڵاتەکە، دوای ئەوە زۆرێک لە وڵاتانی وەک ئەمریکا و فەرەنسا و بەریتانیا و ئەڵمانیا دانیان بە گوایدۆ دانا وەک سەرۆکی کاتیی، بەڵام ڕووسیا و چین و بەرازیل و مەکسیک ڕەتیان کردەوە دان بە گوایدۆدا بنێن و پشتیوانیان بۆ مادۆرۆ ڕاگەیاند، ئەویش لای خۆیەوە ئەمریکای بە ئەنجامدانی کودەتا بۆ سەر شەرعییەتی وڵاتەکەی تۆمەتبار کرد.

هەڵوێستی ڕووسیا

هەڵوێستی ڕووسیا لەسەر دۆخی خراپی وڵاتی ڤەنزوێلا لەسەر زاری نیکۆلای بارۆشیف سکرتێری ئەنجومەنی ئاسایشی ڕووسیا ئاشکرابوو کە کاتێک ئەمریکای تۆمەتبار بەوەی بەنیازی داگیرکردنی وڵاتی ڤەنزوێلایە و ئامادەکاری بۆ لەشکرکێشی بۆ سەر ئەم وڵاتە دەکات. بارۆشیف ڕایگەیاند کە ئەمریکا دەستی کردووە بە گواستنەوەی سەربازانی سوپای وڵاتەکەی بۆ بۆرتۆریکۆ و کۆلۆمبیای دراوسێی ڤەنزوێلا. سکرتێری ئەنجومەنی ئاسایشی ڕووسیا لە میانی دیمانەیەکی ڕۆژنامەی (ئەرگۆمێنتی ئی فاکتی)ی ڕووسیدا گوتی: ئەمریکا ئامادەکاری بۆ لەشکرکێشی بۆ سەر ڤەنزوێلا دەکات، لە کاتێکدا ئەم وڵاتە خاوەن سەروەریە و وڵاتێکی سەربەخۆیە. هەروەها دووپاتیکردەوە کە ئەمریکا لەمبارەوە پێشنیازی کردووە لەگەڵ ڕووسیادا دانوستاندنی تیرۆتەسەل بکات، بەڵام ڕووسیا وەڵامی نەداوەتەوە.

سزادانی چەند بەرپرسێکی ڤەنزوێلی

لە چوارچێوەی هەوڵەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی نیکۆلاس مادۆرۆ سەرۆکی ڤەنزوێلا، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سزای بەسەر4 بەرپرسی ئەو وڵاتەدا سەپاند. وەزارەتی گەنجینەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سزای بەسەر 4 بەرپرسی ڤەنزوێلادا سەپاند کە بریتین لە: ڕامون ئەلۆنسۆ کاریسالیس ڕینخیفۆ، جێگری سەرۆک و وەزیری پێشووی بەرگری و پارێزگاری ئێستای ویلایەتی ئابوری. خۆرخی لویس گارسیا کارنیرۆ، فەرماندەی سوپا و وەزیری پێشووی بەرگری و وەزیری پێشووی پەروەردانی کۆمەڵایەتی و بەشداری میللی و پارێزگاری ئێستای ویلایەتی قارگاس. عمر خۆسیە بییتو فێرناندیز، پارێزگاری ئێستای ویلایەتی زولیا. ڕافائیل ئەلیخاندرۆ لاکافایفانگیلیستا، پارێزگاری ئێستای ویلایەتی کارابوبو.

ئەم بڕیارەی واشنتۆن لە کاتێکدایە کە مایک پینس جێگری سەرۆکی ئەمریکا لە سەر ڤەنزوێلا دەکات، لە کاتێکدا ئەم وڵاتە خاوەن سەروەریە و وڵاتێکی سەربەخۆیە. هەروەها دووپاتیکردەوە کە ئەمریکا لەمبارەوە پێشنیازی کردووە لەگەڵ ڕووسیادا دانوستاندنی تیرۆتەسەل بکات، بەڵام ڕووسیا وەڵامی نەداوەتەوە.

مادۆرۆ

ئەمەریکا بە وێنەی سەرۆکی پێشووی لیبیا، هەڕەشە لە سەرۆکی ڤەنزوێلا دەکات. مارکۆ ڕوبیۆ، سیناتۆری کۆماریخوازەکان لە هەڕمارێ تایبەتیی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی (تویتەر)، دوو وێنەیەی قەزافی بە مەترسیدارترین پەیام دادەنێت، کە تا ئێستا بۆ نیکۆلاس مادۆرۆی سەرۆکی ڤەنزوێلا نێردراوە.

بارودۆخی خراپی نێوخۆی وڵات

ژمارەی ئەو سەربازانەی کە لە سوپای ڤەنزوێلا جیادەبنەوە ڕوو لە زیادبوون دەکات و وڵاتەکەی کرد و لە ڕۆژی 2011/10/20 بە دەستی چەکدارانی ڕاپەڕیو لە دژی ڕژێمەکەی، کۆژرا. ڕۆژنامەی (ئینپێندنت)ی بەریتانی لە ڕاپۆرتێکدا، بڵاوکردنەوەی ئەو دوو وێنەیەی قەزافی بە مەترسیدارترین پەیام دادەنێت، کە تا ئێستا بۆ نیکۆلاس مادۆرۆی سەرۆکی ڤەنزوێلا نێردراوە.

بارودۆخی خراپی نێوخۆی وڵات

ژمارەی ئەو سەربازانەی کە لە سوپای ڤەنزوێلا جیادەبنەوە ڕوو لە زیادبوون دەکات و بەپێی نوێترین ئامار167 سەربازی ڤەنزوێلی لە ریزەکانی سوپا هەڵاتوون. دەزگای کۆچی کۆڵۆمبیا بڵاویکردەوە، 11 سەربازی ڤەنزوێلا وڵاتەکەیان جێهێشتوە و خۆیان گەیاندوەتە کۆڵۆمبیا، بەوەش ژمارەی ئەو سەربازانەی ریزەکانی سوپایان جێهێشتوە گەیشتە 167 سەرباز. بەپێی وتەی بەرپرسانی دەزگای کۆچی کۆڵۆمبیا، زۆرینەی ئەو سەربازە هەڵاتوانەی ڤەنزوێلا خۆیان گەیاندوەتە شاری کۆکۆتای باشوری خۆرهەڵاتی کۆڵۆمبیا.

هەڵوێستی کەنەدا

وەزیری دەرەوەی کەنەدا کریستیا فریلاند وتی وڵاتەکەی گفتوگۆ لەگەڵ هاوبەشەکانیدا دەکات سەبارەت بە فراوانکردنی سزاکان بۆ سەر حکومەتەکەی نیکۆلاس مادۆرۆ کە ڕووبەڕووی فشارێکی زۆر بۆتەوە تاوەکو دەستبەردای دەسەڵات بێبێت. فریلاند بە ڕۆژنامەنووسانی وت: ژمارەیەکی زۆر سەرکردە باڵاکانی ناو سیستمەکەی کۆبوونەوەی" گروپی لیما" لە شاری بۆگۆتای پایتەختی کۆڵۆمبیا بەشداری بۆ تاووتوێکردنی بژاردەکانی دوورخستنەوەی نیکۆلاس مادۆرۆ سەرۆکی ڤەنزوێلا لە پۆستەکەی و بەردەوامیدان بە پشتیوانیکردنی خوان گوایدۆ سەرۆکی ئۆپۆزسیۆن و سەرۆکی پەرلەمان کە مانگی ڕابردوو خۆی وەک سەرۆکی کاتی ئەو وڵاتە ڕاگەیاند.

ئەمەریکا بەنیازی چییە..؟!

سیناتۆرێکی کۆماریخوازەکانی سەنا دەڵێت: ڕامان لە ئەگەری ئەوە هەیە ڕێککەوتنێک لەگەڵ نیکۆلاس مادۆرۆ بکەین، بەڵام ئەو ڕێککەوتنە دەبێت ئەو ڕاستییە ڕەچاو بکات کە ئەو ئیدارەیە هەڵبژێردراوە و ئەو ئیدارەیە ناتوانێت ڕێگە بە مادۆرۆ بدات کە بەو شێوەیە بەردەوام بێت.

سەرچاوەیەکی باڵای ئەمریکا ڕایگەیاند کە ئەمریکا ئامادەیە هەموو هەنگاوێک بنێت بۆ ئەوەی ڕێگە لە مادۆرۆ بگرێت کە بەردەوام بێت لە دەسەڵاتدا، بەڵام ئەو سەرچاوەیە ڕایگەیاند کە ئەمریکا ئامادە نییە هێزی سەربازی بەکار بهێنێت بۆ ئەوەی مادۆرۆ لە دەسەڵات دوور بخاتەوە.



ئیمانوێل ماکرۆن: فەڕەنسا چەکدارە تیرۆریستە فەڕەنسییەکانی ناو داعش وەرناگرێتەوە

سەرکۆماری فەڕەنسا، ئیمانوێل ماکرۆن ئاشکرایکرد تیرۆریستە فەڕەنسییەکانی ناو داعش لە سوریا و عێراقەوە ناهێننەوە وڵاتەکەیان. ئیمانوێل ماکرۆن لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ سەرۆک شارەوانییەکانی خۆرهەڵاتی وڵاتەکەی لە کۆشکی ئێلیزێ بە مەبەستی چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە خۆپیشاندانەکان بوونە هۆی سەرهەڵدانی، ئاشکرایکرد تیرۆریستە فەڕەنسییەکانی ناو داعش لە سوریا و عێراقەوە ناهێننەوە فەڕەنسا. جەختی لەوەشکردەوە کە فەڕەنسا هەمیشە پارێزگاریی لە هەڵوێستی خۆی لەوبارەیەوە کردووە و بەپێویستیزانی ئەو تیرۆریستانە لەو وڵاتانەی کە دەستگیرکراون، دادگایی بکرێن.

نزیکەی 10 ڕۆژ لەمەوبەر سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالد ترەمپ لە پەیامێکدا کە لە ریگەی تویتەرەوە بڵاویکردەوە، داوای لە وڵاتانی ئەورووپا کردبوو ئەو تیرۆریستانەی داعش کە هاووڵاتیی وڵاتەکانیانن وەربرگنەوە و لە وڵاتەکانی خۆیان دادگاییبان بکەن ئەگەر نا ئەوان ناچار دەبن تیرۆریستەکان ئازاد بکەن، ترەمپ رایگەیاندبوو داوا دەکەین بەریتانیا، فەڕەنسا، ئەڵمانیا و هاوپەیمانە ئەورووپییەکانی دیکە، ئەو 800 چەکدارەی داعش کە لە سووریا دەستگیرمان کردوون، وەربگرنەوە و دادگاییان بکەن.

بابەکر زێباری: بەبێ پێشمەرگە ناوچە کوردستانییەکان سەقامگیر نابن

داعش بە هێزێکی زۆرەوە لە سووریاوە دەیەوێت بگەڕێتەوە عێراق



سوپاسالاری پێشووی عێراق رایگەیاند: پێویستە هەرێمی کوردستان و بەغدا پەلە بکەن بۆ ئەوەی هێزی هاوبەش بۆ ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان دروستبکەن، چونکە داعش لە سووریاوە دەیەوێت بە هێزێکی زۆرەوە بگەڕێتەوە عێراق.

بابەکر زێباری، لە لێدوانێکیدا بە مالپەڕی پارتی ڕاگەیاندووە: زۆر گرنگە پەلە بکرێت لە دانوستانەکان بۆ ئەوەی هێزی هاوبەشی پێشمەرگە و سوپای عێراق بگەڕێنەوە بۆ ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان، چونکە هێزێکی گەورە و بە توانایە و شەڕێکی زۆری داعشی کردووە و تێکی شکاندوون و دەتوانن ناوچەکە بپارێزن و ئەزموونێکی باشیان هەیە. گوتیشی: ئێستا حکوومەتی عێراق خەریکی کۆنترۆڵکردنی سنووری نێوان عێراق و سووریایە، چونکە داعش بە هێزەوە دەیانەوێت لە سووریاوە بگەڕێنەوە بۆ عێراق، بە تایبەت بۆ ناوچەکانی مووسڵ و کەرکووک و دیالە و سەلاحەدین و ئەنبار، راستە باس لە نەمانی داعش دەکرێت، بەڵام شەڕی پارتیزانی زۆر قورسترە لە شەڕی سەنگەرەکان و داعشیش ئێستا بە شێوەی پارتیزانی شەڕ دەکات، بۆیە داعش لە هەموو شوێنێک هەیە و دیاریش نییە، لەبەر ئەوە پێویستە حکوومەتی عێراق سوود لە تواناکانی پێشمەرگە وەربگرێت. دەشڵێت: ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان کە ناوچەی هاوبەشن و دەکەونە چوارچێوەی ماددەی 140، بەبێ پێشمەرگە پارێزراو نابن و زیانی زۆر بەو ناوچانە و خەڵکەکەش دەگات. بە گوتەی بابەکر زێباری، پێویستە پەلە لە دانوستانەکاندا بکرێت و چەند دوا بکەوێت، زیانی زیاتری دەبێت و مەترسیی بۆ سەر ئەو ناوچانە دروست دەبێت.

سوپاسالاری پێشووی عێراق ڕاشیگەیاند: هەرێمی کوردستان توانیویەتی هێڵێکی بەرگریی باش بۆ هەرێمی کوردستان دروستبکات و داعش ناتوانێت زەفەری پێ ببات، بەڵام هەرێمی کوردستان خەمی ناوچە کوردستانییەکان و هەموو عێراقیەتی بە گشتی و نایەوێت داعش جارێکی دیکە بگەڕێتەوە بۆ عێراق و دەیەوێت ڕێگریی لێ بکات. ئەوەیشی خستەڕوو: ئێستا دانوستان لە نێوان وەزارەتی پێشمەرگە و وەزارەتی بەرگریی عێراق دەکرێت بۆ ئەوەی هێزی هاوبەش بگەڕێنەوە و جێگیر بکرێن، بۆیە دانوستان بەردەوامە و ئومێد دەکەین بە زووترین کات بگەنە ڕێککەوتن.

گرژیی نێوان هیندستان و پاکستان پێینایە قۆناغێکی نوێوە



سەرۆکوەزیرانی پاکستان: دەبێ کێشەکانمان بە ڕێگای دانوستان چارەسەر بکەین



وەزیری دەرەوەی هیندستان: ئێمە هێرشمان کردۆتە سەر گرووپێکی تیرۆریستیی نەک سوپای پاکستان

خەبات: ڕووداوی ڕۆژ

دوێنێ چوارشەممە 27ی شوباتی 2019 گرژییەکانی نێوان پاکستان و هیندستان کە هەردووکیان خاوەن چەکی ئەتۆمین، زیاتر تەشەنەی سەندو فڕۆکە جەنگییەکانی هەردوو وڵات سنووری وڵاتەکانیان بەزاند، بەم هێرشەشەوە کەشێکی مەترسیدار ناوچەکەی تەنیەوە. هەر دوێنێش سوپای پاکستان ڕایگەیاند، دوو فڕۆکەی جەنگی هیندستان کە کایەی ئاسمانی وڵاتەکەیان بەزاندبوو، خستووەتەخوارەوە و سێ فڕۆکەوانیشی بەدیلگرتووە.

گوتەبێژی سوپای پاکستان، ئاسف غەفور دەڵێت: ئەو دوو فڕۆکە جەنگییەی هیندستان بەهۆی ئەوە خراونەتە خوارەوە کە کایەی ئاسمانی پاکستانیان بەزاندبوو. گوتەبێژی سوپای پاکستان ڕوونیشی کردووەتەوە کە یەکێک لە فڕۆکەکان لە ناوچەی "ئازاد کشمیر"ی ژێر دەسەڵاتی پاکستان و ئەوەی دیکەشیان لەناو "جامو و کشمیر"ی ژێر دەسەڵاتی هیندستان خراوەتەخوارەوە و سێ لە فڕۆکەوانە هیندستانییەکانیش لە لایەن هێزەکانی ناوچەکە بەدیلگیراوە. هەروەها بەرپرسانی پۆلیسی هیندستان ئەوەیان پشتڕاستکردەوە کە فڕۆکەیەکی جەنگی وڵاتەکەیان لە هەرێمی کشمیر تێکشکێندراوە.

لەمبارەیەوە ڕۆژنامەیIndia Today بڵاویکردەوە، بە گوتەی ئەو بەرپرسانە، فڕۆکە جەنگییەکەی هێندستان بەیانی ڕۆژی چوارشەممە لە ناوچەی بودگام سەربە هەرێمی جامو و کشمیر تێکشکێندراوە. ڕۆژنامەکە ئەوەشی بڵاوکردەوە کە دەنگۆی ئەوە هەیە، دوو فڕۆکەوانەکە بە هۆی ڕووداوەکەوە گیانیان لەدەست دابێت. فەرماندەیی پۆلیسی بودگام بۆ ڕۆژنامەکە باسی لەوەشکردووە کە تا ئێستا دوو فڕۆکەوانەکە نەدۆزاونەتەوە و چارەنووسیان دیار نییە.

سوپای هیندستان فڕۆکەیەکی جەنگیی پاکستانی خستەخوارەوە

لەلایەکی دیکەشەوە، میدیاکانی هیندستان بڵاویانکردەوە کە سوپای وڵاتەکەیان فڕۆکەیەکی جەنگی پاکستانیان خستووەتەخوارەوە. بەپێی هەواڵێکیش کە لە میدیاکانی هیندستاندا بڵاوکراوەتەوە، ئاماژە بەوە کراوە کە فڕۆکەیەکی جەنگی سەربە هێزەکانی ئاسمانیی پاکستان لە جۆری F-16 کە کایەی ئاسمانی هیندستانی بەزاندبوو لە ناوچەی نۆشیرا سەربە جامو و کشمیر لە لایەن سوپای هیندستانەوە خراوەتە خوارەوە.

سەرۆکوەزیرانی پاکستان: دەبێت ژیرانە هەڵسوکەوت بکرێت

هەر دوای گرژییەکانی دوێنێ، سەرۆکوەزیرانی پاکستان، عەمران خان ڕووی دەمی کردە حکوومەتی هیندستان و ڕایگەیاند، "جارێکی دیکە داواتان لێدەکەم دانوستان بکەین. دەبێت ژیرانە هەڵسوکەوت بکرێت. دەبێت کێشەکانمان بە ڕێگای دانوستان چارەسەر بکەین".

عەمران خان لە میانی بەشداریکردن لە بەرنامەی بانگەوازی نیشتمانیدا ڕایگەیاند کە فڕۆکە جەنگییەکانی وڵاتەکەی بە سەرکەوتوویی شەش ئامانجیان لەناو خاکی هیندستان پێکاوە. سەرۆکوەزیرانی پاکستان ئاماژەی بەوە دا کە داواکاریان پێشکەشی هیندستان کردووە بۆ ئەوەی پێکەوە لە هێرشەکە بکۆڵنەوە و گوتی: ویستمان هەماهەنگیان لەگەڵ بکەین و ئامادەبووین بۆ ئەمە چونکە ئێمەش لە ڕابردوودا بەدەست تیرۆرەوە نالاندوومانە، بەڵام لە کاردانەوەی هیندستان و لەمبارەیەوە هۆشداری خۆمان دا. سەرۆکوەزیرانی پاکستان، عەمران خان ڕووی دەمیشی کردە حکوومەتی هیندستان و سەرۆکوەزیرانی ئەو وڵاتە "نارێندرا مۆدی" و گوتی: کێشەی سەرەکی ئەوەیە کە لەمەودا چی بکەین. هەڵوێستی میانڕەوی حکوومەتی هیندستان زۆر گرنگە. لە حکوومەتی هیندستان دەپرسم: کاتێک سەرنج لەو چەکانە دەدرێت کە لە بەردەستی ئێمە و ئێوەدایە، ئایا لە دۆخێکداین شانبەینە بەر حساباتی هەڵە؟ ئەگەر زیادبوونی گرژیی درێژەی هەبێت چی دەبێت؟ لە دوای ئەوە لە دەست سەرۆکوەزیران مۆدی و منداد نییە. جارێکی دیکە داواتان لێدەکەم دانوستان بکەین. دەبێت ژیرانە هەڵسوکەوت بکرێت. دەبێت کێشەکانمان بە ڕێگای دانوستان چارەسەر بکەین.

هیندستان: تەنیا هێرشمان کردووەتە سەر تیرۆریستان

لای خۆشیەوە وەزیری دەرەوەی هیندستان داوای هێورکردنەوەی بارودۆخەکەی کرد و ڕایگەیاند کەفڕۆکە جەنگییەکانیان تەنیا هێرشیان کردووەتە سەر "تیرۆریستان." سوشما سواراج، وەزیری دەرەوەی هیندستان، ڕایگەیاند، هەنگاوەکانی سوپای وڵاتەکەی بە مەبەستی هێرشکردنە سەر پاکستان نەبووە. ئاشکراشی کرد، کە فڕۆکە جەنگییەکانی وڵاتەکەی تەنیا هێرشیان کردە سەر بنکەیەکی "گرووپێکی تیرۆریست "نەک هاووڵاتییانی مەدەنی یاخود سوپای پاکستانی. هەروەها وەزیری دەرەوەی هیندستان داوای هێورکردنەوەی بارودۆخی هەرێمی کشمیر لەنێوان سوپای وڵاتەکەی و سوپای پاکستان کرد و ڕایگەیاند: سێ فڕۆکە جەنگییەکەمان هێرشیان نەکردووەتە سەر پاکستان و هاووڵاتییانی مەدەنی.

داخستنی ژمارەیەک لە فڕۆکەخانەکانی هەردوو وڵات

بەپێی هەواڵێک کە لە ئاژانسی پرێس ترەست ئیندیادا بڵاوکراوەتەوە، فەرمانگەی فڕۆکەخانەکانی هیندستان، هەریەک لە فڕۆکەخانەکانی سریناگار و جاموملەڵە لە جامو کشمیر، فڕۆکەخانەی چاندیگار کە ناوندی هاوبەشی هەردوو پارێزگای هاریانا و پنجابە و فڕۆکەخانەی ئامریتسار لە پارێزگای پنجاب بەڕووی گەشتە مەدەنییەکاندا داخستووە. هاوکات بەپێی ئەو هەواڵانەی کە لە میدیاکانی پاکستاندا بڵاوکراونەتەوە، ئاماژە بەوەکراوە ئەو فڕۆکە مەدەنییانەی کە کایەی ئاسمانیی پاکستان و هیندستان بەکاردەهێنن یان گەڕاونەتەوە ئەو فڕۆکەخانانەی لێوەی فڕیون یانیش ڕێڕەوی جێگرەوەیان گرتووەتە بەر.

کاردانەوەی ئەمەریکا لەهەمبەر گرژییەکانی هەردوو وڵات

هەر دوای گرژی و ئاڵۆزییەکانی دوێنێ، وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا مایک پۆمپیۆ، ڕاگەیەندراوێکی لە بارەی گرژییەکانی نێوان هیندستان و پاکستان بڵاوکردەوە. وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا ئاماژەی بەوەداوە کە دوای بۆردومانەکە، دوو پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ وەزیری دەرەوەی هیندستان، سوشما سواراج و وەزیری دەرەوەی پاکستان، شا مەحمود قورەیشی ئەنجامداوە و داوای لێکردوون گرژییەکانی نێوان هەردوو وڵات چارەسەر بکەن و خۆیان بە دوورگرن لە چارەسەری سەربازیی. بەپێی ڕاگەیەندراوەکە، مایک پۆمپیۆ داوای لە وەزیری دەرەوەی پاکستان کردووە کە هەنگاوی زیاتر و گرنگ دژبە ڕێکخراو و گرووپە تیرۆریستیەکان بگرنەبەر.

تێرێزا مەی: هەردووڵا نەرمی بنوێنن

لە کاردانەوەیەکیشدا سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا، تێرێزا مەی داوای لە پاکستان و هیندستان کرد خۆیان بە دوور بگرن لە تەشەنەسەندنی زیاتری بارگرژییەکان و نەرمی بنوێنن. تێرێزا مەی لە کاتی وەڵامدانەوەی پرسیارەکان لە پەرلەمانی وڵاتەکەی نیگەرانی بەریتانیای لە تەشەنەسەندنی بارگرژییەکانی نێوان پاکستان و هیندستان دەربڕی و ڕایگەیاند کە لە نزیکەوە چاودێری پێشهاتەکان دەکەن. تێرێزا مەی داوای لە پاکستان و هیندستانیش کرد خۆیان بە دوور بگرن لە تەشەنەسەندنی زیاتری بارگرژییەکان و نەرمی بنوێنن.

چین داوای ئارامکردنەوەی دۆخەکە دەکات

هەروەها وەزارەتی دەرەوەی چین داوای ئارامکردنەوەی دۆخی گرژی نێوان پاکستان و هیندستانی کرد و هیوای خواست هەردوو وڵات لە پێناو سەقامگیریی و ئاشتیی درێژ مەودا هەوڵەکانیان بخەنە گەڕ. گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی چین، لو کانگ لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا کە لە پەکینی پایتەخت سازیکرد داوای لە هیندستان و پاکستان کرد دۆخەکە ئارام بکەنەوە.



ئەمەریکا و بەریتانیا و چین داوای ئارامکردنەوەی دۆخەکە دەکەن

ڕووداوەکانی کشمیر

لەسەر ئەرکی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دوو پرۆژە بۆ پەرستگای لالش جێبەجێ دەکرێن



قایمقامی شارۆچکەی شێخان دەڵێ، لەسەر ئەرکی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و بە گۆڕەی 380ملیۆن دینار، دوو پرۆژەی گرینگ بۆ پەرستگای لالش جێبەجێ دەکرێن.

شێخ سەردار شێخ یەحیا، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: دوو پرۆژەی گرینگ لەسەر ئەرکی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان نێچیرڤان بارزانی، بۆ پەرستگای لالش بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ جێبەجێ دەکرێن، ئەوانیش دروستکردنی ڕێگا بۆ پەرستگاکە و پرۆژەی ئاو بۆ پەرستگاکە و ئاودانی ڕەزوباغی پەرستگاکەن، کە ئەمەش سوودی زۆری بۆ پەرستگاکە دەبێت.

شێخ یەحیا گوتیشی، ئەو دوو پرۆژەیە لە ڕێگای قایمقامییەت و پارێزگای دهۆکەوە جێبەجێ دەکرێن و گۆڕەی 380ملیۆن دیناریشیان بۆ تەرخان کراوە، کە ئێستا هەردوو پرۆژەکە لە قۆناغی جێبەجێکردندان.

قایمقامی شێخان دەشڵێ، ئەو دوو پرۆژەیە دیاریی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستانن بۆ پەرستگای لالش و جێگای دەستخۆشین.

بەڕێوەبەری گشتیی بەندا و کۆگاکانی ئاو لە هەرێمی کوردستان دەڵێ، ئاستی بارانبارینی ئەمساڵ زۆر باشە، کە لە 57ساڵی ڕابردوودا ئەو ڕێژەیەی ئێستای تۆمار نەکردووە .دەشڵێت، 18 بەنداوی گەورە لە هەرێمی کوردستان دروست دەکەن.

ئەکرەم ئەحمەد، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند، ئاستی بارانبارینی ئەمساڵ بە ڕێژەیەکی زۆر بەرزە کە لە هەندێک شوێن ئاستی بارانبارین دووقات و سێقاتە، کە لە 57ساڵی ڕابردوودا بەو ڕێژەیەی زستانی ئەمساڵ باران نەباریوە.

بەڕێوەبەری گشتیی بەندا و کۆگاکانی ئاو لە هەرێمی کوردستان گوتیشی، لە ئەنجامی بارانبارین سەرجەم بەندەاوە بچووک و مامناوەندەکان پڕ بوون لە ئاو، پلانمان هەیە 18 بەندەاوی گەورە لە هەرێمی کوردستان دروست بکەین، زیاتر لە 200 شوێنمان دیاری کردووە کە بەندەاوی لێ دروست بکەین، ئەو پلان و پرۆژانەش ئامادەن و ئێمە چاوەڕێی حکوومەت دەکەین بۆ ناردنی ئەو پارەیە و دەستکردن بە دروستکردنی بەندەاوەکان، لە زاخۆوە تا دهۆکە خانەقین بەندا و دروست دەکەین.

ئەکرەم ئەحمەد ئەوەشی خستە ڕوو: لە بەندەاوی دەربەندیخان ناتوانین وەک پێویست ئاو کۆ بکەینەوە، لەبەر ئەوەی دەست بەرێزگرتن ژلایێ سەرۆکێ زانکۆیا دهۆک ڤە هاتنە پێشکێش کرن بۆ مالباتێن ڤان هەردوو شەهیدێن ئافرەت.



18 بەندەاوی گەورە لە هەرێمی کوردستان دروست دەکرێن
ئەکرەم ئەحمەد: سەرجەم بەندەاوە بچووک و مامناوەندەکان پڕ لە ئاو بوون

زانکۆیا دهۆک دوو کومەلگەهێن پشکێن ناڤخۆیی ییێن کچان ب ناڤێ شەهیدێن ئافرەت کرن



خەبات- دهوک: ڕەمەزان ڕێکانی ژ ڕاگەهاندنا زانکویا دهوکێ بو خەبات گوت: ل ڕۆژا **25/2/2019** ول ژێر چاڤدێریا پرۆفیسۆر د. مسلح دهۆکی سەرۆکێ زانکۆیا دهۆک ڕێڤەبەریا پشکێن ناڤخۆیی ل زانکۆیا دهوک ڕێورەسمەک تایبەت سازکر، دڤان ڕێورسماندا کومەلگەهێن پشکێن ناڤخۆیی ییێن کچان ل زانکۆیێ ب ناڤێ شەهید شیفا گەردی و شەهید کوردستان سالح هاتنە بناڤکرن.

هەروسا ریکانی گوت: کومەلگەهێ پشکێن ناڤخۆیی ییێن کچان ل کەمپێ زانکۆیێ ب ناڤێ شەهید شیفا گەردی هاتە ڤەکرن، هەروسا کومەلگەهێن دیتر ییێن پشکێن ناڤخۆییێن کچان ل دەرڤەی کەمپێ زانکۆیێ ب ناڤێ شەهید کوردستان سالح هاتە بناڤکرن.

بڤێ هەلکەفتێ سەرۆکێ زانکۆیا دهۆک پەیڤەک پێشکێشکر وگۆت: شەهید کوردستان سالح زاخۆیی ئەو کچا 16سالی کو قوتابیا پۆلا دووێ یا خانەیا مامۆستایان بوو ل دهۆکێ، ل ڕۆژا 16ی نیسانا سالا 1974دەمێ ژ خواندنێ د زڤریە ڤە و پەرتووکێن وێ لگەلدا بوون، بەرامبەر ئامادەیا کاوە ل دهۆکێ، مرۆڤ کوژیێن بەعسیا ئەفسەتیرا گەش شەهید کرن، کو بابێ کوردستانێ ژی، سالح حامد زاخۆیی ل سالا 1964 ل باژێرێ میسل، ژبەر هەلویستێ وی یێ کوردایەتی هاتبو سێدارەدان، هەروسا شەهید شیفا گەردی ژی ل ڕۆژا 25ی شوباتا سالا 2017دەمێ ڕۆمالکرنا شەرێ ئازادکرنا میسل ژ دەستێن تیرورستێن داعش هاتیە شەهید کرن. گۆتژی: زانکۆیا دهۆک دوو کومەلگەهێن پشکێن ناڤخۆیی ییێن کچان ب ناڤێ شەهیدێن ئافرەت بناڤکرن، وەکو ڕێزگرتن بۆ گیانێ پاکێ ڤان هەردوو شەهیدان و هەروسا سمبولەک بیت بۆ هەمی شەهیدێن کوردستانێ، چونکو د بزاڤا رزگاری خوازا کوردی دا و ل خەباتا چیایی و ل سەردەمێن نوی ژی ئافرەتا کورد ییێ سەلماندی کو خوادن شیان و ئیرادە و هزرو بیرێن نەتەوەی نە، سال بۆ سالێ جهێ خۆ پتر ل داناڤ هەمی کاران دا دیار دکەن و شێن دەستێن وان د ئاشکرانە.

ڕەمەزان ڕێکانی ئەو یەک ژی دیارکر کو دایکا شەهید شیفا گەردی د کورتە پەیڤەکی دا سوپاسیا سەرۆکاتیا زانکۆیا دهۆک کر بۆ ڤێ ڕێزگرتنێ، هەروەسا برایێ شەهید کوردستان سالح ژی دەست خۆشی ل زانکۆیا دهۆک کر کو خیشکا وان یا شەهید ل بیر ئینایە و کومەلگەهەکا پشکێن ناڤخۆیی ب ناڤێ وێ بناڤکرینە ،ل دووماهیا ڕێورسمان ژی دوو لوگو وەکو

بارزان... چالاکییەکانی یادی 18ی شۆبات بەردەوامن

مسلم دۆلەمەری- بارزان: لەدرێژەی کاروچالاکیەکانی خۆیاندا خزمەتکردن بە تۆڕی قوتابیان، نوسینگەی میرگەسوری یەکێتی قوتابیانی کوردستان بەچەندین چالاکی جۆراوجۆر لە گشت قوتابخانەکانی سنوری خۆیدا یادی 66ساڵەی دامەزراندنی یەکێتی قوتابیانی کوردستانیان بەرزو پیرۆز ڕاگرت. شایانی باسە ئەمساڵ بەشێوازێکی باشترو خزمەتێکی نوێتر و بەبێ جیاوازی لەهەر پێنج ناحیەکانی سنوری قەزای میرگەسور لەنێو ناوەندەکانی خوێندندا چالاکیەکان ئەنجامدران، کە ئەویش بریتی بوون لە خەلاتکردنی قوتابیە نمونەییەکان و کردنەوەی چەندین پیشانگای جۆراوجۆرو سازدانی ئاهەنگ و پێشکەشکردنی شانۆگەری جیاجیاو چەندین جۆری تری چالاکی.

بە چاککردنەوەی دەکرێت، تاوەکو کەموکوڕییەکان چارەسەر نەکەین وەک سالانی تر ناتوانین ئاوەکە بەردەینەوە تا دڵنیا نەبینەوە لەوەی هیچ کێشەیەکی نییە. ناوبراو ئەوەشی ڕاگەیاند: ئەگەر بەو شێوەیە بارانبارین بەردەوام بێت، ئەوا بەندەاوی دووکان ئاوەکەی بەردەدرێتەوە، ئەوکات ئەو شوێنە گەشتیارییانەی لە خوارەوەی ڕووبارەکەن کە بە تەجاوز دروست کراون، زەردیان پێ دەگات، بەڵام ئەوانەی بەپێی ڕێنمایی دروست کرابن، زیانیان پێ ناگات.

پێوەست بە مەترسیی کەمبوونەوەی ئاو لە هەرێمی کوردستان، ئەکرەم ئەحمەد ئاشکرای کرد، پێشبینیی ئەوە ناکرێت، چونکە هەرێمی کوردستان ڕێژەی ئاوی زۆر باشە، بەڵام نەمانتوانیوە ئاوەکان هەمووی کۆبکەینەوە، ئەمەش هۆکارەکەی نەبوونی بەندەاوی گەورەیە لە کوردستاندا، ئەگەر ئەو پارەیە تەرخان بکرێت، ئەوا دەتوانین لە بەهار و زستاندا ئاوەکە کۆ بکەینەوە و بەندەاوی لێ دروست بکەین، بەو شێوەیەش دووچاری قەیرانی کەمئاوی نابینەوە.

لە خولێکدا گەنجانی ئاوارە مەشق و ڕاهێنانیان پێ دەکرێت بۆ ئەوەی ببنە خاوەن پیشە

ڕاپۆرتی: فاتیح بەرزنجی

مافپەروەر دلاوەر ئەنوەر کاوانی بەڕێوەبەری ڕاهێنی پیشەیی هەولێر بەخەباتی ڕاگەیاند: دیارە ئەو بەڕێوەبەرایەتییە لە سالی 1984ەوە تا ئێستا توانیویەتی سەدان خولی پیشەیی بکاتەوە ولەلایەن چەندین مامۆستای بە ئەزموون وانەکان دەگوترێنەوە



گەنجان فێری پیشە دەکات بۆ ئەوەی ئەو گەنجانە لەدوای تەواو کردنی مەشق و ڕاهێنان دەستی کار بخاتە ناو بازاڕ هەرلە پێناو زیاتر گرنگیدان بەمەشق و ڕاهێنان بەم دواییە خزمەتگوزاریەکانی فراوانتر کرد ئەویش بەکردنەوەی خولی ڕاهێنان بۆ ئەوانەی کە ئاوارەن و بەهۆی شەڕی داعش ڕوویان لەکوردستان کردووە لە پارێزگاکانی موسڵ وکەرکوک و ئەو پارێزگایانەی کە داعش داگیری کردبوون هەرێمە ئێمە وەکو بەڕێوەبەرایەتی ڕاهێنانی پیشەی هەولێر خولمان بۆئەوانەکردەوە جگەلەوانە توانیمان خولی ڕاهێنان بۆ ئاوارەکانی سوریاش کردەوە دواتر دەربارەی چۆنیەتی ئەو جۆرە خولانە وەک ڕۆژنامەی خەبات ئەو ڕاپۆرتە هەواڵەمان ئامادەکرد:

دواتر دلاوەر ئەنوەر کاوانی دەربارەی چۆنیەتی کردنەوەی ئەو خولانە گوتی: بۆکردنەوەی ئەو خولانە ڕێککخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانیش هاوکاریان کردوین بۆئەو خولانەجگە لەو لەسەر بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش توانراوە چ دندین خولی جۆراوجۆر بکرێتەو دەیارە لە بەڕێوەبەرایەتی ڕاهێنانی پیشەیی چەندین پیشە هەیە بۆ فێرکردن وەک لەبەشی کارەباوسارد کەرەوەرو گەرمکەرەوەوبەشی میکانیکی ئوتومبیل و بەشی دروومان و بەشی لکاندن وپی ڤی سی وبەشی مۆبایل و ئێستاش بەشێکی تازەکراوەتەوە بریتیە لە بەشی کامێرای چاودێری و تۆڕی ئینتەرنێت بڕیاریش وایە لەنزیکترین کاتدا بەشی وزەی خۆریش بکەینەوە هەوەها جگەلەوانە چەندین وانەیەک دەگوترێتەوە ئەویش کارامەی ژیانە لەگەڵ وانەی جیهانی کار بناسەو گوتنەوەی چەند وانەیەک تەندروستی و سەلامەتی پیشەیی پێشکەش دەکرێت لەگەڵ وانەیەک لەسەر گرنگی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکاران لەدواین خولیشدا کە لە ڕۆژی 2/9 کراوەتەوە ئەویش خولێکی گرنگەو ماوەی شەش مانگی خایاند و مانگ بێت بکرێتەوە کەلە ڕۆژی 2/9ی پارسڵ دەستی پێکردووەو لە ڕۆژی 2/28 کۆتایی پێ دێت و ئەمڕۆ 2/ 28 کۆتایی ڕۆژەبۆ بەشداربووان دیارە مەشقارەکان لە هەر بەشێک بریتیە لە 20 کەس وڕۆژانە بڕی 5 دۆلاریان بۆ خەرج دەکرا لەلایەن ڕێککخراوی یونسکۆوە تاوەکو ئەمرۆکە مایەی دەست خۆشیە کە ئەو 40 کەسە بەبێ پێچران بەشداربانلە خولەکەدا کردووەو خولێکی خەستی پراکتیکی بوو وانەکان لەلایەن مامۆستایانی بە ئەزمونی خۆمان بە شێوەیەکی زانستیانە دەگوترایەوەو بەشداربوون سودێکی یەکجار باشیان لەوانەکان و لە خولەکەدا بینی ئەگەرهاتوو ئەو خولە سەرکەوتن بەدەست بێنێ ئەوا دەسکەوتێکی مەزنە بۆ شاری هەولێر هەرچەندە خولە کە سەرکەوتوو بووە بە گوتەی بەشداربووان و ئەو کەسانەی کەبەشداربوونە دەتوانن بێن بە کەسی پیشەوەرو دەست ڕەنگین و دەتوانن لە بازاڕدا پارسڵ دەستی پێکردو بریتیە لە خولی ڕاهێنان لەسەر بنەمای کارامەیی ئەوانەی کەبەشداربوون لەیەک ئاستدا نەبوون و هەرکەسەو ئاستێکی هەیەو ڕاهێنان بەو کەسانە دەکەین کە ئاستەکانیان جیاوازە ئەو خولە بەپاڵپشتی و هاوکاری ڕێکخراوی یونسکۆ و هاوکاری هەماهەنگی هەردوو وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی عێراق و وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی هەرێم بەڕێوەدەچێت لە هەشت بنکەلەکوردستان وعێراق وەک بنکەی شاری بەسرەو بابل ونەجەف و دوو بنکەی شوعلو ئەسکەندەریە لەبەغدا لە کوردستانیش لەسەر ئاستی پارێزگای هەولێر هەردوو بنکەی ڕاهێنانی هەولێرو بنکەی سۆران واتە دوو بنکەی ڕاهێنانی هەولێرو سۆران و شەش بنکەش لە شارەکانی عێراق ئامانجیش لە گرنگی بەرنامەی ئەو خولە خستە پراکتیکیە وەکو خۆرێکی پرشنگدارە بۆ ئەو گەنجانەی کە بەشداریان کردووە لەبواری مەشق و ڕاهێنانی پیشەیی و بۆیەکەمین جارە خولێک کە ماوەکەی بە درێژایی شەش هەبوو، بەڵام ئەو بەشە لەکوردستان نەبوو، ئەوەی مایەی دڵخۆشی بوو ئەوانەی کە بەشداریان کردبوو بە حەزو خولیایەکی زۆر بەشداریان لە خولەکەدا کردبوو، ئەمڕۆش لە مەڕاسیمێکی شایستەدا کۆتایی بەخولە پراکتیکیەکە دەهێنرێت بە ئامادەبوونی نوێنەری ڕێککخراوی یونسکۆو وەزارەتی کاری حکومەتی عێراق و وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی هەرێم بڕوانامەکان بەسەر بەشداربووان دابەش دەکرێت.

www.xebat.net
پێنجشەممە 2019/2/28 ژمارە (5704)

عەلی حسێن: هەرێمی کوردستان خاوەنی زۆرێک لە لاوی خۆبەخشە و هەوڵ بۆ پێشخستنی کوردستان دەدەن



بۆ زیاتر پێشخستنی پەیوەندییە گشتییەکانی نێوان خەڵک و حزب و حکومەت بۆ ئاراستەو بەرژەوەندی گشتی هاوڵاتیان. دوێنێ عەلی حسێن بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی کوردستانی و عێراقی پارتی دیموکراتی کوردستان بەئامادەبونی ئەندامانی مەکتەب پێشوازی کرد لە ڕەسول سالح سەرۆکی کۆمەڵەی پەیوەندییە گشتییەکانی کوردستان و ئەندامانی کۆمەڵەی پەیوەندییەکان وێڕای پیرۆزبایی لە سەرۆک و دەستەی تازەی کۆمەڵە، بایەخ و گرنگی پەیوەندییە گشتییەکانی لە کۆمەڵگاو هەماهەنگییەکان بۆ پێشخستنی ئەم پەیوەندییانە بۆ بەرژەوەندی و سەرخستنی کۆمەڵگای کوردستانی و بەسیستەم کردنی دامودەزگاکانی حزب و حکومەت و ڕێکخراوەکانی پیشەیی بەپێی یاسا و کارکردنی هاوبەش بۆ ئەم لایەنە خرایەڕوو، هاوکات سەرۆکی کۆمەڵەی پەیوەندییە گشتییەکان دیدو ڕوئیاو هەنگاوەکانی کۆمەڵەکەی بۆ بەرپرسی پەیوەندییەکان باسکرد کە تەنها ئامانجیان خزمەتکردن دەبێت بە بەرژەوەندییە گشتییەکانی خەڵکی کوردستان و پێشخستنی ئەم پەیوەندییانەو متمانەو پتەوکردنی شیرازەی کۆمەڵگا لە ڕێگای کاری ڕاگەیاندنەوە بایەخی زیاترو هەنگاوی جدی بۆ بهاوێژرێت، لەم بارەیەوە بەرپرسی پەیوەندییەکانی پارتی تەکیدی کردەوە، کە هەرێمی کوردستان خاوەنی زۆرێک لە گەنج و لاوی خۆبەخشە و پیشمەرگە ئاسا هەوڵی ڕێخستنی ئەم شێوە کارو پیشەیانە و هەنگاوەکانیان بۆ بەسیستەمبوونی پەیوەندییە گشتییەکان و کاری نەتەوەی نیشتمانی بۆ بەرەوپێشخستنی کوردستان دەکەن، سەرئەنجام سەردەکەوین و کوردستان بە ئاراستەی سەرکەوتنی خۆی دەگات، هەروەها پاڵپشتی و هەماهەنگی بۆ کۆمەڵەی پەیوەندییەکان وەزارەتی سەروەری یاسا و ئاسایشی ناوخۆ و هێزی پۆلیس ئەو هەڵمەتە ئەنجامدرا پشکنین بۆ 28شوێنکراو تیایدا کۆگایەکی دەرمان و دەرمانخانەیەک و ژمارەیەک نۆرینگە داخران.



چەند پرۆژە ل کەمپا دومیز دوو دهێنە ئەنجامدان

خەبات- دهوک: بو زانینا ڕەوشا پەنابەران ودوڤچونا پرۆژێن خزمەتکاری ل ڕوژا 26-2-2019 ئیسماعیل محەمەد ئەحمەد هاریکاریێ پارێزگەڕێ دهۆکێ بو کاروبارێن مروڤایەتی سەرا کەمپا دومیز دوو یا پەنابەرێن کوردێن سوری ل سنوڕێ قەزا سێمێلێ دا، لبەراهیێ کومبونک دگەل ستافێ کارگێریا کەمپا ناڤبری ئەنجامدان و ژنێزیک هایداری کێمۆکاسیێن خزمەتکاری پێن کەمپێ بو وتەکەزکر کو یا دشیان دابیت دێهێتە کرن نەخاسمە پێدڤیێن کارگێریا کەمپێ وپرۆژێن خزمەتکاری بو پەنابەرێن کەمپێ. پاش هاریکاریێ پارێزگەڕێ دهۆکێ بو کاروبارێن مروڤایەتی سەرپەرشتێ بوردێ BRHA سەرا پرۆژێ ئاڤاکرنا 131 شەنگستێ خیڤەتا وپرۆژێ سەخیترکرنا 148شەنگستێن خیڤەتێن دی دا کو نوکە دقوناغا بجهێنانێ دانە. هەروەسا هاریکاریێ پارێزگەڕێ دهۆکێ بو کاروبارێن مروڤایەتی سەرپەرشتێ بوردێ BRHA د داخویانییەکێ دا دیارکر کو لنێزیک دێ دەست ب چێکرنا پرۆژێ وزا روژێ هێتە کرن بو ڕونشتڤانێن کەمپا ناڤبری و208 ستونکێن کارەبێ ژی دێ هێنە دانان ئەڤ پرۆژە هەموو ژبو وێ یەکێ یە کو ڕەوشا پەنابەران ل ناڤ کەمپێ بهێتە خوشکرن.

مامۆستایانی خەبات تابلۆکانیان لە پێشانگای شێوەکاریی سالانەدا نمایش کرد



لە هۆڵی چالاکیی قوتابخانەکانی پەروەردەی خەبات، مامۆستایانی هونەر لە سنووری پەروەردە تابلۆکانیان نمایش کرد. دوێنێ چوارشەمە 2019/2/27، پێشانگای شێوەکاریی مامۆستایانی هونەر لە سنووری پەروەردەی خەبات بەڕێوە چوو کە بەشی چالاکیی قوتابخانەکانی بەڕێوەبەرایەتییەکە سالانە ڕێکی دەخات. لە پێشانگاکەدا کە بە ئامادەبوونی قایمقامی خەبات و بەڕێوەبەری پەروەردەی خەبات بەڕێوە چوو، بەشێکی بەرچاو لە مامۆستایانی سنووری پەروەردەکە، تابلۆکانیان نمایش کرد کە ناوەڕۆکی بەرهەمەکانیان گوزارشت بوو لە سروشت و بابەتە هونەرییەکانی دیکە. لە کۆتایی پێشانگاکەشدا بڕوانامەی بەشداربوون بەسەر ئەو مامۆستایانەدا دابەش کرا کە تابلۆکانیان نمایش کردبوو.

پڕۆژەی "چیرۆکی شوێنەوارەکان" بە چالاکییەک کۆتایی دێت



ڕێکخراوی کەونار بۆ پاراستنی شوێنەوار، پڕۆژەی "چیرۆکی شوێنەوارەکان" بۆ ناساندنی شوێنەوار و کەلەپوور بە منداڵان، بە پێشانگایەکی وێنەکێشان کۆتایی پێدێنێت. پێشانگەکە کاتژمێر سێی دوای نیوەڕۆی ئەمڕۆ پێنجشەممە 28 شوباتی 2019 لە گەلەری شانەدر لە هەولێر بەڕێوەدەچێت، جگە لە پێشانگەکە ژمارەیەک منداڵی بەشداربووی پڕۆژەکەوە، چیرۆکێک لەبارەی یەکێک لە شوێنەوارەکانی کوردستان دەگێڕنەوە، ئامانج لە پڕۆژەکە پاراستنی زیاتری شوێنە شوێنەوارییەکانە، هەروەها بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری کۆمەڵگەیە، بە تایبەت منداڵان کە لە لایەن کۆمەڵێک خۆبەخشەوە جێبەجێکرا. "چیرۆکی شوێنەوارەکان" لە چوار باخچەی منداڵان لە هەولێر بەڕێوەدەچوو، هەر باخچەیەک دوو ڕۆژ. چالاکوانە خۆبەخشەکان پێناسەی وشەی شوێنەوار و شوێنی شوێنەواری بەشێوازێکی سادە و پراکتیکی و بە بەکارهێنانی وێنە و کۆمەڵێک کەرەستەی تایبەت، بۆ منداڵان باسکردووە. پڕۆژەکە لە 3 شوبات 2019، لە باخچەی بالای ناحکومی لە هەولێر دەستپێکرد و بە پێشانگەکە کۆتایی دێت. کەونار ڕێکخراوێکی ناحکومییە و لە 23 ئەیلوولی 2018 دامەزراوە و "چیرۆکی شوێنەوارەکان" یەکەم پڕۆژەیەتی، لە داهاتوودا بە پڕۆژە و چالاکیی جیاجیا دڕێژە بە بلاوکردنەوەی هوشیاریی پاراستنی شوێنەوارەکانی کوردستان دەکات.

سۆران... بەمەبەستی کۆنترۆڵکردنی زیاتری دەرمان چەند نۆرینگەیەکی پزیشکی داخران



خەبات- سەید فاتیح بەرزنجی: بەرپرسی لیژنەی ئابووری قایمقامیەتی سۆران ڕونیکردەوە: بۆ ئەوەی دەرمانی بێ ستیکەرو قەدەغەکراو نەمێنی و سەرجەم نۆرینگەو دەرمانخانەکانیش پابەند بن بە ڕێنماییە تەندروستیەکان، هەڵمەتێک لەلایەن لیژنە هاوبەشەکانی قایمقامیەتەوە ئەنجامدرا لەپێناو زیاتر ڕێکخستنەوەی کۆگاکانی دەرمان و نۆرینگەکان و دەرمانخانەکانەو پێویستە کۆنترۆڵ بکرێن. شایانی باسە لیژنە هابەشەکان بریتی بوون لە نوێنەری سەندیکای دەرمانسازان و نوێنەری کوالیتی کۆنترۆڵ و نوێنەری تەندروستی سۆران بە هاوکاری ئاسایشی ناو شاری سۆران و هێزی پۆلیس ئەو هەڵمەتە ئەنجامدرا پشکنین بۆ 28شوێنکراو تیایدا کۆگایەکی دەرمان و دەرمانخانەیەک و ژمارەیەک نۆرینگە داخران.

هۆڵەندا بە چەندین پرۆژەی کشتوکاڵی هاوکاریی زانکۆی سەلاحەدین دەکات



دکتۆر جەوهەر فەتاح سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین بە وەکالەت لە دیوانی سەرۆکایەتی زانکۆ، پێشوازی لە شاندێکی کونسوڵخانەی گشتی هۆڵەندا کرد، کە پێکهاتبوو لە ڤیلم گوزاین کونسوڵی گشتی هۆڵەندا لە کوردستان و دەیڤد فان کاپن سەرۆکی وەفدی ڕێکخراوی نۆفیک و سلیڤا فان ڕۆزێ ڕاوێژکاری ڕێکخراوەکە. لەو دیدارەدا کە دکتۆر مستەفا عەتار یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری زانستی ئامادەبوو، کونسوڵی گشتی هۆڵەندا ئامانجی سەردانەکەیانی بۆ زانکۆی سەلاحەدین لەگەڵ ڕێکخراوی نۆفیلک خستەڕوو، کە نۆفیک ڕێکخراوێکی تایبەتی هۆڵەندایە بۆ بەنێودەوڵەتکردنی زانکۆکانی هۆڵەندا لە بوارە جیاجیاکانی کەرتی خوێندن، کە مەبەستیانە لە بوارە جیاجیاکانی کشتوکاڵ پەیوەندی لەگەڵ زانکۆکانی عێراق و کوردستان بەتایبەت ببەستێت، کە ووڵاتی هۆڵەندا دەیەوێت هاوکاری زانکۆکان بکات و بەئەنجام گەیاندنی چەندین پرۆژەی جۆراوجۆری بواری کشتوکاڵ لە بەرنامەی دایە.

دیوانی چاودێریی دارایی... یاسای بودجەی 2019ی عێراقی فیدراڵ تاوتوێ کرا



لە هۆڵی کۆبونەوەکانی دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان، تاوتوێی یاسای بودجەی 2019ی عێراقی فیدراڵ کرا. لە سمینارەکەدا سەرەتادا باس لە چەمکی بودجە بە گشتی و گرنگی دانانی بودجە لە ڕووی سیاسی و ئابوورییەوە کرا. لە تەوەری دووەمی سمینارەکەدا بە وردی باس لە بودجەی نوێی سالی 2019ی عێراقی فیدراڵ کرا و گفتوگۆ لەسەر ئەم شایستە گرنگە دارایینەی هەرێم کرا کە بەدەستی هێناوە لە کاتی دانانی پڕۆژە یاساکەدا، بۆ نموونە ڕێژی 50%ی داهاتی خاڵە سنووریەکان بۆ خەرجی هەمان پارێزگا دەبێت، کە ئەمەش خاڵێکی ئەرێنییە، جگە لەوەش ئێستا حکومەتی هەرێم وەکو پڕۆژە یاسا بۆ دانانی بودجەی هەرێم بەرچاوڕوونییەکی تەواوی هەیە لە دانان و ئامادەکردنی ڕەشنووسی بودجەی هەرێمی کوردستان کە دواتر دەنێردرێتە پەرلەمانی کوردستان بۆ ئەوەی ببێتە یاسا، ئینجا بگەڕێتەوە بۆ حکومەت و دواتر وەزارەتی دارایی ڕێنماییەکانی جێبەجێکردنی ئەم بودجەیە دەربکات، جا لێرەوە کاری پراکتیکی دیوانی چاودێری دارایی پتر دەردەکەوێت بۆ ئەوەی بەدواچوون لەسەر یەکەیەکەی بەندەکانی یاسای بوودجە و جێبەجێکردنی ڕێنماییەکانی بوودجە لەسەرجەم وەزارەت و دامودەزگاکان کە کوتوونەتە ژێر ڕکێفییەوە ئەنجام بدات.

لەماوەی یەک هەفتەدا حەوت کەس بەهۆی مامەڵەکردن بە دراوی ساختەوە دەستگیرکراون

خەبات- سەبریە یوسف: لەگەرمیان لەم هەفتەدا 7کەس بەمامەڵەکردن بەدراوی ساختەوە گیراون لەنێویندا هاوڵاتی ئێرانی هەیە. لەو بارەوە، ڕائیدی ماف پەروەر عەلی جەمال، بەرپرسی ڕاگەیاندن و پەیوەندیەکانی پۆلیسی گەرمیان، بەخەباتی ڕاگەیاند: دوای وەرگرتنی زانیاری و بەدواداچوونی ورد پۆلیسی فریاکەوتنی 104ی کەلار لەم هەفتەدا سێ هاوڵاتی بەهۆی مامەڵەکردن بەدراوی ساختەوە دەستگیر کرد، کە دوو لەو تۆمەتبارانە ئێرانین و یەکێکی دیکەیان کوردەو دانیشتووی قەزای کەلارە. وتیشی: دوێنێ لەنێو بازاڕی کەلار بنکەی پۆلیسی کەلار چوار تۆمەتبارانە دیکەی لەسەر مامەڵەکردن بەدراوی ساختەوە دەستگیرکرد، کە مەبلەغێک دراوی ساختەیان پێبووە. لەئێستادا تۆمەتباران کە حەوت تۆمەتبارن بەپاری دادوەرو بەپێی مادەی 281ڕاگیراون و لێکۆڵینەوە لەگەڵیاندا بەردەوامە. ئەوەشی خستەروو چاودێریەکانیان تۆندتر کردۆتەوە بۆپاراستنی ناوچەکە لەدراوی ساختە.

پرسەو سەرەخۆشی

بەناوی خودای مەزن و دڵۆڤان
خانەوادەی خوالێخۆشبوو حەسەن سالح کولی سلێڤانەیی
بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی پێشمەرگەی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول و بەرپرسی نوسینگەی ڕاوێژکارانی لقی 8ی پارتی دیموکراتی کوردستان (حەسەن سالح کولی سلێڤانەیی)مان پێگەیشت.
خوالێخۆشبوو حەسەن سالح سلێڤانەیی پێشمەرگەیەکی بەئەمەکی خەباتی نەتەوەکەی بووە و لە هەمانکاتدا کادیرێکی دڵسۆز و بەوەفا بووە و لەبەرپرسیاریەتی حوکمی و ئیداریدا بە ڕاستگۆیانە خزمەتی کردوە و جێدەستی دیارە.
بەم بۆنە خەمناکەوە هاوبەشی خەمی خانەوادە تێکۆشەر و بەڕێزەکەتانین و سەرەخۆشیمان ئاڕاستەی ئێوە و خزم و دۆست و هەڤاڵانی خوالێخۆشبوو دەکەین.
لە خودای گەورە داواکارین ئارامی و دڵنەوایی بەهەموو لایەک ببەخشێت و خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.

انا لله وانا الیه راجعون
بارەگای بارزانی

* * *

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان
بەڕێزان خانەوادەی خوالێخۆشبوو حەسەن سالح حسێن کولی- سلێڤانەیی
بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی و پێشمەرگەی شۆڕشی مەزنی ئەیلول، کادیری تێکۆشەر و دڵسۆزی پارتی و ڕێبازی بارزانی، خوالێخۆشبوو (حەسەن سالح حسێن کولی- سلێڤانەیی)مان پێگەیشت. هاوبەشی خەم و پەژارەتانین و سەرەخۆشی لە بەڕێزتان و خانەوادە کوردپەروەرەکەتان و تەواوی خزم و دۆست و کەسوکار و هەڤاڵانی خوالێخۆشبوو دەکەین. لەخوای گەورە داواکارین سەبووری و بەهەموو لایەک ببەخشێت و گیانی کۆچکردوویش بە بەهەشتی بەرین شاد بکات.

انا لله وانا الیه راجعون
مەکتەبی سیاسی

* * *

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان
بۆ هاوکارمان پەیام یوسف
بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی باوکی بەڕێزمان پێگەیشت. بەناوی سەرنووسەرو ستافی ڕۆژنامەکەمانەوە پرسەو سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی ئێوەو بنەماڵەکەتان دەکەین لەخوای داواکارین خوالێخۆشبێت بە بەهەشتی شادبکات و ئارامیش بە ئێوە ببەخشێت.

انا لله وانا الیه راجعون
خەبات

هەردەم ڕێبازی بارزانی زامنی لێبوردەیی و پێکەوەژیانی هەموو پێکهاتەکانی کوردستان بووە

ڕێبوار حەمەلاو شوانی

لەو کاتەوەی مستەفا بارزانی شۆڕشی لەسەر بنەمای پێناسەکردنەوەی بیری نەتەوەیی و ڕەتکردنەوەی ناوچەگەری و جیاوازی بیروبۆچوونی سیاسی بە کۆڵەگەی یەکەمی شۆڕشی سەرتاسەری کوردستان دەستنیشان کردووە، کوردایەتی هەوێنی شۆڕشەکانی کوردستان بووە، ئەوجا ئەو شۆڕشە شۆڕشی دووەمی بارزان بووبێت، یان بەشداریی مستەفا بارزانی و پێشمەرگەکانی بووبێت لە پاراستنی کۆماری کوردستاندا، یاخود شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بووبێت. کوردایەتی لە میتۆد و بیرکردنەوەی مستەفا بارزانی دا، پێناسەکردنەوەی ئەو چەوسانەوەو زوڵم و زۆر و غەدرە بووە کە داگیرکارانی کوردستان هەوڵیانداوە وەک ئیرادەیەکی دەرەکی، ئیرادەی خۆیان بەسەر تەواوی گەلی کوردستاندا بە جیاوازیی ئایین و نەتەوە و چینایەتییەوە بسەپێنن و هەموو تاکەکانی کوردستان ملکەچ و بێ ئیرادە بکەن.

ئەمەش بەو مانایەی هاوواڵتیانی کوردستان سەر بەهەر نەتەوەیەک، یان ئایینێک بووبن، یاخود هەژار بن، یان دەوڵەمەند، هەموویان وەک یەک لەژێر زەبری چەوسانەوەو ڕەفتاری داگیرکاراندا وەکو یەک چەوسێندراونەتەوە. بۆیە ڕێبازی بارزانی و فەلسەفەی مەلامستەفا بارزانی لە ئیدارەدانی شۆڕشە یەک لەدوایەکەکان بەئاراستەی یەکڕیزی و تەبایی و یەکخستنی هەموو توانا و جیاوازییەکان بووە، بۆ ئەوەی لەژێر دەستی داگیرکاران ڕزگاریان بێت و گەلی کوردستان کیان و ناسنامەیەکی تایبەت بۆ خۆیان دروست بکەن. لەسەر ئەم بنەمایە، گشت تێکۆشان و بەرخۆدانەکان تا ئێستا بە هاوشێوەی شۆڕشی بارزان و پاراستی کۆماری کوردستان و شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان، سەرچاوەی هێز و ئیرادەی گەلی کوردستانی لە پێکەوە کۆکردنەوەی جیاوازییەکان و پێکەوەژیانی سەرجەم لایەنە کوردستانییەکان سەیردەکرد، کە زۆر جار ئەم بەرەیە فراوانتریش دەبوو، ئەو هێزە عێراقییانەشی لەخۆی دەگرت کە دژی ڕژێمی دیکتاتۆری لە کوردستانەوە خەباتیان دەکرد، بۆیە، گشت تێکۆشانە بەردەوامەکان هەموو لە پێناو یەکریزی گشت هێز و لایەنە سیاسییەکان و دواتر بەدەسهێنانی مافەرەواکانی خەڵکی کوردستانە. بە درێژایی میتژووی خەباتی پر شانازی هەر لە شۆرشەکانی ڕابردوو و ئێستاش، پارتی دیموکراتی کوردستان هەموو هەوڵ و ئامانجی بۆ ئەوە بووە کە ڕایەڵەیەک دروست بکات بۆ ئەوەی جیاوازییەکان پێکەوە کۆبکاتەوە و فرەیی و هاوخەباتی لەنێوان حزبەکاندا بەردەوامی هەبێت، بۆیە هەردەم ڕێبازی بارزانی زامنی لێبوردەیی و پێکەوەژیانی هەموو پێکهاتەکانی کوردستان بووە بە هەموو چین و تۆێژ و نەتەوە و ئایین و ئاینزاکانیەوە. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ میتژووی شۆڕشی گوڵان، هیچ کاتێک پارتی دیموکراتی کوردستان بە تەنیا لەبەرەیەک نەبووەو لایەنەکانی دیکە لەبەرەیەکی دیکەدا بووبێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە هەر لایەنێکی سیاسی بە مەبەست و بە ئەنقەست و لە پێناوی بەرژەوەندییە حزبییەکانی خۆی هەوڵیدابێت، ململانێی شکۆ و نفوزی پارتی دیموکراتی کوردستان بکات، ئەوا ئەو لایەنە بەتەنیا لە بەرەیەکدا بووەو پارتی دیموکراتی کوردستان و تەواوی حزبە سیاسییەکانی دیکەی کوردستان لەبەرەیەکی دیکەدا بوون. ئەم ئاماژەیە بۆ هەڵدانەوەی لاپەڕەی ناسۆرەکانی ناکۆکییەکانی سەردەمی خەباتی چەکداری لە شاخ نییە، بەڵکو بۆ وەرگرتنی پەندو وانەی ئەو میتژووەیە کە فێرمان دەکات، لە قۆناخی ڕزگاری نیشتمانی و پێش دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان، فاکتەری سەرەکی بۆ بوون و مانەوەی بوونی خەڵکی کوردستان، تەنیاو تەنیا یەکڕیزی و تەبایی و هاوخەباتیی نێوان تێکڕای لایەنە سیاسییەکانی کوردستانە، بۆ ئەمەش ئەزموونی بەرەی کوردستانی کە لە ڕۆژە سەختەکانی ئەنفال و کیمیاباراندا دروست بوو.

بۆ ئێستای کوردستان بارودۆخێکی ئەوتۆی نێودەوڵەتی هاتۆتەپێشەوە کە پێشتر لە میتژووی بزاڤی ڕزگاریخوازیی کوردستاندا وێنەی نەبووە، بۆیە لەناو ئەم بارودۆخەدا سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان لە ئامادەباشیدایە لە پێناو کوردستانێکی بەهێز و حکومەتێکی بەهێز و زەمینەسازی لە پێناو کیانێکی سەربەخۆ. بۆیە ڕەوشەکە دەخوازێت و پێویستی بە یەکڕیزی و یەکدەنگیی هەموو هێزە سیاسییەکانی کوردستان هەیە، دەبێت هەموو حزبەکان کێشە و ناکۆکییە لاوەکییەکانیان بخەنەلاوە. کار بۆ یەکهەڵوێستی و بەهێزبوونی کوردستان بکەین.



کوردستان ناوچەیەکی ئارامە بۆ پێکهاتەکان

ئەندازیار بەرهەم گەردی



گەلی کورد لە سەد ساڵی ڕابردووی خۆیدا بەردەوام لە هەوڵی بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی بووە و بەردەوام لێی زەوت کراوە لەلایەن ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکان و هەرگیز ئاماژە نەبووین نەک مافەکانی کورد بدەن بەڵکو ئامادە نەبوونە دانیشی پێدابنێین، بەم هۆیەوە کورد دەیان شۆڕش و ڕاپەڕینی کردووە بۆ وەچەنگخستنی مافەکانی، بە دەستکەوتەرین ڕێککەوتنیش ساڵی 1970 بوو کە بۆ یەکەم جار لە میتژوو حکومەتی عێراق ناچاربوو دان بەمافە ڕەواکانی گەلی کورد بنێت بەشێوەیەکی فەرمی ئەوەبوو بە تاپۆیەکی هەمیشەیی.

لێرەدا باسەکە ئەوەیە میللەتێ هەمیشە چەوسێندراوەتەوە و مافەکانی زەوت کراوە و ڕێگای لێگیراوە کە تەنانەت مافە سادەکانیشی بەرجەستە بکات، لێرەدا ئایا ئەو نەتەوەیە دەبێ چی بکات کاتێک خۆی حکومەتداری بکات و نەتەوەی تر لە پاڵیدا کەمینە بێت؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسە گرنگە پێویست دەکات چاوێک لە ڕابردوو بکەین دوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی ساڵی 1991 کورد گەر لە جوگرافیایەکی بچووکیش بێت بۆتە خاوەنی کیانێکی نیمچە دەوڵەتی، ئەوەی گرنگە خۆشبەختانە دەتوانین شانازی پێوە بکەین سیاسەتی حەکیمانەی ڕابەری نەتەوەی گەلەکەمان سەرۆک بارزانی پاراستنی کەمینەکان بووە وە دابینکردنی مافە ڕەواکانیان بووە کاتێک پەرلەمانی کوردستان خاوەنی 11 کورسی کۆتایە بۆ پێکهاتەکان تاوەکو نوێنەرایەتی کەمینەکان بکەن، ئەمە خاڵێکی گرنگە جێگای پێزانینە کە لە بیرۆکەی سەرکردایەتی پارتی دارشتراوە، پێدانی دەیان پۆست لە ئاستی وەزیر و بەڕێوەبەرە گشتیەکان هەنگاوێکی گرنگە کە تا ئەمڕۆ ئەو سیاسەتە دروستە بەردەوامی هەیە. هەموو کات سەرکردایەتی پارتی و خودی سەرۆک بە ڕێزێکی زۆرەوە دەڕوانە پێکهاتەکانی کوردستان. ئاشکرایە لەهەر شوێنێکیش ئەم سیاسەتە هەبووبێت، ئەو دەڤەرە سەرکەوتنی بەدەستهێناوە، بەلام ڕەنگ بێت لە هەموو ئەمانە گرنگتر پرسێکی تر بوونی هەیە ئاخۆ بۆچی شاری کەرکوک نەتوانراوە ئەو برایەتیە لەوێش پەرەی پێبدری بە تایبەتی بۆ پێکهاتەی تورکمان؟ ئەمەیان دەکرێ بڵێین کە نەتوانراوە سیاسەتێکی دروست لە کەرکووک پەیرەو بکرێت ڕەنگ بێت هەرگیز پێهاتەکان هەستیان بە پاریزراویان نەکردبێت ئەمەش لە ئەنجامی بوونی سیاسەتێکی هەڵە کە لەلایەن هێزێکی سیاسی بالادەست پەیرەو دەکرێت گەر نا با لە خۆمان بپرسین بۆچی دەبێت هەمان پێکهاتە لە شاری هەولێر بە شانازیەوە باس لە کوردستانییوونی خۆی بکات و لە شارێکی وەک کەرکوک تەنانەت هەندێک جار دژی پیرۆزیەکانی کورد بووەستێتەوە؟، دەبێ بزانین ئەوەیان دەرنجامی سیاسیەتێکی پڕ لە کەم و کورتی و هەڵە بووە لە بڕی زیادکردنی دۆست خەریکە دۆستی چەند دەیەمان لێ دەکەن بە نەیار ئەوەش بەهۆی پەراوێزخستنی پێکهاتەکان و ململانێی بالەکانی ئەو هێزە سیاسیە سەری هەلداوە بێباک لەوەی کە چ ئاسەوارێک دوای خۆی بە جێ دێلێت بەردەوام بوون لەم سیاسەتە وایکرد چارەنووسی کەرکوک بە نادیاری بمێنێتەوە،کەرکوک ڕاستە شارێکی فرە پێکهاتەیە وە هەموو کات جەنابی سەرۆک بارزانی فەرموویەتی کەرکوک شاری برایەتی و پێکەوە ژیانی سەرجەم پێکهاتەکانە بەڵام بۆ هەمیشە ناسنامەی کەرکوک کوردستانیە، بۆیە دەکرێ لە ژێر ڕۆشنای ئەم پەیامە گرنگە مامەلە لەگەڵ کەیسی کەرکوک بکرێت وە پێکهاتەکان هەست بە دڵنیای بکەن لە پاراستنیان و بوونیان لە ناوەندەکانی بڕیار. باشترین و ناوازەترین نمونە، هەولێری پایتەختە کە تەنانەت لە ئەنجومەنی پارێزگاش خاوەن کورسی کۆتان هەر ئەوەش نا بەلکو پۆستێکی گرنگیان لایە کە جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگایە سەرەڕای بوونی دەیان پۆستی گرنگ لە ئیدارەی خۆجێیی پارێزگای هەولێر، ئەمانە دەستکەوتی گرنگن کاتێک وەفدە باڵاکان سەردانی کوردستان دەکەن سەرسامن بەو فرە پێکهاتەی کوردستان و پاراستن و بەژداری پێکردنی پێکهاتەکان لە حکومەت هەموو کات وتویانە شانازی دەکەن کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەنێوان کۆمەڵێک وڵاتی گەرم ناوچەیەک هەیە لە لوتکەی دیموکراسیدایەو هەموو کات ئەمەیان بە خاڵێکی پۆزەتیڤ و گەشی کوردستان وەرگرتووە زۆرجار وتویانە دەمانەوێ ئەم سیاسەتە ڕاست و دروستە بەردەوام بێت بۆیە پالپشتیتان دەکەین، کاتێک داعش هێرش دێنێتە سەر ناوچەی شەنگال دەبێتە هۆی ئاوارەبوون و بەدیلگرتنی دەیان و سەدان کچ و کوڕی ئێزدی ئەنجومەنی ڕوحانی ئێزدی سەردانی سەرۆک دەکەن داوا دەکەن بە هانایانەوە بچێ سەرۆک بارزانی دەفەرموێ "یان هەمووتان پێکەوە دەمرین یان هەموومان پێکەوە بە سەربەرزی ئاشتی دەژین" ئەم پەیامە بووە ئەگەر سارێژی جەرگی سوتاوی دەیان لە دایکە ڕەشپۆشەکان چونکە دەزانن کاتێک سەرۆک بەڵێن دەدات بەجێی دەگەیەنێت، ئەوەبوو کاتێک سەرۆک بڕیاری ئازادکردنی شەنگال دەدات خودی خۆی لە نزیکەوە سەرپەرشتی ئەم هێرشە گەورە دەکات و سەرکەوتنی گەورە بەدەست دێنێت و لەسەر چیای شەنگالەوە فەرمووی "من وەعدی خۆم بەجێ هێنا" سەرۆکێک لە بەرەکانی شەرەوە خودی خۆی پارێزگاری لە پێکهاتەکان بکات، چۆن هەست بە ئارامی و پارێزراوی ناکەن!. و کاتێک جەنابی سەرۆک بارزانی لەگەڵ هێزە سیاسییەکان کۆدەبنەوە بۆ بڕیاردان لە پرسێکی گرنگی وەک ریفراندۆم و دروستکردنی ئەنجومەنی بالای ریفراندۆم کاتێک جەنابی سەرۆک بارزانی داوا دەکات پێکهاتەکان ئەندامیان هەبێت لەم ئەنجومەنە بە شانازیەوە پێکهاتەکان دەبنە ئەندام گەر هەست بە پاریزراوی خۆیان و داهاتوویان نەکەن، چۆن هاوکار و هەماهەنگی بڕیارێکی لەم چەشنە دەبن؟ و لە دواهەمین بەرهەمی سیاستەتی دروستی پارتی بینیمان بۆ یەکەم جار و لەسەر ئاستی عێراق و ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست پۆستێکی گرنگی وەک جێگری دووەمی سەرۆکی پەرلەمان کە بەرزترین دەسەلاتی یاسا دانانە دەدرێت بە پێکهاتەیەک، ئەوە پێی دەوترێ لوتکەی دیموکراسی و باوەر بوون بە مافی پێکهاتەکان، کورد لە دێر زەمانەوە دەڵێ یەکێ دەردەسەری و زوڵمی زۆری دیتبێ بەدەستی حاکم و زۆردار بێشک کاتێک خۆی حاکم دەبێت جگە لە باشە بۆ بەرامبەرەکەی هیچیتری لێ چاوەروان ناکرێ ئەمەش تابلۆیەکی جوانی کولتوری کوردە و دەبێت پەرە بەم کولتوری بەیەکەوە ژیان و سیاستە نەرم و میانڕەوە بدرێ لە پێناو کرانەوەی زیاتری کوردستان بەڕووی دنیای دەرەوە بوونی ئایندەیەکی باشتر و خۆشگوزەرانتر بۆ نەوەکانمان.

کوردستان لە میدیای جیهاندا



لاڤرۆڤ و سیاسەتوانی کورد باسیان لە پرسی سووریا، جەنگی تیرۆر کرد

تاس TASS

لە بابەتێکی ماڵپەری ئاژانسی تاسی ڕووسی بەناونیشانی " لاڤرۆڤ و سیاسەتوانی کورد باسیان لە پرسی سووریا ، جەنگی تیرۆر کرد " ئاماژە بەوە دراوە کە:(سێرگی لاڤرۆڤ وەزیری دەرەوەی ڕووسیا و مەسروور بارزانی ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان لە پەراوێزی کۆنفرانسی ئاسایشی میونشن لە ئەڵمانیا باسیان لە دۆخی سووریا ، جەنگی دژی تیرۆریزمی نێودەوڵەتی کرد. هەروەها هەردوولا ڕا و بۆچوونیان سەبارەت بە پرسە هەرێمیەکان کرد و ڕووناکیان خستە سەر دۆخی عێراق و سووریا بەتایبەتی جەنگی دژی تیرۆریزمی نێودەوڵەتیان خستە ڕوو.



کوردانی عێراق یەکەم سەرۆک پەرلەمانی ئافرەتیان هەڵبژارد

Saudi Gazette

پەرلەمانتارانی کوردستان ڕۆژی دووشەممە سەرۆکێکی کاتی بۆ پەرلەمانی کوردستانیان هەڵبژارد د.ڤالا فەرید کاندیدی پارتی دێمۆکراتی کوردستان لە پارتی سەرەکی دەسەلاتداری هەرێمی کوردستان بە مسۆگەرکردنی شەست و هەشت دەنگ توانی ببێتە یەکەم ئافرەت کە پۆستی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان وەربگرێت. پەرلەمانی کوردستان دامەزراوەیەکی سەرەکیە بۆ سەقامگیری هەرێمی کوردستان، گەرچی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەشداری لە دانیشتنی پەرلەمانی کوردستانی کرد بەهۆی ناکۆکی لەگەڵ هێزە سەرەکیە سیاسیەکان لە هەرێمی کوردستاندا.



پشت لە کورد مەکەن، داواکاری بەرپرسانی بەریتانی لەمەڕ کشانەوەی ئەمەریکا لە سووریا

Telegraph

بەرپرسانی بەریتانی پێیانوایە کە کشانەوەی خێرای هێزە سەربازیەکانی ئەمەریکا لە سووریا مەترسیی دووبارە سەرهەڵدانەوەی جیهادیەکانی داعش بەدواوە دەبێت، بۆیە داواکارن کە ئەمەریکا نابێت پشت لە هاوپەیمانە کوردی و عەرەبییەکانی لە سووریا بکات کە بەشدار بوون لە جەنگی دژ بە داعش. لەم ڕووەوە (بۆب سیلی) ئەندامی پەرلەمانی بریتانیا و ئەندامی لیژنەی کاروباری دەرەوەی بریتانیا گوتی:"بریاری سەرۆک ترامپ بە کشانەوە لە سوریا هەڵوێستێکی نامۆیە و هەروەها کورت بینە... و ئێمە و ئەمریکا و فڕەنسا نابێت کورد لەژێر ڕەحمەتی (داعش) ڕژێمی سوریا بەجێبهێڵێن".



پاراستنی ئۆتۆنۆمی کوردی

The Cairo Review of Global Affairs

ناکۆکی و لێکترازانی نێوان وڵاتانی جیهان لە سووریا ئەگەری مسۆگەرکردنی پێکهێنانی هەرێمی کوردی سووریا و پاراستنی دەسەلاتی خۆبەڕێوەبەریان خۆش دەکات. ئێستا هێزە کوردیەکانی سووریا ، هێزە هەرێمیەکانیانی دابەش کردووە و ئەوانیش هاوسەنگی خۆیان لەنێوانیان دەپارێزن.



کورتەیەک لە ژیانی مجەمەدئەمین میرخان مێرگەسۆری

خوالێخۆشبوو پێشمەرگەو فەرماندەی فیداکار (میرخان محەمەدئەمین میرگەسۆری) لە ساڵی 1937 لە گوندی (فەقیان)ی دۆڵی (بیاو)ی سەر بە دەڤەری بارزان لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەرو خەباتکار هاتووە دونیا، برازای شەهیدی ناوداری ڕێبازی بارزانی (عەبدوڵڵا مێرگەسۆری) کە لەداستانی 1932 لە شەڕی (دۆڵاڤاژێ) شەهیدبووە، هەروەها کوڕی شەهیدی فەرماندە (محەمەدئەمین میرخان مێرگەسۆری)یە کە فەرماندەی ناوداری ڕێبازی بارزانی و هەڤاڵی دێرینی بارزانیی نەمربووە، یەکێک بوو لە فەرماندە بەشداربووەکانی شۆڕشی دووەمی بارزان و کۆماری کوردستان لە مەهاباد، هەروەها وەک فەرماندەیەک بەشداربووە لە ڕێڕەوە مێژوویییەکەی بارزانیی نەمر بۆ یەکێتی سۆڤیەتی جاران، ئەم قارەمانە (محەمەدئەمین میرخان مێرگەسۆری) لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوولیشدا وەک فەرماندە دێژە بەخەباتی داوە تاکو لە ساڵی 1962 گیانی خۆی فیدای ڕێگای ڕزگاری کوردستان دەکات. خوالێخۆشبوو میرخان محەمەدئەمین مێرگەسۆری لەگەڵ دەستپێکی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بوویتە پێشمەرگە لە 1961.10.16 لە مێرگەسور کەوتۆتە بۆسەی دوژمن و گرتوویانە و تا ساڵی 1964 لە بەندیخانەکانی موسڵ، هەولێرو بەغدا زیندانی بووە.

لە 1964/4/16 کە لەنێوان حکومەتی عێراق و سەرکردایەتی خەڵکی کوردستان و ڕێبازی بارزانی یادی بەختێر (میرخان محەمەدئەمین مێرگەسۆری) لە بارەی ڕۆڵی خەڵکی کوردستان لە ڕێبازی بارزانی نەمر و شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان لەو شۆینانەی کە فەرماندە ئەرک و بەرپرسیاریەتی هەبووە، گوتی: جەماوەر لەو دەڤەرانەی کە ئەرکی پێشمەرگایەتیم تێدا ئەنجام دەدا، خەڵکی کوردستان بە هەموو توانایەک و ئیمکانیاتێک هاوسۆزو و هاوکاری ڕێبازی بارزانی و پێشمەرگەی کوردستان بوون، هەتا ئافرەتەکان شان بەشانی پیاوەکانیان بە ئامادەکردنی خواردن خزمەتیان دەکرد. لە دەڤەری سۆران و سەرچیا و باڵەک و برادۆست و هتد. ئەو جێگایانەی کە چەندین بارەگای ئێمەی پێشمەرگەی ڕێبازی بارزانی لێ بوون، لە ناوچەی سەرچیاو و دۆڵی بیاو و سرێشمە و خەلان بیاو و 1965 شەڕی گەرووی عەمەرئاغا و سەرچیا لە ساڵی 1974و چەندەها شەڕ و داستانی دیکە بەشداربووە، بۆیە هەمیشە شانازی بەخەباتی پێشمەرگایەتی خۆی دەکرد لە ڕێزەکانی پێشمەرگەی ڕێبازی بارزانیی نەمر.

میرخان محەمەدئەمین مێرگەسۆری پێشمەرگەی شۆڕشی گوڵان

(میرخان محەمەدئەمین مێرگەسۆری) بەشداری لە شۆڕشی گوڵان کردووە و چەندین ئەرکی و بەرپرسیاریەتی هەبووە. دوای ڕێکخستنەوەی هێزەکانی پارتی دوای کۆنگرە، (میرخان محەمەدئەمین مێرگەسۆری) بوویتە فەرماندەی هێزی 40 و بەشێوەی مەفرەزە گەڕاوەتەوە بۆ باشوری کوردستان. ساڵی 1991 ناوی هێزی 40 کراوە بە هێزی بارەگای سەرۆک مسعود بارزانی و ناوبراو لەگەڵ ئەو هێزە گەڕاوەتەوە ناوچەی خەلیفان و دۆڵی بیاو کە تا شانەدەری لەژێر دەستدا بووە.

پارتی دێموکراتدا شەڕ ڕاوەستاو وتوێژ دانوسان هەبوو، بە داوای بارزانیی نەمر (محەمەدئەمین میرخان مێرگەسۆری) لە زیندان ئازادکراو گەڕایەوە بۆ ڕێزەکانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول، لە ساڵی 1965 بە فەرمانی بارزانیی نەمر دەبێتە جێگری سەرلقی 1ی زۆزک و دوای ساڵێک دەبێت بە سەر لقی 1ی زۆزک و یەکێک لە فەرماندەکانی داستانی هەندرێن و زۆزک بووە، تاوەکو دوای ڕێکەوتنامەی ئادار 1970 دەبێتە فەرماندەی سریەی 10ی پاسەوانی سنوور و پاش هەڵگرسانەوەی شۆڕش لە ساڵی 1974 دیسان لەبەر خۆراگیری و قارەمانی، (میرخان محەمەدئەمین مێرگەسۆری) بە فەرمانی (بارزانیی نەمر) دەبێتە فەرماندەی هێزی سەر چیا، دوای نسکۆی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول، ئاوارەی ئێران دەبێت. ئینجا لە شۆڕشی گوڵاندا وەکو فەرماندە ڕۆڵێکی زۆر چالاکی هەبوو و دەبێتە کەسێکی نزیکی لە سەرکردەی نەمر ئیدریس بارزانی و جەنابی سەرۆک بارزانی.

لە کۆنگرەی (12,11,10,9)ی پارتی دێموکراتی کوردستان بەشداری کردووە، لە کۆنگرەی نۆیەمی پارتی بە فەرمانی سەرۆک (مسعود بارزانی) دەبێتە فەرماندەی هێزی مەکتەبی سیاسی پارتی لە ڕاژان، دواتر لە ڕاپەڕینی ساڵی 1991 دەورێکی کارا دەبینی، ئەو تێکۆشەرە لە چەندەها داستانی شۆڕشگێڕیدا ڕۆڵێکی سەرەکی هەبووە و چەندین جار بریندار بووە.

57 ساڵ خەبات لەپێناو ئازادی و سەرفیرازی خەڵکی کوردستان

یادێک بۆ (میرخان محەمەدئەمین مێرگەسۆری)

پێشمەرگەی ڕێبازی بارزانی و فەرماندەی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول و گوڵان

خەبات: سەفەر یوسف میرخان ژاژۆکی

زۆرن ئەو تێکۆشەرە قارەمانانە کە گیانی خۆیان بۆ نیشتمان فیدا کرد و هەموو تەمەنیان پڕە لە خەبات و خۆراگری و کوردایەتی، ئەو مرۆڤانە هەمیشە بە سەربەرزی و زیندوویی لە ناو دڵی میللەتدا دەمێننەوە. یەکێک لەو پێشمەرگە قارەمانانە و فەرماندەی خەباتکار، کە هەموو تەمەنی خۆی لەپێناو ڕێبازی بارزانیی نەمر و پاراستنی خاک و ئازادی خەڵکی کوردستان تەرخان کرد ئەویش فەرماندە (میرخان محەمەدئەمین میرخان مێرگەسۆری) کوڕ و برازای شەهید و بریندار. کە بەشداری چەندەها داستانی کردووە لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوول و گوڵان و ڕاپەرین. جگە لە پێشمەرگایەتی (میرخان محەمەدئەمین مێرگەسۆری) مرۆڤێکی ڕۆشنبیر و دڵسۆز و بەوەفا بووە و کەسایەتیەکی کۆمەڵایەتی کوردستان بووە. ساڵێک بەر لە ئێستا (میرخان محەمەدئەمین مێرگەسۆری) دوای ململانێکی زۆر لەگەڵ نەخۆشی کۆچی دوایی کردووە. ئێمەش (ڕۆژنامەی خەبات) لە یەکەم ساڵیادی کۆچی دوایی ئەم تێکۆشەرەدا، هەوڵدەدەین چەند دێڕێک لە خەباتی دوور و درێژی ئەم تێکۆشەرە بۆ خوێنەران بخەینەڕوو.

محەمەدئەمین میرخان مێرگەسۆری چۆن بووە پێشمەرگە؟ بەر لە کۆچی دوایی، (میرخان محەمەدئەمین میرگەسۆری) لە دیمانەیەکی تایبەتدا بۆ ڕۆژنامەی خەبات

شەڕی نێوان سەرکردایەتی شۆڕش و ڕژێم هەبوو. زۆریان ئەشکەنجە دەدەین، زۆر جار کە خواردنیان پێدەدەین پڕ بوو لە کرم. لە ساڵی 1963 میرگەسۆر کەوتە دەست سوپای ڕژێم، نەماندەزانی چارەنووسی فەرماندە ئەسعەد خۆشەوی داوای لە حکومەتی ئەوکات کرد کە من و عەبدوڵڵا حوسێن ئامێدی، ئازاد بکرێین بەرامبەر بە ئازادکردنمان جێگری شورتەی تەلەعفەر بە ناوی (ئیسماعیل) ئازاد بکەن کە ماوەیەک بوو بە دیلی کەوتبووە جەنابیان من ئازاد کرام، کە من بەحکومی لە سێدارەدان حوکم درابووم. پاش مانەوەم بۆ ماوەی 18 ڕۆژ لە بارەگای پاسەوانەکانی تایبەتی بارزانیی نەمر، دواتر جەنابیان ئەمری کرد کە بگەڕێمەوە ناو ماڵ و خێزانم. خانەوادەکەم پاش ئاوارەیی گەڕابوونەوە زێدی خۆیان لە گوندی فەقیان، دوای ماوەیەک دۆزیمنەوە و پاش چەند ڕۆژ ماڵمان بار کرد چووینە مێرگەسۆر کە هەمووی وێران و سووتاو بوو، دواتر پەیوەندیم بە ڕیزی پێشمەرگەوە کرد و بوومە پێشمەرگە لە (دێری) لە (دۆڵەڕەقە) لە دەڤەری رانیە لە بارەگای بارزانیی نەمر.



پەیامنێری خەبات لەگەڵ سەلیم ئەسعەد خۆشەوی و میرخان محەمەدئەمین مێرگەسۆری

هەندێک لە بیرەوەرییەکانی میرخان محەمەدئەمین مێرگەسۆری

بیرەوەرییەکانی خوالێخۆشبوو (میرخان محەمەدئەمین مێرگەسۆری) پڕبوو لە بەرخودان و خۆراگری لەپێناو کوردایەتی. فەرماندەی خوالێخۆشبوو (میرخان محەمەدئەمین مێرگەسۆری) بەشداری چەندەها داستانی پێشمەرگایەتی کردووە، چەندەها یاد و بیرەوەری ئەو داستانەی لە هزرابوو، دەربارەی داستانی هەندرێن و زۆزک، (میرخان محەمەدئەمین مێرگەسۆری) گوتی: ئێمە ئێمە 11 مانگ لە زۆزک و هەندرێن بووین و سەرکەوتی گەورەمان بەدەستهێناو چەندین دەسکەوتمان هەبوو.

مام میرخان مێرگەسۆری لە شەڕەکانی زۆزک لە ساڵی خانەوادەمان بە کۆچ گەیشتووە، لە 8ی شوباتی 1964 گفتوگۆ دەستپێکرد لە نێوان شۆڕشی کوردستان بە ڕابەرایەتی بارزانیی نەمر و ڕژێمی عێراق لە ڕانیە، بارزانیی نەمر داوای لە ڕژێم کرد بەندکراوە سیاسیەکان ئازاد بکرێن، دوای ئەوە لە 16ی نیسانی 1964 ئازادکرام، دوای ئازادبوونم هاتمە گوندی (بلان) کە بارەگای خوالێخۆشبوو فەرماندە حەسۆ میرخان دۆڵەمەڕی و ئەسعەد خۆشەوی و شەهیدی فەرماندە عیسا سوار سێلکی لێبوو، ئەوان هاوکاری مادییان دەکردم، ئەگینا لە برسان دەمردین. 5ی حوزەیرانی 1963 شەهیدی دەست پێشمەرگە. بەڵام لەبەر ئەوەی نیازی میری خراپ بوو دەیانویست ئەو (ئیسماعیل) ئازاد بکرێت و ئێمە ئازاد نەکەن. دوای سەرنەگرتنی ئەم گۆڕێنەوەیە لە زروفێکی زۆر ناخۆش لە دهۆک ماینەوە لە ژوورێکی بچووک کە 40 کەسی تێدا بوو، لە 16ی نیسان گەیشتم بە بلان لە بارەگای خوالێخۆشبوو فەرماندە حەسۆ میرخان دۆڵەمەڕی دوو پێشمەرگەیان لەگەڵ ڕەوانە کردین بە ناوەکانی خالید عیسا میرگەسۆری و ئەحمەد ئیبراهیم بلەیی لەگەڵم هاتن تا چووین بۆ ڕانیە لە 20ی نیسانی 1964 بە دیداری بارزانیی نەمر شاد بووم، کە بە ئەمری

باس لە چۆنیەتی بوونی بەپێشمەرگەی ڕێبازی بارزانی دەکات:

ڕۆژی 1961-10-2 لەلایەن ڕژێمی ئەو کاتەی عێراق بەند کرام، دوو مانگ لە هەولێر بووم، ئینجا گواستراممەوە بۆ بەندینخانەی کۆماری موسڵ و زۆر ئەشکەنجەدرام، 3 ساڵ لە بەندینخانەی موسڵ بووم. دوای تێپەڕبوونی 4 مانگ لە بەندکردنم باوکم (شەهید محەمەدئەمین میرخان مێرگەسۆری) بە زامداری لە ناو نەخۆشخانەی موسڵ بەدەستی چەند جاشێکی خۆفڕۆش شەهیدکرا. لە بەندیخانەی موسڵ بووم لە بارودۆخێکی ناخۆشدا بووین، میللەتەکەمان ئاوارەبوون و

وون بوون

مەنەفێست بەناوی کۆمپانیای حتم خلیل عمر جۆری ئۆتۆمبێل هیوندای ئەکسێنت صالون ئۆتۆماتیک ٤ بستۆن ڕەنگ شین مۆدێل ٢٠١٧ ژمارەی ئۆتۆمبێل ٧٥٤٥٠ کاتی سلیمانی ژمارەی شاسی: KMHCT4AE5HU223852

وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

مەنەفێست بەناوی کۆمپانیای حتم خلیل عمر جۆری ئۆتۆمبێل مقطورە تریلە فلات ژمارەی شاسی: S33AWCRF0000022 وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

مەنەفێست بەناوی ك/ هامبورك جۆری ئۆتۆمبێل مقطورە فلات ڕەنگ شین ژمارەی شاسی: YS1C4ST3AYF0197003 وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

مەنەفێست بەناوی ك/ یام جۆری ئۆتۆمبێل شفل تایر بوبکات ڕەنگ سپی مۆدێل ٢٠٠٥ ژمارەی ئۆتۆمبێل ٨٥١٢٧ کاتی ژمارەی شاسی: ٥٢٧٤١١٠٦٨ وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

مەنەفێست بەناوی ك/ یام جۆری ئۆتۆمبێل حادلە عجلە مطاطیە هام ڕەنگ زەرد مۆدێل ٢٠٠٣ ژمارەی ئۆتۆمبێل ٤٢٥٧٢ کاتی ژمارەی شاسی: ٤٦٣٤٤ وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

مەنەفێست بەناوی ك/ یام جۆری ئۆتۆمبێل حادلە مطاطیە هام ڕەنگ زەرد مۆدێل ٢٠٠٣ ژمارەی ئۆتۆمبێل ٤٢٥٧٢ کاتی ژمارەی شاسی: ٤٦٣٤٤ وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

مەنەفێست بەناوی ك/ KOLN جۆری ئۆتۆمبێل حفارە زنجیر دوسان حجم کبیر ڕەنگ زەرد مۆدێل ٢٠١٣ ژمارەی ئۆتۆمبێل ٣٤٥١٢ کاتی ژمارەی شاسی: DHKCECA0SD000٦٤٤٢ وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

مەنەفێست بەناوی ك/ هبە جۆری ئۆتۆمبێل حفارە زنجیر دایو حجم کبیر ڕەنگ پرتقالی مۆدێل ٢٠٠٢ ژمارەی ئۆتۆمبێل ٣٠٣٨٥ کاتی ژمارەی شاسی: V-SL300LC-2743 وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

مەنەفێست بەناوی ك/ انترناشینال جۆری ئۆتۆمبێل مقطورە تریلە سایلۆ امسنت ژمارەی شاسی: NP9VM1020F1292001 وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

مەنەفێست بەناوی ك/ انترناشینال جۆری ئۆتۆمبێل مقطورە تریلە سایلۆ اسمنت ژمارەی شاسی: NP9VM1020F1292002 وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

مەنەفێست بەناوی ك/ یوڤان جۆری ئۆتۆمبێل مارسیدس شاسی تك ویل دبل قارە مۆدێل ٢٠٠٦ ژمارەی ئۆتۆمبێل ٤٧٨٠٠ کاتی ژمارەی شاسی: WDB9300611L081022 وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

مەنەفێست بەناوی کۆمپانیای بازار ئەمریکی کارس جۆری ئۆتۆمبێل دۆج جارجر ڕەنگی سور مۆدێل ٢٠١٨ ژمارەی ئۆتۆمبێل ٣٩٢٥ کاتی دهوك ژمارەی شاسی: 2C3CDXHG8JH298438 وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

پسوولەی شارەوانی ٣ هەولێر ژمارەی پسوولە ٧٦٥٤٥٩ ڕێکەوت ٢٠١٨/٨/٢٨ بەبری ٥٠٠٠٠٠ هەزار دینار بەناوی قادر حمد احمد وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

باجێکی پەیانگای کارگێڕی بەناوی (چەروە دارا محمد سعید)وون بووە هەرکەس دەیدۆزێتەوە بیگەڕێنێتەوە بۆ نوسینگەی خەبات لەکەلار.

***

دائرة الكاتب العدل اربيل الاولى
شعبة الانذار و الحجز

العدد: ٦٨٧/٧
التاريخ: ٢٠١٩/٢/٢٤

نشر الانذار

المنذر: (المحامى محمد فؤاد فائق وكيل المدير المفوض لشركة اشوربان اضافة لوظيفته)
المنذر اليه (عدى عدنان رشاد)

قد وجه اليك الانذار المرقم (١/١٨) فى (٢٠١٩/١/١٧) من قبل السيد: (المحامى محمد فؤاد فائق وكيل المدير المفوض لشركة اشوربان اضافة لوظيفته)

لغرض الانذاركم بخصوص ابرامكم العقد المرقم (A:٢٥:B:٣٨٠) المؤرخ ٢٠١٣/١١/٦ معكم حول شراء الشقة المرقم (B:٢٥) الطابق (٥) عمارة (A) فى مشروع فور تاورز المشيد القطعة المرقمة (١٢٨/١١٥٧) م/٥ عينكاوا لذا ننذرك بدفع كامل قيمة الشقة الموكلى خلال (١٥) يوميا بعد نشره فى جريدتين يوميتين بما انك مجهول الاقامة حسب اشعار مختار محلتى بەختیاری و ئەفسەرانی پۆل (ضباط الصف) فى مدينه اربيل التابعة لقائمقامية قضاء مركز اربيل فى ٢٠١٩/٢/١٣ لذا ننشر لكم وبشكل رسمى فى جريدتين يوميتين.

شوان فوزی زکی
عن كاتب عدل الاول
فى دائرة الكاتب العدل اربيل / الاولى

***

محكمة المواد الشخصية في الشمال
اعلان

الى المدعو : سيفي خلف علي

للطلب المقدم من قبل المستدعي (مراد خلف علي) المتضمن نصبها قيمة عليك ولمجهولية محل اقامتك في الوقت الحالي تقررت المحكمة تبليغك اعلانا في صحيفتين محليتين للحضور امام المحكمة ولك الاعتراض على ذلك خلال ثلاثين يوم وعند عدم حضورك سوف تتخذ المحكمة الاجراءات ضدك وفق الاصول

القاضي الاول / سعود حمود

***

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی شەقلاوە
ژمارە: ٧/ت/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٢/٢٧

ئاگاداری
گلدانەوەی سامانی نەگوازراوە
بۆ قەرزار/ نقیب مصطفی احمد

لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێتان و نەبوونی شوێنی نیشتەنی کاتی یا هەڵبژێدراوتان بۆ پێراگەیاندن، بەپێی ماددەی ٢٧ لە یاسای جێبەجێکردن بڕیاردرا لەڕێگای ڕۆژنامەیێکی ناوخۆ ئاگادار بکرێیتەوە بە:

مولکەکەتان ژمارە (١٣٦ کەرتی ٥٢ ئاقوبان) بەپێی نووسراوی ژمارە ١٦٤ لە ٢٠١٩/٢/١٧ تێبینەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی شەقڵاوە گڵدراوەتەوە لەبری قەرزی خاوەن قەرز (بشیر محمد والی) کە بڕەکەی ٦٠,٣٠٠,٠٠٠ شەست ملیون و سێ سەد هەزار دینار لەماوەی ١٥ ڕۆژ کە لە ڕۆژی دەرچوونی ئەم بڵاوکراوەیە دەست پێدەکات ئامادەبێت لەم بەڕێوەبەرایەتیە، بەپێچەوانەوە ئەم بڕیارە بەڕێوەبەرایەتیە بەردەوام دەبێت لەڕێکارە یاساییەکان و فرۆشتنی مولکەکە لەبری قەرزی ئاماژە پێکراو.

جێبەجێکاری داد/ اسماعیل اسعد اسماعیل

***

وەزارەتی تەندروستی
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان
ژمارە: ٢٣٧٠
ڕێکەوت: ٢٠١٨/٢/٢٤

بانگەوازی گشتی کەمکردنەوەی نهێنی ١/٢٠١٩ وەزارەتی تەندروستی بانگەوازی گشتی کەمکردنەوەی نهێنی رادەگەیەنێت بۆ دابین کردنی بەکرێ کرتنی ئۆتۆمبێل بۆ هاتووچۆی فەرمانبەرانی دیوانی وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتی کۆنترۆلی دەرمان و پێداویستی پزیشکی (KMCA) و بەڕێوەبەرایەتی کۆگای ناوەندی دەرمان و پێداویستی پزیشکی بەم شێوەی خوارەوە بۆ ماوەی یەك ساڵ جا هەر (کۆمپانیا ، نووسینگە ، بەڵێندەر) ئارەزووی بەشداربوونی هەیە سەردانی بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتیەکان لەدیوانی وەزارەت بکات بۆ کرینی تەندەر بە نرخی (١٠٠,٠٠٠) سەد هەزار دینار کە نادرێتەوە دواکات بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان کاتژمێر ١١ی پێش نیوەڕۆ ڕۆژی (سێ شەم) ڕێکەوتی ٢٠١٩/٣/١٢ رادەستی سکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەرەکان بکرێت تێبینی/ کرێی بڵاوکردنەوە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کۆمپانیایەی کە کارەکەی پێدە سپێردرێت.

١- جۆرێ ئۆتۆمبێل/ پاس (کۆستەر) داواکار/ ١١
٢- جۆرێ ئۆتۆمبێل/ مینی پاس داواکار/ ٣
٣- جۆرێ ئۆتۆمبێل/ پیکاب دەبل قارە داواکار/ ١
٤- جۆرێ ئۆتۆمبێل/ تویوتا پرادۆ داواکار/ ١

د. خالص قادر احمد
بەڕێوەبەری گشتی کارگێری و دارایی

***

ئاگاداری
بەڕێوەبەرایەتی ئەندازەی پارکەکانی هەولێر لەڕێگای لیژنەی زیادکردنی ئاشکرا (المزايدة العلنية) هەڵدەستێ بە بەکرێدانی کۆشك ژمارە ١ یەك لە پارکی (خۆشی) لەڕێگای زیادکردنی ئاشکرا بۆ ماوەی ١ یەك ساڵ بەپێی یاسای ژمارە ٣٢ی ساڵی ١٩٨٦ زیادکردنەکە لە کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ دەست پێدەکات کە دەکاتە ٣٠ یەمین ڕۆژ کە دەکەوێتە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٣/٢٨ لەناو دیوانی بەڕێوەبەرایەتیەکەمان ئەنجام دەدرێ، جا هەرکەسێك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە سەردانی بەڕێوەبەرایەتیمان بکات بۆ دانانی بارمتە (تأمینات)ی یاسایی، کرێگرتە و پارەی بانگکردن و بڵاوکردنەوە دەکەوێتە ئەستۆی. ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی ئەندازەی پارکەکانی هەولێر

***

فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)
ئاگاداری
بەروار: ٢٠١٩/٢/٢٦

بەپێ ئەو داواکارییەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (کۆمپانیای سەربەخۆ/ ب.ر.ك/ عباس فاضل عبدالرحمن) لە بەرواری ٢٠١٩/٢/٢٠ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگرێتەوە بۆ خۆی وتیستا دانەدراوە لە (ڕێگای بحرکە + ڕێگای قەتەوی ١٢٠م) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیارکراوە، بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا، واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە، وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو نارازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار، بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمادەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.

دادنووسی یەکەم / مریوان قرەنی ابراهیم

ئامێرەکان:

١- دوو پەمپی بەسەر خستنی چیمەنتۆ ژمارە/ WDB9640311016142332 - WDB9640311016596٧ دروستکراوی المانین مۆدێل ٢٠١٧ جۆری سوتەمەنی گاز.
٢- چوار سایلۆی خەزنی چیمەنتۆ و مەواد بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٨ چوار پارچەیی دوو تانکی هەوا.
٣- کۆمپرێسەری هەوایی چوار پارچەیی ژمارە ٠٠١١٨٠٥-١٨-S1-٠٤ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٨ توانای ١٠*K.W٤ سایلۆ ٤ بەرینە.
٤- خەباتەی تێکەڵکردنی مواد ژمارە: ٦٠٤٩ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٥٠ ژووری سەیتەرە.
٥- دوو هۆپەری چوار حەوزی بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٨ مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٤٠+٤٠ قایش کۆنفایەر.
٦- دە دانە میکسەری تێکەڵکردن و گواستنەوەی چیمەنتۆ ژمارەیان/

NMB9643311218888٦	وە
NMB9643311218887٦	وە
NMB9643311218887٥	وە
NMB9643311218937٧	وە
NMB9643311218928٨	وە
NMB9643311218925٩	وە
NMB9643311218886٢	وە
NMB9643311218928٩	وە
NMB9643311218925٦	وە
NMB9643311218933٨	دروستکراوی

المانین جۆری مارسیدس مۆدێل ٢٠١٨ جۆری سوتەمەنی گاز.

***

سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچونەی ناوچەی هەولێر
دادگای باری کەسیەتی کۆیە
ژمارە: ٦١/ش/٢٠١٩
بەروار/ ٢٠١٩/٢/٢٦

ئاگانامە

بۆ/ داوالێکراو(سازگار حسین احمد) دانشتووی گوندی حاجی قەڵا بەڵام ئێستا شوێنی نیشتەجێبوونی نادیارە.

داواکار(بایز ظاهر صالح) داوای ژمارە(٦١/ش/٢٠١٩)ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوای بڕینی بژێوی هەردوو منالەکەی (سەنا و سیداد) دەکات، کە بۆی براوەتەوە بەگوێرەی بڕیاری ئەم دادگایە وە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەگوێرەی زانیاری ئەنجومەنی گوندی حاجی قەڵا، وەرونکردنەوەی ئاگادارکردنەوەی بنکەی پۆلیسی ئازادی وەپشت بەستن بەمادەی (٢١) لە یاسای دادبینی دادگا بڕیاردا ئاگادارتان بکاتەوە بەناوەڕۆکی ئەم داوایە لەڕێگەی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگانامەیە لە دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە بۆ ئەوەی لەماوەی دادبینی ڕێکەوتی (٢٠١٩/٣/٢٥) لەم دادگایە ئامادەبێت خۆت یان بڕیکاری یاسایت بە پێچەوانەوە دادگا داوایەکە بە پشەمەلە یەکلایی دەکاتەوە بەگوێرەی یاسا.

دادەر/ شوان صابر اسعد

***

دادگای باری کەسیتی لەکەلار
ژمارە: ٩ / ش / ٢٠١٩
بەروار: ٢٤ / ٢ / ٢٠١٩

ئاگاداری
بۆ داوا لەسەر کراو : ارام برهان جمیل

داواکار (ربیعة رمضان عیسی) داوای ژمارە (٩ /ش / ٢٠١٩)ی لەم دادگایە تۆمارکردوە لەسەرت و تیایدا داوای جیابونەوە دەکات لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە ، بەپێی ئەشعاری ئەنجومەنی گەڕەکی (حمرین) لە شاری (کەلار) بۆیە ئەم دادگایە بڕیاریدا بە ئاگادارکردنەوەت لەڕێگەی دوورۆژنامەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ ڕۆژی ١٣ / ٣ / ٢٠١٩)کاتژمێر (٩)ی بەیانی بۆیە پێویستە لەڕۆژی دیاری کراودا ئامادەبیت یان بریکارێك لەجێگەت ئامادەبێت بە پێچەوانەوە دادبینی بەشێوەی پاشمەلە دەرحەقت ئەنجام دەدرێت .

دادەر / پروین علی احمد

***

وەزارەتی شارەوانی و گەشتو گوزار
بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی گەرمیان
سەرۆکایەتی شارەوانی رزگاری
کارگێڕی و خۆیەتی
ژمارە : ٤١٩
ریکەوت : ٢٥/ ٢/ ٢٠١٩

ئاگاداری
سەرۆکایەتی شارەوانی رزگاری ئاگاداری هەموو ئەو هاوڵاتیانە دەکاتەوە کە ساڵانی (١٩٨٧ – ١٩٨٩) زەویان لەناحیەی ڕزگاری،(صمود) وەرگرتووە کە هاوڵاتی (امین مشیر احمد) خاوەنی زەوی ژمارە هەوائی (٢٥١٢) داوای ڕێگا پێدانی کردوە بەمەبەستی دروستکردنی خانوو ، هەر هاوڵاتیەك گلدانەوەی لەسەر ئەو پارچە زەوییە هەیە لەماوەی (٣٠) ڕۆژدا لەپاش بڵاو کردنەوەی ئەم ئاگاداریە ئاگاداری سەرۆکایەتی شارەوانیان بکاتەوە بە پێچەوانەوە شارەوانیان کاری یاسایی بۆناوبراو دەکات .

ئەندازیار/ارسلان احمد محمد
سەرۆکی شارەوانی رزگاری

***

Employment Opportunity

The U. S. Consulate General is seeking professional and qualified individuals to fill two vacant positions of Procurement Agent in Erbil. Please visit our website at https://erajobs.state.gov/dos-era/irq/vacancysearch/searchVacancies.hms for more detailed information. Nominations must be submitted by March 3, 2019.

وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار
سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر
لیژنەی یەکەمی فرۆشتن و بەکرێ دان
ژمارە: ٢٩٤٧/١٠
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٢/٢٦

ئاگاداری
ئاگاداری هاوڵاتیان دەکەینەوە کەوا لیژنەی یەکەمی فرۆشتن و بەکرێ دانی سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر هەڵدەستێت بە فرۆشتنی ئەم پارچە زەویيانەی خوارەوە، بە ڕێگای زیادکردنی ئاشکرا بەپێی یاسای ژمارە ٣٢ ی ساڵی ١٩٨٦ هەرکەسێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە سەر بدات لە سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر (لیژنەی ئاماژە پێدراوی سەرەوە و بەشی ژمێریاری/ داهات) بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاتر و دانانی بارمتەی یاسایی بە ڕێژەی ٢٠٪ کەمتر نەبێت لە نرخی خەملێنراو زیادکردنەکە لە کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ ڕۆژی ٣٠ یەمین دەست پێ دەکات، کرێ گرتە پارەی بانگ کردن و بڵاوکردنەوەی دەکەوێتە ئەستۆ.
١- ژمارەی زەوی/ ٢٥٧٢/ ٤٤ ك وارش ڕووبەر/ ٤١٦,٩٩م٢/ نیشتەجێ
٢- ژمارەی زەوی/ ٧١٧/ ٤٤ ك وارش ڕووبەر/ ٢٩٨,٩٩م٢/ نیشتەجێ

ئەندازیار/ سامان محمد احمد
سەرۆکی شارەوانی هەولێر

وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار
سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر
لیژنەی یەکەمی فرۆشتن و بەکرێ دان
ژمارە: ٢٩٤٨/١٠
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٢/٢٦

ئاگاداری
ئاگاداری هاوڵاتیان دەکەینەوە کەوا لیژنەی یەکەمی فرۆشتن و بەکرێ دانی سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر هەڵدەستێت بە بەکرێ دانی ئەم شوێنەی خوارەوە، بە ڕێگای زیادکردنی ئاشکرا بەپێی یاسای ژمارە ٣٢ ی ساڵی ١٩٨٦ هەرکەسێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە سەر بدات لە سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر بەشی ژمێریاری داهات بۆ وەرگرتنی زانیاری دانانی بارمتەی یاسایی بە ڕێژەی ٢٠٪ کەمتر نەبێت لە نرخی خەملێنراو زیادکردنەکە لە کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ ڕۆژی ٣٠ یەمین دەست پێ دەکات، کرێ گرتە پارەی بانگ کردن و بڵاوکردنەوەی دەکەوێتە ئەستۆ.
١- ژمارەو جۆری بەکارهێنان/ پێشانگای ئۆتۆمبێل لەسەر بەشێك لە پارچە زەوی ژمارە (٥) ك ٨ تورەق بەرووبەری ٣٣٠٠م٢ ماوەی بەکرێدان/ ٢٥ ساڵ.

ئەندازیار/ سامان محمد احمد
سەرۆکی شارەوانی هەولێر

وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار
سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر
ئەنجوومەنی شارەوانی هەولێر
ژمارە: ٢٩٩٧/١٠
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٢/٢٧

ئاگاداری
ئاگاداری گشت فەرمانگە میری و شێوە میری و هاوڵاتیان دەکەینەوە کەوا سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر هەڵدەستی بە جاردانی نەخشەی کەرتی ژمارە K ٥٤٩ پێشنیار کراو بۆ پارچە زەوی ژمارە ٥/٢٨٩١ ك ٩٣ حصارۆك.. جا هەر کەسێك سکاڵاو تێبینی هەیە سەربدات لە سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر/ ئەنجوومەنی شارەوانی لە ماوەی ٣٠ ڕۆژ لە دوای بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە لە ڕۆژنامە دوای ئەوە شارەوانی گۆرینەکە پەسند دەکات بەپێی یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانیەکان ژمارە ٦ ی ساڵی ١٩٩٣.

ئەندازیار/ سامان محمد احمد
سەرۆکی شارەوانی هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون
ژمارە: ٦٤٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١/٢٨

بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیا سنووردار

پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (S.F.A.J) بۆ خزمەتگوزاری کۆگاکردن و داگرتن و دابەشکردن/ سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١/١٣) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەڕێڕپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (سامان حسن یونس) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو، من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.

ئەم بریارە نووسراوە لە بەرواری ٢٠١٩/١/٢٨

ئاراس ڕۆوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (S.F.A.J) بۆ خزمەتگوزاری کۆگاکردن و داگرتن و دابەشکردن/ سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پاریزگای هەولێر)

پاکتاوکار/ سامان حسن یونس

ناونیشان/ هەولێر- ئازادی

ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٥٦٨٩٨٣

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە ینەوە کۆمپانیای (الاجراس) بۆ (بازرگانی گشتی/ سنوردار) بریاری گۆرینی ناوی کۆمپانیای داوە لە کۆمپانیای (الاجراس/ بۆ بازرگانی گشتی/ سنوردار) بۆ کۆمپانیا (Belltel/ بۆ بازرگانی گشتی/ سنوردار) بۆیە هەر کەسێك نارەزایی یان هەر مافێکی لە سەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی سەردانی بەریوە بەرایەتی گشتی تومارکردنی کۆمپانیان بکاتەوە لە (شاری هەولێر - شەقامی ٣٠ م – بەرامبەر سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران) بۆ یەکلایکردنەوەی کیشەکان.

أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان / بە وکالەت

وەزارەتی شارەوانی و گەشتو گوزار
بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی گەرمیان
سەرۆکایەتی شارەوانی رزگاری
کارگێڕی و خۆیەتی
ژمارە : ٤٠٨
ریکەوت : ٢٥/ ١٢/ ٢٠١٩
ئاگاداری
سەرۆکایەتی شارەوانی رزگاری ئاگاداری هەموو ئەو هاوڵاتیانە دەکاتەوە کە ساڵانی (١٩٨٧ – ١٩٨٩) زەویان لەناحیەی رزگاری،(صمود) وەرگرتووە کە هاوڵاتی (امنە حمید سلیمان) خاوەنی زەوی ژمارە هەوائی (٦٠١٧) داوای ڕێگا پێدانی کردوە بەمەبەستی دروستکردنی خانوو ، هەر هاوڵاتیەک گلدانەوەی لەسەر ئەو پارچە زەویە هەیە لەماوەی (٣٠) ڕۆژدا لەپاش بڵاو کردنەوەی ئەم ئاگادارییە سەرۆکایەتی شارەوانیمان بکاتەوە بە پێچەوانەوە شارەوانیمان کاری یاسایی بۆناوبراو دەکات .
ئەندازیار/ ارسلان احمد محمد
سەرۆکی شارەوانی رزگاری

***

وەزارەتی شارەوانی و گەشتو گوزار
بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی گەرمیان
سەرۆکایەتی شارەوانی رزگاری
کارگێڕی و خۆیەتی
ژمارە : ٤٣٤
ریکەوت : ٢٦/ ٢/ ٢٠١٩
ئاگاداری
سەرۆکایەتی شارەوانی رزگاری ئاگاداری هەموو ئەو هاوڵاتیانە دەکاتەوە کە ساڵانی (١٩٨٧ – ١٩٨٩) زەویان لەناحیەی رزگاری،(صمود) وەرگرتووە کە هاوڵاتی (صبیحە عبداللە حمەرەش) خاوەنی زەوی ژمارە هەوائی (١٠٦٥٥) داوای ڕێگا پێدانی کردوە بەمەبەستی دروستکردنی خانوو ، هەر هاوڵاتیەک گلدانەوەی لەسەر ئەو پارچە زەویە هەیە لەماوەی (٣٠) ڕۆژدا لەپاش بڵاو کردنەوەی ئەم ئاگاداریە سەرۆکایەتی شارەوانیمان بکاتەوە بە پێچەوانەوە شارەوانیمان کاری یاسایی بۆناوبراو دەکات .
ئەندازیار/ ارسلان احمد محمد
سەرۆکی شارەوانی رزگاری

***

بۆ داوالێکراو (حسن عبدالکریم مصطفی)
ئاماژە بە داوای ژمارە (١٩٤٨)ش/١/٢٠١٨) کە تایبەتە بە داواکار (کبری اکرام محمد) وە داوالێکراو (حسن عبدالکریم مصطفی) کە جۆری داوا بریتیە لە (تفریق) دەکات لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری گەرەکی لاوان ستی دادگا بریاری دا لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بۆ ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە ڕۆژی ٢٠١٩/٣/١٣ کە خۆت ئامادەبیت یان جێگرێکی یاسایی لەجیاتی خۆت ئامادەبێت بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت.
دادوەر/ دیار محمد علی

***

دادگای بەرایی هەولێر/٤
ژمارە/ ٣٤/ ب٤/ ٢٠١٩
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٢/٢٧
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (رشاد عودی احمد)
داواکار (شیرزاد سعید فتاح) داوای ژمارە ٣٤/ ب٤/ ٢٠١٩ لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرتان بە پابەندکردنت بە گەراندنەوەی بری (٤٠٥٠) دۆلاری ئەمریکی لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری هەولێر/ گەرەکی موفتی) لە ٢٠١٩/١/٩ بڕیە ئەم دادگایە بریاری دا بە پێراگەیاندنت لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ ڕۆژی دادبینی (٢٠١٩/٣/١٨) کات (٩)ی بەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی بە پاشمڵە ئەنجام دەدرێت..
دادوەر/ محمد بهاءالدین عبدالله

***

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی/قوشتەپە
ژمارەی دۆسیە/٣/انابە/٢٠١٩
ڕێکەوت/٢٠١٩/٢/٢٧
جاردان
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی قوشتەپە ژمارە ١/٧٥ ك ١٣٢ گردەلا کە کەوتوەتە کەرتی ١٣٢ گردەلا دەفرۆشێت, خاوەنەکەی قەرزار زاری عزیز احمد کە گلدانەوەی خراوەتەوە سەر لەجیاتی قەرزی اسماعیل عبدالرحمن حمە بەڕی/ ٩٠,٠٠٠,٠٠٠ نەوەت ملیۆن دینار هەرکەسێ ئارەزوومەند ٣٠ سی ڕۆژ لە ڕۆژی دوای ئەم بڵاوکردنەوەیە لەگەل بارمتەی یاسایی کە ١٠٪ نرخە قرساوەکەیەتی ولاتنامەی عێراقی ئامادە بێت و پارەی تۆمارکردن و دەلالیش لەسەر کڕیارە.
جێبەجێکاری داد / پیمان شفیق حمدامین
١ – شوێن و ژمارەی/ هەولێر قوشتەپە/ گوندی گردەلا
٢ – ڕەگەزو جۆری/ گرێبەستی کشتوکاڵی
٣ – سنوورو ئاگاداری/ هەر وەك لەنەخشەکەدا هاتووە
٤ – پێکهاتەکەی/ یەك بیر سێ خانووی نیشتەجێبوون (یەك ژوور و هول و مطبخ و حمام و مرافق دیواری بلوك)
٥ – ڕووبەرەکەی/٦٣ دۆنم
٦ - پلەی ئاوەدانکاری/
٧- نیشتەجێکەی/
٨ – نرخی قرساو/ ١٧٣,٨٨٠,٠٠٠ سەدو حەفتاو سێ ملیون و هەشت سەد و هەشتا هەزار دینار.

***

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردنی هەولێر
ژمارەی دۆسیە: ٥٥٤/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٧/٢/٢٠١٩
ئاگاداری
بۆ/ هەردی سلام حمد
لەبەر نەزانین و نادیاری شوێنی نیشتەجێ بوونت, بۆیە بەپێی ماددەی (٢٧) لەیاسای جێ بەجێ کردن, بڕیاردرا لەڕێگای ڕۆژنامەیەکی ناوخۆوە پێت ڕابگەیەنین تا لەماوەی (١٥) ڕۆژ لەڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە بەردەم ئەم بەڕێوەبەرایەتی یە نامادە بێت بۆ ئەنجامدانی ڕێکارەکانی جێ بەجێ کردنی دانەوەی قەرزی (حسین صابر قادر) کە بڕی ($٦٥٠٠ دۆلار) ئەگەرنا بەپێی یاسا ناچار دەکرێیت قەرزەکە بدەیتەوە.
جێبەجێکاری داد/ هەردی حمدامین همزه

***

سەرۆکایەتی لیژنەی یەکەمی زەوی دەست بەسەراگرتن لە هەولێر
ژمارە: ١٦
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٢/٢٥
ئاگاداری
لەسەر داوای پارێزەر (ئارام ایوب ملازاده) بریکاری هاوڵاتی (حبیبە حمدامین خدر) سەرۆکایەتی لیژنەکەمان هەڵدەستێت بە ڕاستکردنەوەی ناو:-
لە (خضر کارسول بیبرش) بۆ (خدر رسول پیرەوش) لە بریاری تەسویەی پارچە زەوی ژمارە (٧) کەرتی ٤/کۆڕی وە لە (خضر کارسول خضر) بۆ (خدر رسول پیرەوش) بە بریاری پارچە زەوی ژمارە (٣٠٢) کەرتی ٤/ کۆڕی, کە لەساڵانی تەسویە بەهەلە تۆمار کراوە, جا هەر کەس و لایەنێك بۆ هەرلێستکاری هەیە لەسەر ڕاستکردنەوەی ناوەکە ئاگادارمان بکاتەوە لەماوەی (١٥) ڕۆژ لەبڵاوکردنەوەی ئاگادارییەکە بەپێچەوانەوە لیژنەکەمان کارەکەی ئەنجام دەدات بەپێی یاسا.
کاروان ابراهیم اسماعیل/ سەرۆکی لیژنە

***

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکە ینەوە کۆمپانیای (کۆگر) بۆ (پاککردنەوە و دابینکردنی هەلی کار) بریاری گۆرینی ناوی کۆمپانیای داوە لە کۆمپانیای (کۆگر) بۆ کۆمپانیا (کۆگرد) بۆیە هەر کەسێك نارەزایی یان هەر مافێکی لە سەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی سەردانی بەریوە بەرایەتی گشتی تومارکردنی کۆمپانیاکان بکاتەوە لە (شاری هەولێر - شەقامی ٦٠ م - کۆمەڵگای وەزارەتی بازرگانی وپیشەسازی)
أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان / بە وکالەت

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکە ینەوە کۆمپانیای (کۆگر) بۆ (پاککردنەوە و دابینکردنی هەلی کار) بریاری گۆرینی ناوی کۆمپانیای داوە لە کۆمپانیای (کۆگر) بۆ کۆمپانیا (کۆگرد) بۆیە هەر کەسێك نارەزایی یان هەر مافێکی لە سەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی سەردانی بەریوە بەرایەتی گشتی تومارکردنی کۆمپانیاکان بکاتەوە لە (شاری هەولێر - شەقامی ٦٠ م - کۆمەڵگای وەزارەتی بازرگانی وپیشەسازی)
أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان / بە وکالەت

HKN ENERGY LTD.

Position: Human Resources Manager
Location: HKN Office, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Status: Local Full time
Reports To: Country Manager
Subordinates: None

Position Overview/Scope:

The position is responsible for the overall management of Human Resources function, including but not limited to the development of HR policies, directs and manages human resources activities, such as employment, compensation, labor relations, benefits, training, and employee services by performing the following responsibilities.

Responsibilities:

- Maintains the work structure by updating job requirements, approval, and job descriptions for all positions.
- Maintains management guidelines by preparing, updating, and recommending human resource policies and procedures.
- Manages recruitment process: advertisement, shortlisting CVs, interviewing, counselling managers on candidate selection, compensation negotiation and internal approvals.
- Administers benefits programs such as health, insurance, vacation, sick leave, leave of absence, and employee assistance.
- Oversee and manage the planning, monitoring, and appraisal of employee work results through assessments system to drive high performance.
- Manage process of personnel onboarding including necessary documentation and internal approvals.
- Manage process of termination of personnel, including exit interviews.
- Coordinates personnel issues and conflict resolution including both performance and personal issues.
- Ensures legal compliance practice for this region by monitoring and implementing applicable human resource requirements and maintaining records.
- Reviews staff job contributions and ensures fair compensation for personnel.
- Coordination with Finance/Accounting in ensuring payroll is accurate.
- Supports management and department heads by providing human resources advice and recommending decisions on personnel.
- Maintains up-to-date past and current human resource records.
- Coordinates and represents HKN externally with Social Security department and Asaish on HR related issues.
- Coordinates and represents HKN externally with MNR and Local Authorities on HR related issues.

Skills and Qualifications:

- Undergraduate degree (from four-year college or university) is required as a minimum.
- In-depth knowledge of Iraqi labor law, KRG regulations and HR best practices.
- Proven working experience as HR manager or another HR executive.
- People oriented, and results driven elated field.
- Minimum 10 years' experience, preferably oil and gas.
- Demonstrate good judgment, creativity, a positive attitude and maintaining the culture of the company.
- Managing Profitability, Promoting Process Improvement, Building Relationships, Organizational Astuteness, People Skills, Retaining Employee.
- Well educated and experienced with all aspects of the Microsoft office suite of programs.
- Fluent in English – written and oral, ability to read and write in Kurdish.
- Ability to organize work, engage in a variety of tasks simultaneously and consistently meet deadlines.
- Highly professional, ethical and ability to maintain confidentiality.
- Leads company compliance with all existing governmental and labor legal and government reporting requirements.
- Protects the interests of employees and the company in accordance with company Human Resources policies and governmental laws and regulations in Kurdistan region.
- Excellent active listening, negotiation and presentation skills.

If you have the qualifications and skills, we are looking for please share your CV with us at
hknrecruitment@hknenergy.com

جاک کیرواک



ئامادەکردنی: ئاکۆ عەبدولا

دەنگێکی دیکەی ئەدەبی سەدەی رابردووی ئەمەریکییە، یەکێک بوو لە پێشڕەوەکانی جولانەوەی Beat generationبە کۆمەڵە ڕۆمانێکیش لەوبەری زەریای ئەتڵەسی، ئاسۆی ڕۆمانی گەشتر کرد، کە لەناویاندا هاوسۆزی خۆی بۆ کۆمەڵە پەراوێزخراوەکان و کەمینەکان دەربڕیووە.

جاک لۆبری دی کیرواک لە ڕۆژی 12مارسی ساڵی 1922لە خێزانێکی فەرەنسی کەنەدی کۆچکردوو بۆ شاری لویلی ولایەتی ماساتشۆستیس هاتەدونیا. تا تەمەنی شەش ساڵی بە زمانی کیبیکی فەرەنسی خێزنەکەی دەدوا، دواتر کە دەنێردرێتە بەر خوێندن، وردە وردە فێرە زمانی ئینگلیزی دەبێت. ئەوسا ژیان لەو شارە لە دوای گرانییە گەورەکەی ساڵی 1927زۆر زەحمەت بوو.

بەشێکی زۆر لە دانیشتوانەکەی هەژار و دەستکورتبوون. دایکی کیرواک ناچار دەبێت لە کارگەیەک کار بکات، باوکیشی کاری لە بلاوکردنەوە دەکرد، هێندەی پێناچێت سەردەکەوێت و دەزگایەکی گەورەی چاپ دادەمەزرێنێ. بەڵام کە لافاوە کاولکەرەکە بەسەر ئەو شارە هەڵدەچێت، چاپخانەکەی ئەویش وێران دەبێت. بەمەش مایەپووچ دەبێت و سەردەکانە سەر خواردنەوە و ماددەی هۆشبەر. کاتێک جیراری برا تەمەن نۆ ساڵیەکەشی لە ساڵی 1926 دەمرێت، کاریگەری زۆر خراپ بەسەر دەروون و بیرکردنەوەی کیرواک جێدەهێڵێ وەهای لێدەکات کپ و بێدەنگ بێت و ئارەزووشی بۆ هونەر ببڕۆێ. لەگەڵ خوێندنی زمانی ئینگلیزیش چی دەکەوێتە ژێر دەستی دەیخوێنێتەوە، هەر لەو ماوەیەش بە بەرهەمە فەرەنسییەکانی رامبۆ و مارسێل پرۆست و بلزاک سەرسام دەبێت. لەکاتی خوێندنی دواناوەندیش دەبێت بە یاریزانی تۆپی پێ. ئەم بەهرەیەش یارمەتی دەدات بۆ ئەوەی لە زانکۆی کۆلۆمبیا وەربگیرێت.


لە ساڵی 1940بۆ ئەوێ دەچێت و لە تیپەکەشی دەبێت بە یاریزان. بەڵام دوای ئەوەی لەگەڵ ڕاهێنەرەکەی ناخۆشی سەرهەڵدەدات بۆ ساڵی دواتر زانکۆکە جێدەهێڵێ و دەگەڕێتەوە لۆیل. ئەمجارە بۆ ماوەی چەند مانگێک وەک پەیامنێر بۆ ڕۆژنامەی (لوی لسەن) ی وەرزشی کاردەکات. دواتر دەچێتە بۆستن و چەند جۆرە کارێک تاقیدەکاتەوە. تا لە ساڵی 1942 پێوەندی بە هێزی دەریایی ولاتەکەی دەکات. دوای گەڕانەوەشی بۆ زانکۆی کۆلۆمبیا، بە کەسانی وەک لوسیان کار و ئالن جینسبێرگ و ولیم بۆرۆز و نیل کاسدی ئاشنا دەبێت کە دواتر ئەمانە جولانەوەی نەوەی قین Beat generationی ئەدەبی دادەمەزرێنن، واتا نەوەی پەراوێزخراو- هەڵگەڕاوە. ئەوسا ئەم دیاردەیە لەناو گەنجانی ولایەتە یەکگرتووەکان وەک پاشخانێکی جەنگی دووەمی جیهانی سەریهەڵدابوو. ئەو گەنجانەی بڕوایان بە خەونی ئەمەریکی نەبوو. کیرواک جیهانە ڕۆمانییەکەی خۆشی لە ئەزموونی خۆی وەرگرتبوو، بە جۆرێک ژیانی ئەو ڕۆمانەکانییەتی، وەک جاک لەندەن و ئارنست هەمنگوای و زۆر لە ڕۆماننووسە سەرچلەکان، وەهای لە ئەدەب کرد بەلای خۆیدا ببێت بە ساتی ژیان و جەربەزەیی و ڕووبەڕووبوونەوە و بەرپەچدانەوە.

لە ساڵی 1949لەگەڵ هاوسەرەکەی و نیل کاسدی گەشتێکی میژوویی لە ساڵی 1955فەلسەفەی بوزی سەرنجی ڕادەکێشێ، بەم هۆیەوە کیرواک بەرەو مەکسیک دەچێت تاکو لە بیرکردنەوەی خەڵوەت بگەڕێت. لەوێدا کۆ شیعرەکەی (مکسیکۆ سیتی بلوز) و ڕۆمانی (تریستیندا) دەنووسێت. لەم ڕۆمانەشیدا ئاماژە بەو ئافرەتە دەدات کە لەو ماوەیە ببوو بە مایەی خۆشەویستی. لە سەرەتای ساڵی 1956چەند ڕۆمانێکی دیکە دەنووسێت لەوانە (بەیادی جیرار) و (سیناریۆی زێڕینی تاهەتایە) و (نیوەی شەوی مۆلکداری کۆن) ، (دەریاکە برامە) .

دوای چەندان ساڵیش لە پێداهاتنەوە و پاکنووسیکردن لە ساڵی 1957بەشی یەکەمی ڕۆمانە مەزنەکەی (لە ڕێگادا) بڵاودەکاتەوە. بە هۆی ئەم کارەی تامی سەرکەوتن و ناوداری دەچێژێت و خوێنەرانیش وەک ڕابەری جولانەوەی Beat generation لێدێدەڕوانن.

دوای ئەوەی گەشتێک بۆ لەندەن دەکات دەگەڕێتەوە شاری نیویۆرک و ماوەی چوار ساڵ سەرقاڵی نووسینی بەشی دووەمی ڕۆمانی (لە ڕێگادا) دەبێت، هەر لەو کاتەشدا کۆمەڵێک نووسراوی پێشوو بڵاودەکاتەوە،.

کیرواک ساڵەکانی ناوبانگی بە شادی بەسەرنەبرد چونکە هەم خۆی سەردەکاتە سەر مەی و بەردەوام بەدەمەست دەبێت، هەمیش بەشێکی زۆری ڕەخنەگران بە گاڵتە و سوکایەتی پێکردنەوە دەیانڕوانییە ستایلەکەی، تا لە ساڵی 1961بۆ شاری بیک سووری کالیفۆرنیا دەگوازێتەوە. لەوێدا دوا ڕۆمانی بەناوی (بیک سوور) بڵاودەکاتەوە. دوا ساڵەکانی ژیانیشی لە شاری سانت پترسبۆرگ بەسەربرد تا لە ڕۆژی 21ی تشرینی یەکەمی ساڵی 1969بە هۆی ڕوودانی خوێنبەربوون کە لە ئەنجامی ئاڵوودەبوونی بە مەی تووشی هات، کۆچدوایی کرد. هەرچی نیل کاسدی هاوڕێ و پاڵەوانی زۆر لە ڕۆمانەکانییشیەتی، ئەویش بە هەمان شێوە ساڵێک پێشتر بە هۆی کاریگەری بە مەی و ماددەی هۆشبەر، بە مردوویی لە سەر شەقام دۆزرایەوە.



چیرۆک

سێ هەنگاو بەرەو دواوە



ئەسعەد عەزیز محەمەد

هەنگاوی یەکەم: «مویست هەرچی زووە بگەمە لای و هەوڵەکەی پێرابگەیەنم، بەڵکو هەوڵبدات بەپەلە فریای بکەوێت و کارێک بکات، دەمزانی ئەو هەرگیز ناتوانێت بێ ئەو کچە بژێت و ژیانی بێ ئەو زۆر ئەستەمە، لەنیوە شەوەوە بەڕێکەوتبووم، ڕێگاکە زۆر دوورو هەوراز یکی سەخت بوو، منیش زۆر شەکەت ومابوو بووم، لەهەموی ئالۆزتر ئەوەبوو نەمدەزانی لەکوێیە ولەکام شوێنە، لەبەر ئەوە ئەو دەڤەرەی کە دەبوایە ئەوی لێ بێت گوند بەگوند هەوڵی بپرسم.لەترسی زانگەکان وسەربازەکان نەمدەتوانی بەئۆتۆمبیل لەنێوان گوندەکان هاتو چۆ بکەم بەناچاری بەپێ ودێ بەدێ دەگەڕام وسێڕاغمدەکرد.

لەڕۆژی دووەمدا کە گەیشتمە ئەو دەڤەرە خەڵکی ئەو ناوچەیەم لە هەر جێگەییەک ببینایە باسی شەڕێکی زۆر خوێناویان دەکرد کە لە شیوە سوور ڕوویداوە، هەموویان باسی قارەمانێتی کەسێکیان دەکرد بەناوی (جوامێر)ەوە، حەزمدەکرد سیمای ئەو جوامێرە ببینم و باوەشی پێبکەم،لەشەوێکی ئەنگوستە چاودا لەماڵێکی گوندنشیندا میوان بووم ، پۆڵێ پێشمەرگە خۆیان کرد بە ژوورە،لەناو ئەو پێشمەرگانە جەعفەری حاجی شەفیقم ناسییەوە، ئەویش کاتێک منی بینی دەستی کردە ملم وزۆر بە کۆڵ گریا ،لەسەرەتادا وامدەزانی هەست بەغەریبیکردنە، بەڵام دواتر زانیم شتێکی خراپ ڕوویداوە لەبەر ئەوە هێوڕ نابیتەوەو هەر دەگرێت، لەسەرەتادا چەند جار گوتم:- (کاک جەعفەر ..... کاکەم حەسەن شتێکی لێهاتووە؟) وەڵامی نەدایەوەو هەر دەگریا ، ئەوپۆڵە پێشمەرگەیەی لەوێ بوون، ئەوانیش فرمێسک بەچاویان هاتە خوارەوەو دەگریان.دواجار زانیم (حەسەن) ی برام شەهید بووە ئەو شەوە شەوێکی ئەوەندە سامناک بوو، هەموو دێهەنەکان لەپێش چاوم ڕەشبوو، هیچ تروسکەییەک ڕووناکیم بەدی نەدەکرد،لەوێ زانیم حەسەنی برام هەمان ئەو (جوامێرە) بوو کە خەڵکی لەخۆشەویستی ئەودا منداڵەکانیان بەناو دەناو ،زۆر بەشانازییەوە باسیان دەکرد.لەوێ زانیم حەسەن پێش شەهید بوونی نامەیەکی بۆ خۆشەویستەکەی نووسیوەپێش گەڕانەوەم سەردانی ئەو گۆڕستانەم کرد تەرمی (جوامێر)ی لێنێژرابوو، زۆر گریام ،زۆر شینم بۆ گێڕا،چاوم سوور هەڵگەڕا،باوەشم پیاکرد لەوێ دەڤەرە خەڵکی ئەو ناوچەیەم بەسەر ئەو شارە هەڵدەچێت، چاپخانەکەی ئەویش وێران دەبێت. بەمەش مایەپووچ دەبێت و سەردەکانە سەر خواردنەوە و ماددەی هۆشبەر. کاتێک جیراری برا تەمەن نۆ ساڵیەکەشی لە ساڵی 1926 دەمرێت، کاریگەری زۆر خراپ بەسەر دەروون و بیرکردنەوەی کیرواک جێدەهێڵێ وەهای لێدەکات کپ و بێدەنگ بێت و ئارەزووشی بۆ هونەر ببڕۆێ. لەگەڵ خوێندنی زمانی ئینگلیزیش چی دەکەوێتە ژێر دەستی دەیخوێنێتەوە، هەر لەو ماوەیەش بە بەرهەمە فەرەنسییەکانی رامبۆ و مارسێل پرۆست و بلزاک سەرسام دەبێت. لەکاتی خوێندنی دواناوەندیش دەبێت بە یاریزانی تۆپی پێ. ئەم بەهرەیەش یارمەتی دەدات بۆ ئەوەی لە زانکۆی کۆلۆمبیا وەربگیرێت.

لە ساڵی 1940بۆ ئەوێ دەچێت و لە تیپەکەشی دەبێت بە یاریزان. بەڵام دوای ئەوەی لەگەڵ ڕاهێنەرەکەی ناخۆشی سەرهەڵدەدات بۆ ساڵی دواتر زانکۆکە جێدەهێڵێ و دەگەڕێتەوە لۆیل. ئەمجارە بۆ ماوەی چەند مانگێک وەک پەیامنێر بۆ ڕۆژنامەی (لوی لسەن) ی وەرزشی کاردەکات. دواتر دەچێتە بۆستن و چەند جۆرە کارێک تاقیدەکاتەوە. تا لە ساڵی 1942 پێوەندی بە هێزی دەریایی ولاتەکەی دەکات. دوای گەڕانەوەشی بۆ زانکۆی کۆلۆمبیا، بە کەسانی وەک لوسیان کار و ئالن جینسبێرگ و ولیم بۆرۆز و نیل کاسدی ئاشنا دەبێت کە دواتر ئەمانە جولانەوەی نەوەی قین Beat generationی ئەدەبی دادەمەزرێنن، واتا نەوەی پەراوێزخراو- هەڵگەڕاوە. ئەوسا ئەم دیاردەیە لەناو گەنجانی ولایەتە یەکگرتووەکان وەک پاشخانێکی جەنگی دووەمی جیهانی سەریهەڵدابوو. ئەو گەنجانەی بڕوایان بە خەونی ئەمەریکی نەبوو. کیرواک جیهانە ڕۆمانییەکەی خۆشی لە ئەزموونی خۆی وەرگرتبوو، بە جۆرێک ژیانی ئەو ڕۆمانەکانییەتی، وەک جاک لەندەن و ئارنست هەمنگوای و زۆر لە ڕۆماننووسە سەرچلەکان، وەهای لە ئەدەب کرد بەلای خۆیدا ببێت بە ساتی ژیان و جەربەزەیی و ڕووبەڕووبوونەوە و بەرپەچدانەوە.

لە ساڵی 1949لەگەڵ هاوسەرەکەی و نیل کاسدی گەشتێکی میژوویی لە سەرەتای ساڵی 1956چەند ڕۆمانێکی دیکە دەنووسێت لەوانە (بەیادی جیرار) و (سیناریۆی زێڕینی تاهەتایە) و (نیوەی شەوی مۆلکداری کۆن) ، (دەریاکە برامە) .

دوای چەندان ساڵیش لە پێداهاتنەوە و پاکنووسیکردن لە ساڵی 1957بەشی یەکەمی ڕۆمانە مەزنەکەی (لە ڕێگادا) بڵاودەکاتەوە. بە هۆی ئەم کارەی تامی سەرکەوتن و ناوداری دەچێژێت و خوێنەرانیش وەک ڕابەری جولانەوەی Beat generation لێدێدەڕوانن.

دوای ئەوەی گەشتێک بۆ لەندەن دەکات دەگەڕێتەوە شاری نیویۆرک و ماوەی چوار ساڵ سەرقاڵی نووسینی بەشی دووەمی ڕۆمانی (لە ڕێگادا) دەبێت، هەر لەو کاتەشدا کۆمەڵێک نووسراوی پێشوو بڵاودەکاتەوە،.

کیرواک ساڵەکانی ناوبانگی بە شادی بەسەرنەبرد چونکە هەم خۆی سەردەکاتە سەر مەی و بەردەوام بەدەمەست دەبێت، هەمیش بەشێکی زۆری ڕەخنەگران بە گاڵتە و سوکایەتی پێکردنەوە دەیانڕوانییە ستایلەکەی، تا لە ساڵی 1961بۆ شاری بیک سووری کالیفۆرنیا دەگوازێتەوە. لەوێدا دوا ڕۆمانی بەناوی (بیک سوور) بڵاودەکاتەوە. دوا ساڵەکانی ژیانیشی لە شاری سانت پترسبۆرگ بەسەربرد تا لە ڕۆژی 21ی تشرینی یەکەمی ساڵی 1969بە هۆی ڕوودانی خوێنبەربوون کە لە ئەنجامی ئاڵوودەبوونی بە مەی تووشی هات، کۆچدوایی کرد. هەرچی نیل کاسدی هاوڕێ و پاڵەوانی زۆر لە ڕۆمانەکانییشیەتی، ئەویش بە هەمان شێوە ساڵێک پێشتر بە هۆی کاریگەری بە مەی و ماددەی هۆشبەر، بە مردوویی لە سەر شەقام دۆزرایەوە.

میهرەجان چ واتایەکی هەیە؟



ئا: ئەحمەد حاجی مەولود

وشەی "میهرەجانات" ، "میهرەجان" و "نیروز" کە بە عەرەبی کراوی میهرەگان و نەورۆزە و ئێستا لە زۆربەی وڵاتانی عەرەبی بەکاردەبردرێت، لەڕاستیدا بەرامبەرە لەگەڵ فیستیڤاڵ، کە ئەم فیستیڤاڵەش وشەیەکی بیانییە و هاتۆتە نیو زمانی کوردی، واتا جەژن گرتن بە بۆنەیەکی تایبەت. لە زمانی فارسیدا لە بەرامبەر فیستیڤاڵ، وشەی جەشنواڕە بەکاردەبردرێت، بابەتەکە وا دەخوازێ زۆر باسی ئێرانی کۆن بکەین، کە باسی ئێرانی کۆنیش دەکەین، دامەزرێنەری ئەو ئێرانە مادەکان بوون، کە دەڵێن بە باپیرە گەورەی کورد دادەندرێن، یەکەم ئیمپراتۆریەتیان لەو سەرزەویە پێکهێناوە و هەر ئەوان دامەزرێنەری وڵاتێکن بەناوی ئێران. بۆ ماوەی چەند سەد ساڵ فەرمانڕەواییان تێدا کردووە. لەو ئێرانەدا پارتەکان لە بەشی ڕۆژهەڵات نیشتەجێ ببوون و مادەکانیش لە بەشی ڕۆژئاوا. هەروەها سەیفولقوزاتی شاعیری کوردیش، لە شیعرێکدا دەڵێ ئێران مولکی کوردانە.

بەشی یەکەم

میهرەگان یان جەژنی میهر، یەکێک لە گەورەترین جەژنەکانی ئێرانی کۆن بووە، کە لە مانگی میهر، واتا یەکەم مانگی پایز دەگێڕدرا. "میهرەگان" لە دوای نەورۆز گەورەترین جەژنی ئێرانی کۆن بووە. زۆرێک وشەی میهر بە واتای "ئەوین، دۆستی" واتا دەکەن، نەک "پەیمان و گرێبەست"، چونکە ئەوەی لە نێوان پەیوەندی بنەماڵە دایە "ئەوین و خۆشەویستییە" نەک "پەیمان و گرێبەست". میهر بە واتای ڕوناکیش هاتووە. هەروەها بە واتای "خۆڕی بەردەوام پیرۆز". هەروەها میهر واتا میترا واتا "خۆر". میهرەگان واتا جەژنی "میهر"، "جەژنی میترا" و "جەژنی بەغ". میترا جۆرە خوایەک بووە، بەغیش واتا خوا.

کۆنی جەژنی میهرەگان بۆ دوو هەزار ساڵ بەر لە زایین دەگەڕێتەوە و زیاتر لە 4000 ساڵ تەمەنیەتی.

ئەو جەژنە، جەژنی یادی خوایە، جەژنی سوپاسکردنی خوا بووە. لە ئێرانی کۆن بە خوا دەگوترا بەغ، بۆ نمونە وشەی بەغداد، کە ئێستا پایتەختی عێراقە، واتا خوا ئەوی داوە، دەڵێن لە پێشدا باخێک بووە لەسەردەمی هەخامنشیان، لە نزیکی تیسفون، کە ئەو تیسفونە پایتەختی ئەشکانیان و ساسانیەکان بووە. ئەو باخە لە دوایی بووە شار و لەسەردەمی خەلیفەکانی عەباسی بووە پایتەختی ئەوان.

بەپێی دەقی ئەڤێستا، تەقویمی ئێرانیان بەر لە هەخامنشیان دوو وەرزی هاوینە و زستانەی هەبووە، نەورۆز جەژنی دەستپێکردنی ساڵی نوێ و وەرزی هاوینە و میهرەگان جەژنی دەستپێکردنی نیوەی دووەمی ساڵ و وەرزی زستان بووە.

کاتی جەژنی میهرەگان لە سەرەتای مانگی میهر و وەرزی پایز بووە و ئەو شێوەیە تا کۆتایی سەردەمی هەخامنشیەکان و ڕەنگە تا کۆتایی سەردەمی ئەشکانیش درێژی هەبووبێت، بەڵام لە سەردەمی ساسانیان جەژنی میهرەگان بۆ شانزەی مانگی میهر گوازرایەوە، هۆکاری جەژن گرتنی لە سەرەتای مانگی میهر و ناونانی یەکەم مانگی وەرزی پایز بەناوی میهر، لە سەردەمانێک و بەتایبەت لەسەردەمی هەخامنشی دەستپێکردنی پایز، دەستپێکردنی ساڵی نوێ بووە و لەبەر ئەوەی یەکەم مانگی ساڵ ناونراوە بە میهر. جێگیربوونی سەرەتای ساڵی نوێ لە وەرزی پایز لەگەڵ ژیانی کشتوکاڵی خەڵک بەستراوبۆوە. دەزانین ساڵی کشتوکاڵی لە سەرەتای پایز دەستپێدەکات و لە کۆتایی هاوینی دیکە کۆتایی پێدێت. ڕێسایەک کە هێشتا لە نێوان جوتیاران باوە و لە گەلێک لە ناوچەکانی ئێران بە بۆنەی هاتنی میهرەگان و کۆتایی وەرزی کشتوکاڵی دەگیرێت. لەو جەژنە گۆرانیش دەخوێندرێ. ڕەنگە سەرەتای ساڵی خوێندنیش بۆ ئەو جەژنە بگەڕێتەوە، دەڵێن ئێستاش سەرەتای ساڵی نوێ لە سەرەتای پایز بەناوی ساڵی وەرزی لە تەقویمی کوردانی موکری مهاباد هەرماوە. هەروەها لە تەقویمی پامیر لە تاجیکستان (بەتایبەت دوو هەرێمی "وەنج" و "خوف") یەکەم ڕۆژی پایز بەناوی "نەورۆزی پایزی" ناو دەنرێ.

لە تەقویمی ئەڤێستادا، ساڵ 12مانگ بووە و هەر مانگێک 30ڕۆژ و هەر ڕۆژێکیش لە مانگدا ناوێکی هەبووە. هەندێک لەو ناوانە، بەناوی مانگە دوازدەکان بووە، هەر کاتێک ناوی ڕۆژ و ناوی مانگ دەبووە یەک، ئەو ڕۆژەیان جەژن دەگرت. بۆ نمونە دەیەمین ڕۆژ ناوی تیر بوو ، شانزدەیەمین ڕۆژ بەناوی میهر و پێنجەمین ڕۆژ بەناوی سپەندارمز بووە، کە تێیدا جەژنەکانی تیرگان، میهرەگان و ئەسفندەگان دەگیرا. زۆرێک میهرەگان ڕۆژی سەرکەوتنی فەریدون بەسەر زوحاک دادەنێن.

لە میتۆوی تەبەری هاتووە: فەریدون بە گورزێکی سەرخوار لەسەری بیوراسب (زوحاک) دەدات، دەیباتە شاخی دەماوەند و دەست و پیلی دەبەستێتەوە و دەیهاوێتە نێو بیرێک و فەرمان دەکات کە ڕۆژی میهر لە مانگی میهر جەژن بگرن و ئەوە هەر جەژنی میهرەگانە.

هەروەها لە کتێبی "اثار الباقیه" هاتووە: ڕۆژی بیست و یەکەم، میهرەگانی گەورەیە و هۆکاری ئەو جەژنە ئەوەیە، کە فەریدون بەسەر زوحاک سەرکەوت و ئەوی قۆڵبەست کرد، کاتێک زوحاکیان هێنایە لای فەریدون، زوحاک گوتی: "من بە خوێنی باوە گەورەت مەکوژە"، فەریدون گوتی: "تو بەخوێنی گایەکی نێر کە لە مانگی باوە گەورەم بووە، دەکوژم". دوایی فەرموی تا ئەو قۆڵبەستە بکەن و لە شاخی دەماوەند زیندانی بکەن و خەڵک لە خراپەی ئەو ئاسودە بوون و ئەو ڕۆژەیان جەژن گرت.

جەژنی هەخامنشی میتراکانا کاتی جەژن گرتنی میهرەگان لە یەکەم ڕۆژی میهر و سەرەتای وەرزی پایز بوو و ئەو شێوە تا کۆتایی دەسەڵاتی هەخامنشی و ڕەنگە کۆتایی ئەشکانیەکانیش درێژەی هەبێت، بەڵام لە سەردەمی ساسانیان، جەژنی میهرەگان بۆ شانزەی مانگی میهر گوازرایەوە.

بەپێی بەردنووسراوی بیستون، داریۆشی گەورە بەسەر گئۆماتی مغ لە ڕۆژی دەیەمی مانگی میهر سەرکەوتووە، بەپێی قسەی هیرۆدۆت لەو ساڵەوە ئێرانیەکان ئەو ڕۆژەیان بەناوی ڕۆژی "مگوفۆنی" (مغ کوشتن) جەژن دەگرت. تیۆێژەران بەڵەبەرچاوگرتنی هەڵەکانی یۆنانیەکان لە ناوەکانی پارسی، ئەگەری ئەوە دەدەن، کە ئەو زاراوەیە "بگوزنی" بێت، کە ئەو کاتە مغ نەبێت، بگرە پەیوەندی بە بغ (میهر) هەبێت و لەو ڕۆژەدا ئێرانیەکان دەستیان داوەتە قوربانی کردن بۆ بغ میترا نەک "مغ کوشتن". ئەگەری ئەوە هەیە لە سەردەمی ئەشکانی یان ساسانیەکان جەژنی میهرەگان بۆ ڕۆژی میهر لە مانگی میهر یان شانزەی میهر گوازرابێتەوە.

میهرەگان سێ لایەنی هەیە: لایەنی سروشتی، لایەنی ئەفسانەیی و لایەنی ئایینی.

میهرەبانی سروشتی

ئەندازەی شەو و ڕۆژ لە سەرەتای میهر بەرامبەر دەبێت، بۆیە ئەو مانگە بەناوی میهر، کە خوای دادەر و دادپەروەرە ناونراوە. هەروەها میهر بەرامبەرە بە کۆتایی وەرزی کۆکردنەوەی بەروبوم، بۆیە ڕۆژێکی شیاوە بۆ جەژن گرتن و شادی و حەسانەوەی جوتیاران، کە بە گشتی خەڵک لەسەردەمی کۆن، کاریان هەر ئەوە بوو. هەروەها دەسەڵاتداران لەو مانگە باجیان لە خەڵک دەستاند. هەندێک باوەڕیان وایە لە سەردەمانێک نەورۆزی ئێرانیەکان، نەورۆزی پایزی بووە، دوایی نەورۆزی

www.xebat.net
پێنج شەمە 2019/2/28 ژمارە (5704)
خەبات

کاریگەریی تێکست لەسەر رەوتی شانۆیی



حەیدەر عەبدولڕەحمان

راستە کە لە سەردەمی ئەمڕۆکەدا هەر تەنها تێکست بە تاقی تەنیا زمانی شانۆ نیەو گەلێک ئەلتەرناتیفی دیکەی کاریگەر هەن بۆ گەیاندنی گوتاری شانۆیی،لەوانەش جەستەی ئەکتەرو سینۆگرافیاو پێکهاتەکانی دیکەی شانۆ بە هەمان شێوە زمانێکی دیکەی نمایشن،ئەوەتا هەتا ڕۆژی ئەمڕۆکەی لەگەڵ دابێ، شانۆی جیهانی ،هەمیشەپەنا بۆ تێکست دەبات لەکارە شانۆییەکانیدا،لەوانەش شاکارە مەزنەکانی شکسپیر و بیکیت و چیخەف و مولیر و میلەرو زۆربەی بلیمەتەکانی دیکەی شانۆ،بەردەوام لەسەر تەختەی شانۆ جیهانیەکاندا دەبیندرێن، بەڵام مەرج نیە ئەو تێکستانە دەقاو دەق وەک خۆیان پێشکەش بکرێن،بەڵکو هەر دەرهێنەرێک بە ستایل و تێروانینی تایبەتی خۆیەوە ڕەفتاری هونەریی لەگەڵ ئەو تێکستانەدا دەکات، کە تێیدا مۆرک و تایبەتمەندی خۆیان وفەلسەفەو چێژی تایبەتی خۆیان بەبینەر بگەیەنن.

بینەری ئێمە چونکە کەمتر ئەزموونی لەگەڵ شانۆی جیهانیی و ستایلەجیاجیا کانی شانۆدا هەبووە ،پتر مەیلی لەو جۆرە ستایلانەدا هەیە کە ستایلی تەقلیدی و باون، یا زمانی تێگەیشتنیان سوکترو ئاسانترە لە زمانەکانی دیکەی شانۆیی،لە وانەش شانۆی واقعی و شانۆی ئاهەنگسازی،کە تێکستییان بە ڕەگەزێکی بنچینەیی زانیووە لەکاری شانۆییدا،کەچی لای هەندێ دەرهێنەری دیکەی شانۆیی تێکست نابێتە ئەو بنەما بنەڕەتییەی کە هەندێ لە شانۆکارەکان بۆی دەچن،یان ئەوانەی ئەلتەرناتیفی تێکستیان هەیە،وەک ئەلتەرناتیفی جەستەی ئەکتەر، سینۆگرافیا ، بەڵکو بوون ونەبوونی تێکست وەک یەک دەبینێ ،لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا بۆ ئێمە مانان، بوونی تێکست بەمانای دەوڵەند بوونی شانۆیە،چونکە شانۆی پێگەیشتوو ئەو شانۆیەیە کە تەواوی ڕەگەزەکانی شانۆیی بگرێتە خۆی،یان شانۆیەک نەبێت کە پارچەیەک لە پارچەکانی جەستەی ئیفلیج بووبێ ?بینەری ئێمە بەگشتی، هەمیشە خوازیاری ئەوەیە کە شانۆ بە سپی کراوەیی ببینێ?کەمترمەیلی ئەوە دەکات کەلە جەستەی ئەکتەردا ئەو وشانە بخوێنێتەوە کە لە تێکسدا گوێ ی لێ دەبێت ،یا ئاستی تێگەیشتن و مەعریفی نەگەیشتوتە ئەو ئاستەکە توانای خوێندنەوەی جەستە یا کەرەستەکانی دیکەی شانۆیی هەبێت، لەبەر ئەوە ڕەنگە توانای هەزم کردنی زێتر بێت لەشانۆگەریەکی دیکەی ئەزموونگەری،بەڵام درک بەوە دەکات کەهەندێ لەو نمایشانە لەو نمایشە هاوچاخە زیندووانەن کە سیحرێکیان تێدایە ،بەڵام ئەو نابەڵدە بەو هونەرە سیحراوییە.

شانۆ جیهانیەکان توانیوویانە سوودێکی زۆر لە کولتوورو کەلە پووری خۆیان ببینن و ئەو سەروەت وسامانە نەتەوییانەی خۆیان لە ئەفسانە و چیرۆک و حیکایەتی میللی بە شێوەوەیەکی هاوچاخانە بۆ شانۆکانیان بەرجەستە بکەن، بەڵام ئێمە ئەگەرچی لەوانیش دەوڵەمەندتر بووین، ئەگەر لاوک و حەیران و چیرۆک و ئەفسانەکانمان پێش بووبن لە درامای کاریگەر ئەوە لە دەرەنجامی قەیرانی تێکست نووس نەمان توانیوە کەم و زۆر سوود لەو سامانە بە پێزەی خۆمان وەربگرین، بۆیە فاکتەری بنەڕەتی غیابی تێکستی هاوچاخانە، دەگەڕێتەوە بۆ لاوازی ئەزموونی نوێی شانۆییمان،بۆیە هەوڵە کانی بەهاوچاخ بوونی شانۆ لای ئێمە ئەگەر هەبووبێت کەوتۆتە نێوان دوو بازنەوە: یەکەمیان زۆرینەی نمایشە نوێکانمان پتر پشتیان بە تێکستی بیانی بەستووە،دووەمیان: کۆمەلێکی تر لەوان پشتیان بە خۆیان بەستووە،بۆ پێک هێنانی (تێکستی کۆکتێلی) کە لە لێک بەستنەوەی چەند کورتە قەسیدەیەک پێک هاتووە، وەک هەندێ لە شانۆگەرییەکانی سدیق حوسێن و مەهدی حەسەن دا دەردەکەوێت، ئەمەیان حاڵە تێکی چەسپاونیە، بەڵام ڕەنگ و خەسڵەتی تایبەتی خۆیان هەیە و لاوەکان پتر ڕوو لەم شێوازە دەکەن بۆزەرپرین،ئەگەر چی نابنە چارەسەر بۆ بونیاتنانی تێکستی نوێ،چونکە لەو حاڵەتانەدا،دەرهێنەر پشت بە تێکست نابەستێت، بەڵکو هەموو پارسەنگی خۆی دەخاتە سەر وێنەی شانۆیی وکەرەستە درامیەکانی دیکەی شانۆ، وەک جەستەی ئەکتەر و ڕووناکی و موزیک و ڕەنگ، دەرهێنەر دەیەوێت بە زمانی سینۆگرافیا کاریگەری سایکۆلۆژی و دارماتیکی خۆی لە سەر دەروون و ڕۆحی بینەردا بە جێ بێلێ نەک بە دیالۆگ،کە بەلای ئەوانەوە دیالۆگ پتر بەلای هەزردا دەشکێتەوە،ئەو کاریگەرییە دەروونیە سیحراویە لای بینەر دروست ناکەن،کە دەرهێنەر خوازیاریەتی .

قەیرانی تێکستی شانۆیی ئەمڕۆ نیە لە شانۆی کوردیدا سەرهەڵدەدا،چونکە لەوتەی شانۆ لای ئێمە سەری هەڵداوە بە دەگمەن نووسەری تایبەتمەند بە نووسینی تێکستمان هەبووە، ڕاستە جارەو بار لەملاو لەولا هەندێ هەوڵی سەرەتایی هەبوونی بۆ نووسینی تێکست،بەڵام کاریگەرییەکی ئەو تۆیان بەسەر ڕەوشی شانۆیی نەبووە،بەو جۆرەی کە بتوانن پارچەیەک لەو بۆشاییە بەرفراوانەی گۆڕەپانی شانۆییمان پر کەنەوە،لە هەمان کاتدا ئەوانەی دەستیان لەکاری نووسین وەرداوە بۆ ئارەزوو بووە،نەک وەک پێشەیەکی سەرەکی و پسپۆر بە نووسین، بەلگەشمان بۆئەو ڕاستیە ئەوەیە ئەوەتا ئەو نووسەرانە بەردەوام نەبوونەو ئێستاکە زۆر ینەیان لەگۆڕەپانەکەدا بزر بوونە، بەشێکی تر لەوانەی مومارسەی کاری نووسینی تێکستیان کردووە، دەرهێنەرەکان خۆیان بوونە، کەتوانای نووسینیان هەبووە، بۆیە لەدەرەنجامی ئەو قەیرانەی هەبووە ،پێشتیان بە خۆیان بەستووە بۆ شانۆگەرییەکانیان،بۆیە ئەگەر تێکست لە ڕابووردوودا لە ئاستەنگیکدا بووبێت،ئێستا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەلوو مەرجە تەنگەتاوەی ئەمڕۆکە شانۆ بە گشتی پێیدا تێدەپەڕێت،لەهەمان کاتدا ئەو فاکتەرە ئەرێنیانەی کەدەبنە هاندەر بۆ ڕووتێکردنە تێکست،ئەوتا نەوەی نوێ لە دەرەنجامی غیابی ئەو هاندانە بە هیچ شێوەیەک توخنی ئەو ئاقارەی نووسینی تێکست نەکەوتوون، وێڕای هەموو ئەمانەش هونەریی نووسینی هونەرێکی تایبەتەو لەو هونەرە بالاترە کە کەم کەس دەسەلاتی ئەوەی هەیە خۆی لە قەبەدات،لەبەرکەم ئەزموونی لەم بوارەدا،چونکە ئەوانەی دەیانەوێت بنووسێن دەبێ لەدووسەردا شارەزاییان هەبێت ،لەبواری هونەریی و لە بواری ئەدەبی ،ڕەچاوی ڕەگەزە هونەرییەکانی شانۆ بکەن لە بواری دروست کردنی گری و کاراکتەروو دابەش کردنی دیمەنی و دیالوگ و زۆر ڕەگەزی تر کە ڕەنگە نووسەرێکی گەورەی بواری ئەدەبی ئەگەر شارەزایی لەبواری نووسینی تێکستدا نەبێت دەسەلاتی پێ نەشکێ?هەر بۆ یەش ڕەنگە هۆیەکەشی ئەوە بوو ستایلی نووسینی باسی سەردیانە دەچووە ناو کۆژکی چیرۆکەکانی، پاڵەوان لەسەرتای ڕۆمانەکە تا کۆتایی هەموو ڕۆڵە سەرەکیەکانی پێسپێردرابوو، هیچ وروژێنەرێکی تر نەدەهاتە ناو هێڵی گێڕانەوە، هەموو بەرهەمەکانیشی لە بازنەی سەربردەی ئەمریکیەکان دەخولایەوە و هیچ بابەتێکی نوێ و هاوچەرخانەی نەنووسی و لە چەند تەوەرێکی کۆمەڵایەتی دەربچێ، پەلی بۆ هیچ مژار و بابەتێکی سیاسیانەی وروژێنەر نەهاویشت کە دوور بێت لە خواستی تاکی ئەمریکی...

سالی 1964دەبێتە کۆماریەکی تووندڕەو، بەرگری لە پرۆگرامی کۆمارییەکان دەکرد و ستایشی (گۆلد ووتەر)ی لە چەند بۆنەیەکدا نیشاندا، پاشان لە سالی 1970لەسەر هەمان ڕێبازی (ریتشارد نیکسۆن) ڕۆیشت و پاڵپشتی خۆی بۆ ئەجندە و سیاسەتەکانی دەربڕی، دەنگی خستە پاڵ دەنگی ئەوانەی پشتگیری نیکسۆنیان دەکرد لە مەسەلەی کەمبۆدیا ، کاتێ ئەو ولاتە کەوتە ژێر هەڕەشەکانی، هەورەها دەربارەی جەنگی فێتنامیش هەمان پاڵپشتی خۆی بۆ نیشاندا.

کەچی ئەمڕۆ دۆس باسۆس بە مایەی دەوڵەمەندبوونی شانۆ و بەدی هێنانی خواستە جۆراو جۆرەکانی شانۆ،چونکە بمانەوێت و نەمانەوێت هەر ڕێبازو ستایلێکی شانۆیی بینەری تایبەتی خۆی هەیە، ناکرێت حەزی هەندێ لەبینەران بەدی بێت و حەزی هەندێکی دیکە فەرامۆش بکرێت.

نەوەی نوێ پتر لەنەوەی کۆن پەنا بۆشانۆی وەرگیراو دەبەن لەبەر ئەو هۆیانە:

یەکەم: نەبوونی تێکستی هاوچەرخ کە لەگەڵ سەردەم بگونجێت و ببێتە بنەمایەک بۆ پێشکەش کردنی شانۆی نوێ و فاکتەرێکی لەبار بێت بۆ گەیاندنی گەڵێ پەیام و تێڕوانینی هونەری،کە ڕەنگە ئەو خواستانە کەمتر لە تێکستێکی خۆمانەدا دەست کەوێت

دووەم : هەڵبژاردنی هەندێ تێکستی جیهانی کە لێک نزیک بوونەوەیەکی ئێجگار نزیکیان هەیە لەگەڵ پرس و ڕوداوەکان و واقعی نەتەوەیی ئێمە.

سێیەم: سوود وەرگرتن و بەسەر کردنەوەی شانۆی جیهانی یاریدەی دەوڵەمەند بوونی باری شانۆییمان دەدات، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت ئێمە ڕوو لە تێکستی کوردی وەرگێڕین و دیاردەی وەرگێڕان بەسەر ڕوخساری شانۆییماندا زاڵ بێت، بە شێوەک هاوسەنگییەکە لە دەست بدەین و جۆرێک لە لەنگی لەم بوارەدا درکی پێ بکرێت ،بگرە دەبێت لاوەکان بڕوا بەوە بهێنن کە داهێنان گوزارشت کردن و هێما و هەموو خواستەکانی دیکەیان دەکرێ لە تێکستی خۆمالێشدا دروست بێت ئەگەر ئەوان هەوڵی بۆ بدەن، هەر بۆ نموونە (شەمال عومەر) وەک هونەرمەندێکی نوێ خواز و ئەزموون گەری شانۆیی جوانترین داهێنانی لە شانۆگەری (خەج و سیامەند) دا دروست کردووە (گەزیزە)ی هونەرمەند زۆرینەی تێکستەکانی لە نووسینی خۆیەتی من پێم وایە ئێمە دەبێت هەوڵی دەوڵەمەندبوونی ئەو ڕەوتە لە شانۆدا بدەین و تێکستی خۆمان فەرامۆش نەکەین چونکە ئەگەر وا نەبێت کەمتر دەتوانین گوزارشت لە کێشەی نەتەوەیی و کۆمەلایەتی و مرۆییەکانی بینەری کورد بکەین ،شانۆ وەک پێویست بۆ پرسە تایبەتییەکانی خۆمان بەرجەستە بکەین .




جۆن دۆس باسۆس
تێڕوانینی نوێ بۆ دیمەنی ڕۆمانی ئەمریکی



بۆتان جەلال

لە نێو ژمارەیەک نووسەر و شاعیرە گەورەکانی جیهان کە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی ناوداری بە هەموو لایەک دا چووبێت، (جۆن دۆس باسۆس)ە، کە لە ساڵی 1896لە دایکبووە، باسۆس لەگەڵ (سکۆت فیتز جیرالد) کە لە هەمان ساڵی لە دایک بوونی باسۆسدا چاوی بۆ ژیان هەڵهێناوە، هەوەها لەگەڵ (ولیەم فۆکنەر) و (ئەرنست هەمنگوای) و (ئی. ئی. کمنگز) و (سالکوم کاولی) و (ئەدمۆند ولسون) دا، پەیوەندیەکی ئەدەبی و ڕۆحی پتەویانی هەبووە، تا ڕۆژی کۆچی دوایی و ژیان جێهێشتن کە دەکاتە ساڵی 1970ئەو پەیوەندیە هەر ماباوە، نووسەر لە شیکاغۆ گەورە بووە و لە زانکۆی هارفارد خوێندوویەتی، سەرەتای بیستەکان و سیەکانی سەدەی پێشوو بۆچوونی ئازادانە و ڕەهای بەرامبەر بە سیاسەت هەبوو، لە هەڵوێست و پشتگیری لایەن و ئایدیا جۆراوجۆرەکاندا سەربەستانە بیری دەکردەوە، بێ هیچ هەژمونێکی تەقلیدی، ڕای خۆی هەبوو، بەڵام لە چلەکان بووە نووسەرێکی نەریت پارێز، لە ڕێگای ڕۆمانی (دەستپێشخەری تاکە پیاوەکە) کە لە ساڵی 1917چاپی کردبوو، ناسرا و ناوداریەکەی بڵاوبووە.



ڕۆمانەکە باس لە ڕۆژانی پڕ لە ئازار و زەحمەتیەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی و ڕووداوە ئاگرینەکانی دەکات و ژیانی کۆمەڵایەتی لەو ماوە زەمەنیەی جەنگ بەرجەستە دەکات، پاشان ڕۆمانی (سێ سەربازەکە)ی لە ساڵی 1922بە چاپ گەیاند، کە ڕەخنەکانی و گلەیی لە شێوێنەوارە خراپەکانی جەنگ و سیما ناشارستانیەکانی وێنا کردووە، ئەوە دەخاتە بەرچاو کە چۆن ئەو جەنگە بۆتە هۆی کاولکاری شار و ولات و داڕمانی بەها ئەخلاقیەکان.

ئەگەر چی باسۆس وەک ئەرنست هەمنگوای و شتاینبک و فیتگراد لە شەستەکاندا باش نەناسرابوو،

لە خولی نایابی کوردستان

ئەمڕۆ ئارارات و هەندرێن، شێروانە و پێشمەرگەی هەولێر رووبەڕووی یەکتری دەبنەوە



فۆتۆ: شالاوعەبدولواحید

ڕاپۆرت: کارزان کانەبی

لەمیانی یاریەکانی هەفتەی هەژدەهەمی خولی نایابی یانەکانی کوردستان لە قۆناخی دووەمی خولەکە بڕیارەئەمڕۆ پێنج شەممە و ڕۆژی هەینی حەوت یاری گرنگ و بەهێز لە نێوان یانەکانی کوردستان بەڕێوەبچێت،ئەمڕۆپێنج شەممە لە پیرمام هەردوو یانەی ئارارات و هەندرێن لە یاریەکی بەهێز ڕووبەڕووی یەکتری دەبنەوە بۆ ئەم یاریبەش یاریزانانی هەردوو یانە بە وردیەکی بەرزەوە بەیەک دەگەن و ئەوپەری ئامادەکارییان کردووە بۆ بەدەستهێنانی سێ خاڵی یاریەکە دوای ئەوەی هەفتەی ڕابردوو هەردوو تیپ سێ خاڵیان بەدەستهێناوە بۆیە هەموو هەوڵێکیان بۆ یاریەکەی ئەمڕۆ سێ خاڵی یاریەکە دەبێت، ئارارات بۆ پێشەنگی یانەکان و هەندرێن بۆ خانەکانی سەروو دەجەنگن، پێشمەرگەی هەولێریش دەچێتە کەلار و لەسەر یاریگای ئەو شارە و لەبەردەم هاندەرانی یانەی خاوەن یاریگا ڕووبەڕووی شێروانە دەبێتەوە، کورانی سەمیر بابۆ دەیانەوێ بە هەر نرخێک بێت سێ خاڵەکە بەدەست بهێنن و بە ئەنجامی باش بگەڕێنەوە پایتەخت و پێشەنگی یانەکانیش بپارێزن، کوڕانی شێروانەش دەیانەوێ بەهەمان ڕیتمی هەفتەی پێشوو میوانداری پێشمەرگەی هەولێر بکەن و ئەم یاریبە بۆ هەردوو یانەش زەحمەتە، یانەی ئاکرێش کە ئەنجامەکانی لەم وەرزە باش نییەلە سەر یاریگای خۆی میوانداری یانەی گازی باکور دەکات بۆ ئەم یاریبەش هەردوو یانە ئامادەکاری باشیان کردووە بۆ ئەوەی بتوانن بە ئەنجامی شایستە لە یاریگا بێنە دەرەوە، سبەی هەینیش یانەی هەولێر لەسەر یاریگای خۆی لە لوتکەی یاریبەکانی کوردستان میوانداری یانەی دهۆک دەکات ، بۆ ئەم یاریبەش هەریەک لە هەرمان سالح و عەبدوللا مەحمودی ڕاهێنەر پلانی تۆکمەیان داناوە بۆ ئەوەی سێ خاڵی یاریبەکە دەستەبەر بکەن و ئامادەکاری پێویستیان کردووە، بڕیارە تیش لەسەر یاریگای خۆی میوانداری یانەی دهۆک دەکات ئەم یاریبە بڕیاریە تی ئەرکی قورسە چونکە بەبێ هاندەرانی ئەم یاریبە ئەنجام دەدات، دەربەندیخانیش لەوپەری بەهێزدایە لەم قۆناخە و یاری بۆ یاری ئاستی باشتر دەبێت بۆیە لەم یاریبەش پلانی سێ خاڵی یاریبەکەیان کردۆتە ئامانج، فاتیح حەمەخانیش دەیەوێت بڕیارە تی بگەڕێنتەوە ڕێچکەی جارانی،یانەی زاخۆش لەسەر یاریگای خۆی میوانداری نەورۆز دەکات، ئەم یاریبەش بۆ هەردوو یانە زەحمەتە بۆ ئەوەی بتوانن سێ خاڵی یاریبەکە بەدەست بهێنن، نەورۆز بۆ گەیشتن بە پێشەنگ هاتۆتە زاخۆ و دەیەوێ بە سێ خاڵ بگەڕێتەوە سلێمانی، زاخۆش نایەوێ لەسەر یاریگای خۆی بەدەستی بەتاڵ بێتە دەرەوە، پێشمەرگەی سلێمانیش لە شاری سلێمانی میوانداری یانەی زێرەڤانی دەکات، پێشمەرگە دەیەوێت لەسەر دەستی ڕاهێنەرە تازەکەی یەکەم سێ خاڵ بەدەست بهێنێت، زێرەڤانیش بۆ قەربووکردنەوەی شکستی هەفتەی ڕابردوو هاتۆتە شاری سلێمانی،گۆڵکاری خولەکەش تاکو ئەم هەفتەیە دیار عەلی یاریزانی یانەی نەورۆزە بە تۆمارکردنی 12گۆڵ لە پێشەنگی گۆڵکاران دێت، سەرجەم یاریەکانیش لە کاتژمێر 2,45دوای نیوەڕۆ بەڕێوەدەچێت.

1-پێشمەرگەی هەولێر33خاڵ
2-نەورۆز 30خاڵ
3-ئارارات 30خاڵ
4-دەربەندیخان25خاڵ
5-زێرەڤانی 25خاڵ
6-دهۆک24خاڵ



لە زانکۆی کۆیە خولێکی شەترەنج سەرکەوتووانە بەڕێوەچوو

کۆیە: جاکوب حەبیب

لە زانکۆی کۆیە و بەشداری 48 یاریزانی کوڕ و کچ، خولێکی شەترەنج لە شاری کۆیە بەسەرکەوتوویی بەڕێوەچوو. بە ئامادەبوونی پرۆفیسۆری یاریدەدەر د. وەلی مەحمود سەرۆکی زانکۆی کۆیە و ژمارەیەک مامۆستا و بەرپرسی بەشەکان، زانکۆی کۆیە یەهەماهەنگی لەگەڵ یانەی شەترەنجی خانزاد، خولێی شەترەنج بۆ قوتابیانی کچ و کوڕی ئەو زانکۆیە کرایەوە، دوای رکابەری و بەڕێوەچوونی پێنج ڕاوند کە بە سیستمی سویسری یاریبەکان بەڕێوەبردران، ئەنجامەکە بەمشێوەی خوارەوە بوو:

محەمەد حەکیم پلەی یەکەم 5خاڵ، موعتەسەم موئەیەد پلەی دووەم 4خاڵ، کاروان باوەدین پلەی سییەم 4خاڵ، لە کۆتاییشدا دیاری و خەڵات و بڕوانامەی بەشداربوون پێشکەش بە براوە و ئامادەبووان کرا.

ئەمڕۆ بڕیاری کۆتایی لەسەر ڕامۆس دەدرێت



یەکێتی تۆپی پێی ئەوروپا (یویفا) ڕایگەیاند کە لێکۆڵینەوەیەکی تەمبێکردنی سەبارەت بە ڕووداوەکەی بەرگریکاری ئیسپانی سێرگیۆ ڕامۆس لەیانەی ڕیال مەدرید دەستپێکردووە، بەهۆی ئەو کارتە زەردەی کە لەیاری ئەیاکس ئەمستردام لە یاری چوونی قۆناغی 16ی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا وەریگرت. ڕامۆس کارتە زەردەکەی لە خولەکی 88ی یاریبەکە پێدرا، بەمەش دووپاتکرایەوە کە بەشداری یاری گەڕانەوەی لەسەر یاریگای سانتیاگۆ برنابیۆ ناکات، بەهۆی کەڵەکەبوونی کارتە زەردەکانی، بەمەش بەلیستێکی خاوێن خۆی بۆ قۆناغی 8ئامادە دەبێت. لێدوانەکانی ڕامۆس لەدوای کۆتایی هاتنی یاریبەکە سەبارەت بەرووداوەکەی وەرگرتنی کارتە زەردەکەی، لەبەردەم یەکێتی تۆپی پێی ئەوروپا دانی بەوە نا کە بەئانقەست وەریگرتووە، هەر لەدوای کۆتایی هاتنی یاریبەکە ڕامۆس گوتی: بەچاوپۆشکی لە ئەنجامی یاریبەکە، ئەوا درۆ دەکەم ئەگەر بڵێم بە ئانقەست کارتەکەم وەرنەگرت، من لە توانای ڕکابەرەکەمان کەم ناکەمەوە، بەڵام لەتۆپی پێ دەبێت هەندێک جار بڕیاری زەحمەت بدەیت، منیش ئەم بڕیارەم دا، ڕۆژنامەی ئاسی ئیسپانی ڕوونیکردەوە کە لەدوای لێکۆڵینەوە لەلایەن چاودێرانی یویفا، پاشان دەستیان بە لێپرسینەوەی تەمبێکردن کراوە سەبارەت بەو تاوانەی ئاراستەی یاریزانی ڕیال مەدریدی سێرگیۆ ڕامۆس کراوە، بەهۆی وەرگرتنی کارتە زەردە بە ئانقەستەکەی بەرامبەر ئەیاکس. ئاماژە بەوەشکرا کە کێشەی ڕامۆس لەلایەن یەکێتی ڕێکخستن و ڕەوشت و تەمبێکردنی یەکێتی ئەوروپا، ئەمڕۆ بڕیاری کۆتای سەبارەت بەو ڕووداوە دەدرێت، بەمەش ڕامۆس هەڕەشەی یاری نەکردنی لە قۆناغی 8لەسەرە، ئەگەر بێت و بگاتە ئەو قۆناغە، ئەگەر بێت و لەلایەن یەکێتی ناوبراو بەفەرمی تاوانبار بکرێت.

سۆران زاهیر ڕاهێنەری پلەیەکی کاراتێی کوردستان و عێراق لە کوردستان و عێراقیشدا وەکو پێویست هاوکاری وەرزشی کاراتێ ناکرێت

خەبات: عەلی بانیشاری

سۆران زاهیر، ماوەی 19 ساڵە بە فەرمی ڕاهێنەری پلەیەکی کاراتێی کوردستان و عێراقە، لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ(خەبات) دەڵێ: ئاستی وەرزشی کاراتێ لە باشووری کوردستان بەردەوپێشچووە و ئەگەر هاوکاری وەرزشەوانان بکرێت و کەسانی بەتوانا سەرپەرشتی یاریزانانی کاراتێ بکەن لە ماوەی چەند ساڵێکدا باشترین تیپ و هەڵبژاردەی کاراتێ لە کوردستان دروست دەبێت و لەسەر ئاستی جیهانیش ئەنجامێکی زۆر باش بەدەستدێنن.

سۆران زاهیر دەڵێت: هاوکارییەکانی وەرزشی کاراتێ وەکو پێویستدا نین و ئەو هاوکارانەشی کە هەیە لەسەر ئاستی کەسی و حیزبین و سەرپەرشتیارانەی تیپە وەرزشییەکان ناچاران پەنا بۆ زۆر ڕێگا ببەن تا کێشە داراییەکان چارەسەر بکەن. دەشڵێت: تەنها یانەکان لایەنی دارایین کەمێک باشە، ئەوەیش لەلایەن حکوومەتەوە مانگانە هاوکاری دەکرێن. ئەو ڕاهێنەرە داواکارە کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان لە بری حکوومەت هاوکاری تیپەکانی کاراتێ بکەن. باس لەوەشدەکات بەشێک لە تیپەکانی کاراتێ کێشەی نەبوونی هۆڵیان هەیە و لە ڕووەیشەوە حکوومەت نەیتوانیوە لە ئاست داخوازییەکانی وەرزشەواناندا بێت. ئەوەشی گوت: هەموو تیپێک پێویستی بە هۆڵی گونجاو هەیە و بێ هۆڵ هیچ شتێک ناکرێت.

سەبارەت بە ئاستی یاریزانانی کاراتێ لە چاو یاریزانانی وڵاتانی دەرەوە؟ سۆران زاهیر گوتی: کوردستان یاریزانی زۆر بەتوانای هەیە و زۆربەی ئەو یاریزانانەی کاراتێش کە بەشداری پاڵەوانییەتی نێودەوڵەتیان کردووە بە ئەنجامێکی باشەوە گەڕاونەتەوە. ئەو نیگەرانە لەوەی تائێستا یانەکانی کاراتێ لە چوارچێوەی عێراقدا بەشداری پاڵەوانیەتیەکان دەکەن و دەڵێ: بەداخەوە لەبەرئەوەی تائێستا خاوەنی دەوڵەتی خۆمان نین، کاتێک لە پاڵەوانیەتیەکاندا یاریزانەکانی کورد براوەش دەبن، بەڵام هەر بەناوی عێراقەوە ناویان دەهێنرێت.

سۆران زاهیر کە خاوەنی دیپلۆمی ڕێزلێنانە گوتیشی: ڕۆژ بە ڕۆژ ژمارەی ئەو کەسانەی دەست بە وەرزشی کاراتێ دەکەن زیاد دەبن. ئەوەیش دەهێنێتەوە لە چەند ساڵی ڕابردوودا نزیکەی 30یاریزانی کاراتێی هەبووە، بەڵام ئەمساڵ نزیکەی 150 یاریزانی لە شارۆچکەی خورمالی سەر بە پارێزگای هەڵەبجە هەیە.



هەر یاریزانێکی کورد بەشداری پاڵەوانییەتی نێودەوڵەتی کردبێت بە ئەنجامێکی باش گەڕاوەتەوە

تازەترین دیمانەی مۆرینهۆ لەگەڵ Telegraph

مۆرینهۆ: یەکەمجارە لەماوەی 18مانگدا بێ دەسکەوت بم، بەڵام راهێنەر هەیە 18ساڵە بێ دەسکەوتە



NEWS ESCLUSIVE MERCATO FOCUS VIDEO JOHNNYBET MAGLIE SCRIVI PER NOI REDAZIONE PUBBLICITÀ

25 febbraio 2019 - 23:16

Mourinho: "Per la prima volta non ho vinto nessun trofeo in 18 mesi, alcuni non ne vincono uno in 18 anni. All'Inter ho trovato un ambiente perfetto"

Il tecnico portoghese ha rilasciato una lunga intervista esclusiva al Telegraph

di Luca Tagliabue

I PIÙ RECENTI

وەرگێڕانی: هاوار موڕتکەیی

مۆرینهۆ دوای دەست لەکارکێشانەوەی ئەرکی راهێنەرایەتی یانەی مانچستەر یونایتد، دیمانەیەکی تایبەتی لەگەڵ ڕۆژنامەی تیلیگراف ئەنجامداوە، تیایدا وەک کاری هەمیشەیی چەند پرسیکی وروژاندووە و توانجی ئاراستەی ئەم و ئەو کردووە بێ ئەوەی ناویان ببات، هەروەها لەو دیمانەیەیدا باس لە ئەرکی داهاتوویدا دەکات کە ئەرکی راهێنەرایەتی چ یانەیەک وەردەگرێت و بۆ ئەمەش مەرجی خۆی هەیە.


لە سەرەتاد خۆزی مۆرینهۆ گوتی: خەڵکێک دەڵێن تۆ زۆر شت لە دۆڕان فێر دەبیت، ڕەنگە تا ئاستێک ئەمە ڕاست بێت، هەستدەکەم چینگەی سروشتی من لەگەڵ سەرکەوتنە، ئەمە یەکەمینجارە لە کاروانی وەرزشیم لەماوەی 18 مانگدا هیچ نازناوێکم نەبردبێتەوە، 18مانگە مانگە هیچ خەڵاتێکم نەبردۆتەوە، بەڵام پێویستە ئەوەش بڵێین کەسانێک هەن کە 18ساڵە هیچیان نەبردۆتەوە، ئێستا کاتم هەیە بۆ بیرکردنەوە، بەڵێ بیرکردنەوە، هەوڵەدەم لەهەموو شتێک تێبگەم، بۆ ئەوەی باشترین ئاماەباشیم بۆ داهاتوویەکی نزیک هەبێت، من دەزانم ئەمە دێت، بەڵام هێشتا نەگەیشتووە چونکە من نەمویستووە.

هاوسۆزی لەگەڵ هەیکەلی یانە پێویستە

هەروەها مۆرینهۆ زیاتر گوتی: داواکاریم زۆر پێشکەشکراوە، بەڵام ڕەتم کردونەتەوە، دەمەوێ لەگەڵ یانەیەک کاربکەم کە لەوە بگات کە بونیە شوێنی هەیە، نامەوێ لە لە بونیەیەکدا کار بکەم کە بیرکردنەوەی تێدا جێبەجێ نەکرێت، هەندێک جار خەڵک دەڵێن بەڕێوەبەر حەزناکات لەگەڵ بەڕێوەبەری وەرزش کاربکات، یان ئەو ڕاهێنەرە حەزناکات لەگەڵ ئەو خاوەن یانەیەدا کار بکات، ئەو ڕاهێنەرە ئەو سەرۆکەی خۆش ناوێ، من لەکاروانی پیشەیی خۆمدا لە هەموو بارودۆخێکدا کارم کردووە، ئەو سەرکەوتنانە بۆ بونیە ناگەڕێتەوە، بەڵکو هاوسۆزی لەگەڵ بونیەکە دەگەڕێتەوە، ئەو خەڵکانەی بەیەکەوە بەباشی کاردەکەن و بیرکردنەوەی هاوبەشیان هەیە، ئەوە شتێکی سەرەکییە، بێنە بەرچاوت تۆ نەوەیەک لە یاریزانانت هەیە، کە بەتەنها یاریزان نییە، بەڵکو خێزان، سەرۆک شاند، بەڕێوەبەری گەیاندن، بریکار، زۆرجاریش دەستەی پزیشکی تیپ، واتە تۆ کە یاریزانێکت هەیە بزانە کە هەموو ئەمانەش هەن، بۆیە بریارەکان وەک پێویست نابن و پەرتەوازەیی دێتە ئاراوە، ئەگەر هاوسۆزی لەگەڵ هەیکەلی یانەکە نەبێت، ئەوا کەموکوڕی زۆر دێنە ئاراوە.

لەم کاتەدا ئینتەرمیلان لە ناخی مۆرینهۆوە نزیکە

لە کۆتاییدا مۆرینهۆ لەم دیمانەیە تایبەتەدا سەبارەت بە وەرگرتنی ئەرکی تازەی گوتی: تا ئێستا ئەو یانەیە نییە ڕاوی بکەین کە ئەنجام و بردنەوە بەدەست بهێنێت، من بەبێ هیچ تەماحێک ناچمە هیچ یانەیەک، داواکاری لەوشێوەیەی باسم کرد هەبوون، بەڵام ڕەتم کردونەتەوە، دەمەوێ لەگەڵ کەسێکدا کاربکەم ئەو کەسەیان خوش بوێ، حەزدەکەم لەگەڵ کەسانێک کاربکەم کە بیرکردنەوەم لەگەڵ ئالوگۆڕ بکەن، نامەوێ هەمیشە لە دژی یەک بوەستینەوە، ئەو یانەیەی کە ئەمڕۆکە ئەو سیفاتانەشی تیدابێت ئەوە یانەی ئینتەر میلانە.



تۆ تەنها یاریزانت نییە، سەرۆک شاند و بریکار و زۆرجاریش دەستەی پزیشکیشت هەیە، جا وەرە ئەو هەمووە لەتۆ تێبگەن

ڕۆدگێرز

بووە ڕاهێنەری لیستەر

ئیدارەی یانەی لیستەر سیتی ئینگلیزی بڵاویکردەوە کە بڕندی ڕاهێنەر برندان ڕۆدگێرزی بڵاوکردەوە کە شوێنی ڕاهێنەری دوورخراوە کلۆد بۆیلی گرتەوە، کە بەهۆی ئەنجامە خراپەکانی ئەم دواییە دوورخراوە. ئیدارەی تیپی ئینگلیزی لەسەر لاپەڕەی خۆی لە مالپەڕی کۆمەڵایەتی تویتەر بڵاویکردەوە، کە لەواژۆکردنی بڕندی ڕاهێنەر ڕۆدگرێز بڕماوەی 3وەرز و نیو واتا تا ساڵی 2022سەرکەوتوو بوونە. ڕۆگرێزیش لەلایەن خۆیەوە دڵخۆشی خۆی بەواژۆکردنی بڕندی لیستەر سیتی دەربڕی و هیواخواست بتوانێت بیانگێڕێتە سەر ڕێچکەی سەرکەوتنەکانیان و ڕەوشی ئاستی یاریزانان بەرەو پێش ببات‌ەوە ڕیزبەندی یانەکەش لەخولی پرەمەرلیگ باشتر بکات.



پاڤارد:

یانە پاڵەوانەکان خەونی منداڵیم بوو

بنیامین پاڤاردی فەرەنسی، بەرگریکاری یانەی شتوتگارتی ئەڵمانی، نهێنی چوونی بۆ ریزەکانی بایرن میونخ ئاشکرا کرد. باڤارد لە میانی لێدوانی بۆ ڕادیۆی مۆنتی کارلۆی فەرەنسی وتی:"سەبارەت بە خۆم، بایرن میونخ ڕەت ناکرێتەوە، چونکەباشترین یانەی ئەڵمانیا و یەکێ لە باشترین یانەکانی جیهانە، ئەگەر لە هەمووان باشتر نەبێت". هەورەها وتی:"بریکارەکەم پێی وتم، بایرن میونخ منی دەوێت، پێم وت باشە و نامەوێت گوێم لە هیچ شتێکی دیکە بێت، چونکە دەمزانی ئەو شوێنە بۆ من باشترینە، پێشتر لیزارازۆ و ویلی سانیۆلیش هەمان شتیان کردووە". وتیشی:"قەت خۆم لە دەرەوەی ئەڵمانیا نەبینیووە، حەزم لە کولتووری ئەڵمانیا، یاریگە و هاندەرانیەتی، لەهەمان کاتدا شوێنەکە بۆ خۆم و خانەوادەکەشم گونجاوە". ئەوەشی وت:"خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا، خەونی هەموو یاریزانێکە، خەونی منداڵی منیش بوو، لەوانەیە بگریم کاتێک گوێم لە موزیکی خولەکە دەبێت، بەڵام ئەوەیان هێشتا ڕووی نەداوە، هێشتا وەرزێکم لەگەڵ شتوتگارت ماوە". باڤارد لە دریژەی لێدوانەکانیدا وتی:"هەندێ جەماوەری شتوتگارت بە چوونم بۆ بایرن میونخ دڵخۆش نین، چونکە تیپێکی ڕکابەرە. یاریزانی شتوتگارت دەتوانێت بچێتە هەموو یانەیەک، تەنیا بایرن نەبێت". دوا شت وتی:"بەڵام پێم وایە ئەوان لە هەستم تێدەگەن و دەزانن، من ئێستا تەنیا بیر لە تیپەکەم دەکەمەوە". شیاوی باسکردنە، باڤاردی خاوەن جوانترین گۆڵ لە مۆندیالی ڕووسیا، لە سەرەتای وەرزی داهاتووەوە دەچێتە یانەکەی باڤاریا.

ڕەمزی مەڕەکانی

مان سیتی ئەستێرەیەکی دەپاریزێت

یانەی مان سیتی ئینگلیزی لەهەینی ڕابردوو ڕایگەیاند کە بۆندی بەرگریکارەکەی تا ساڵی 2025تازە بکاتەوە. مالپەڕی فەرمی مان سیتی ئاماژەی بەوەکرد کە بەرگریکاری فەرەنسی ئیمیریک لاپۆرتی زۆر بەخێرایی تواناکانی خۆی لەگەڵ تیپەکەی سەلماند، دوانی ئەوەی لە کانوونی دووەمی 2018پەیوەندی پێوەکردن، بۆیە یانەکەش بەخێرایی بۆندەکەیان تا ساڵی 2025بۆ درێژکردەوە. لاپۆرتی لەدوای نوێکردنەوەی بۆندەکەی گوتی: زۆر دڵخۆشم بە پەیوەندی داهاتووم لەگەڵ مان سیتی، کە پەیوەندییەکی درێژ خایەن دەبێت، هەروەها هەست بە ئارامی دەکەم لێرە، یانەکەم هەموو ئاسانکارییەک بۆ بەرزکردەوەی ئاستم پێشکەشی کردووم، ئارەزوو دەکەم بەردەوام بم بۆ ئەوەی باشتر بم، چیک بیگریستین بەڕێوەبەری وەرزشی مان ستی، گوتی: لاپۆرتی لاوێکی گەورەو بەتوانایە، سالانی باشتر چاوەڕێی دەکەن، دەمانەوێت نەوەیەکی لاو بەرهەم بهێنین، ئیمریکیش گوجاوە لەگەڵ نەخشەکانمان، هەروەها شێوازی یاریکردنیشی هاوشانی مان سیتییە.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Thu, 28. Feb. 2019 No: (5704)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر



ساسان دەروێش – هۆڵەندا:
لیژنەی ناوچەی هۆڵەندای پارتی دیموکراتی کوردستان، بۆ بەرز ڕاگرتنی خەبات و تێکۆشانی زیاتر لە نیو سەدەی باوکی ڕۆحی نەتەوەیی کورد مستەفا بارزانی نەمر، بەئامادەبوونی ڕەوندی کوردستانی کۆڕو سیمینار سازدەکات. ئەمسااڵیش بۆ هەمان مەبەست لە شاری ئەملیرە بەو بۆنەیە ڕەوندی کوردستانیان ئاگادار دەکاتەوە بۆ بەشداربوونیان کە تیایدا کۆمەڵێک باسوخواس لەسەر بارزانی دەکرێ لەلایەن کەسایەتی پسپۆڕ و شارەزا و تیایدا پەرتووکی کەسایەتی مستەفا بارزانی لەهزری ڕووناکبیرانی شاری سلێمانی دەناسێنرێ و دیزاینی هەموو پۆستەرەکانیش لەلایەن دیندار کۆچەر ئەنجام دراوە بۆ هۆڵەکە، بەم ناونیشانەی خوارەوە.
ڕۆژی شەممە بەروارى 2/3/2019 لە کاتژمێر 12ی نیوەڕۆ، پێشوازی لە میوانانی خۆشەویست ئەکرێت و پڕۆگرامی کۆڕەکەش لە 1ی دوای نیوەڕۆ تا 3:30 ئێوارە دەبێت.

Sumatraweg 22
1335 JM Almere

ئامادەبوونتان نیشانەی وەفاداریتانە..

پێشانگای شێوەکاری مامۆستایانی پەروەردەکانی هەرێم بەرێوەچوو

111 تابلۆ لەشارەکانی کوردستانەوە هاتنە پایتەخت



کارزان کانەبی
لە هۆڵی میدیا لە پایتەختی کوردستان بە ئامادەبوونی ژمارەیەک لە بەرپرسانی حزبی و حکومی بەرێوەبەرایەتی چالاکی هونەر لە بەرێوەبەرایەتی گشتی چالاکییەکانی وەرزش و هونەر هەڵسا بە ئەنجامدانی پێشانگای شێوەکاری مامۆستایانی پەروەردەی پارێزگاکانی هەرێم بەرێوەچوو، کە لەم پێشانگایە 111تابلۆی دەستی مامۆستایانی پەروەردەکانی هەرێمی کوردستان بەشداریان کردبوو بە دروست کردنی تابلۆی جۆراوجۆر، لەبەشێکی تری پێشانگاکەش کۆڕی شیعر خوێندنەوەی مامۆستایانی پەروەردە بەشداربووکان بوو لە هەر پەروەردەیەکی گشتی سەر ئاستی هەرێمی کوردستان دوو مامۆستا هەڵسان بە خوێندنەوەی شیعر، دواتریش خەڵاتی ڕێزلێنان بەسەر مامۆستایانی هونەری لە پەروەردەی قەزاکان دابەشکرا.

هەوادارانی کامەران عومەر دوای ساڵانێک لەچاوەڕانی، چاوەڕێی چی دەکەن؟


ترانا زرار
دوای چاوەڕوانییەکی زۆر و داواکاری هەوادارانی هونەرمەندی گۆرانیبێژ کامەران عومەر ، لەگەڵ هونەرمەند سامان عومەر کۆنسێرتێکی گۆرانی میوزیک ئەنجامدەدات.
ئەم کۆنسێرتەی هونەرمەند کامەران عومەر دەبێتە سێیەم کۆنسێرت لەژیانی هونەریدا ئەنجامی دەدات.
کامەران عومەر لەدایکبووی ساڵی 1975ی چوارتایە، لەنێوەڕاستی ساڵانی هەشتاکان دەستی کردووە بەکاری هونەری و لەوساوە لەگۆڕەپانی هونەر و میوزیک تا هەنوکە بەردەوامە بە گۆرانی بێژی عاشقان ناوبانگی دەرکردووە و زۆربەی زۆری بەرهەمەکانی باس لەعەشق و دابڕان و موعاناتی ژیانی خۆی دەکات.



کامەران عومەر یەکەم کۆنسێرتی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1989 کە لەگەڵ گەورە هونەرمەندی عێراقی کازم ساهیر لە شاری سلێمانی ئەنجامیدا.
وەک خۆی لە زۆربەی چاوپێکەوتنەکانیشدا ئاماژەی بەوەکردووە کازم ساهر لە سەرەتای دەرکەوتنیدابوو ئەو کات کۆنسێرتی لە بەشێک لە شارەکانی عێراق ئەنجامدەدات، ئەو کاتیش کە ویستوویەتی لەشاری سلێمانی کۆنسێرت بکات پرسیاری ئەوەی کردووە کام هونەرمەند بەناوبانگە بۆ زیاتر ناساندنی خۆی کۆنسێرت لەگەڵ ئەو ئەنجام بدات.
دووەمین کۆنسێرتیشی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1997کە لەشاری سلێمانی ئەنجامیدا.
لەساوە کامەران عومەر هیچ کۆنسێرتێکی دیکەی ئەنجام نەداوە سەرباری ئەوەی هەمیشە لەلایەن هەوادارانییەوە داوای لێکراوە.

ئەمسااڵ شاجوانی کوردستان سەرۆکی دیدارەکە دەبێت

لە ڕۆژی جیهانیی ئافرەتاندا، دیدارێکی نێودەوڵەتی سینەما ساز دەکرێت



خەبات–سەنگەر حوسێن:
لەناوەراستی مانگی داهاتوو، سێیەمین خولی دیداری نێودەوڵەتی (سینەما لە نیگای ئافرەت دا) هاوکات لەگەڵ ڕۆژی جیهانیی ئافرەتان ساز دەکرێت. ئەم دیدارە تایبەتە بەو فیلمانەی بابەتی جۆراو جۆر لە خۆ دەگرن و ڕوانین و دیدگای ئافرەت سەبارەت بەژیان پیشان دەدەن، کە دەبێت دەرهێنەر یان چیرۆکنووس یان سیناریۆنووسی یان وێنەگرەکەی ئافرەت بن، سەرۆک و بەڕێوەبەر و لیژنەی دادوەرانی دیدارەکەش ئافرەت دەبن، هەروەها میوانەکانی دیدارەکەش ئافرەت دەبن. جێی باسە، دیدارەکە لە سینەما ئیمپایەری فاملی مۆل لە هەولێر بەڕێوە دەچێت و ماوەی (3) ڕۆژ دەخایەنێت. بەڕێوەبەری پەیوەندییەکانی دیدارەکە «نادیە عومەر» بە (خەبات)ی ڕاگەیاند: دیداری نێودەوڵەتی (سینەما لە نیگای ئافرەت دا) ساڵانە بەبۆنەی (8) ی مارس لەناوەراستی مانگی ئادار ئەنجام دەدرێت، لە خولی سێیەمی ئەمسااڵ شاجوانی کوردستان بۆ ساڵی ٢٠١٩ سەرۆکی دیدارەکەیە، هاوکات هونەرمەند (نەرمین کاوانی) سەرۆکی لیژنەی دادوەرانە، هەروەها تازەترین دوو فیلمی دەرهێنەران (کاردینیای سپی) و (دەوەن نەوزاد) بەشدار دەبێت. گوتیشی: فیلمەکان ژمارەیان (16) فیلم دەبن کە بەشدارن لە کوردستان و عێراق و وڵاتانی عەرەبی و بەریتانیان، خەڵاتی سەرکەوتن بەسەر (5) خانە سینەماکار دابەش دەکرێت، وابڕیاریشە نزیکەی (100) خانە هونەرمەندی شارەکانی کوردستان و پارێزگاکانی عێراق میواندارى دیدارەکە بکەین.
ئاماژەی بەوەشدا لە دیدارەکە پێشانگایەکی فۆتۆ بۆ چەند خانەیە هونەرمەندێک دەکرێتەوە، لەگەڵ چەندین بڕگەی تر وەک گەشتێک بۆ پشتگیری لە ژینگە و کەرتی گەشتیاری، لەگەڵ ماراسۆنێکی ڕاکردن و وەرزشی بۆ تێکڕای ئامادەبووان لە (پارکی سامی عەبدولڕەحمان)، لە کۆتاییشدا دیدارەکە بە ئاهەنگ و گۆرانیی و میوزیک کۆتایی دێت.

